یاسین ڕەسول عوسمان

ئاوازی مەرگ

سەمای هەڵەبجەییەک لە گەڵ بۆنی سێودا

The Tone of Death

حەکیم مەلا سالح

پێشەکی بۆ نووسیوە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

یاسین ڕەسول عوسمان

ئاوازی مەرگ

سەمای هەڵەبجەییەک لەگەڵ بۆنی سێودا

داهاتی ئەم کتێبە دەبەخشرێت بە
سەنتەری هەڵەبجە بۆمندالّی خاوەن پێداویستی تایبەت

ناوی کتێب: ئاوازی مەرگ
بابەت: بیرەوەری
نووسینی: یاسین ڕەسول عوسمان
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٨

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١١٩٨)ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە
لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە و مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

((خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێک ناگۆڕێت
تا خۆیان گۆڕانکاری بەسەرخۆیاندا نەهێنن))

ئایەتی ١١ سورەتی ڕەعد

سەماکردنم دامەنێن بەشادی نێوانتان
مەلی سەربڕاو لەتاو ئازار سەما دەکا

موتەنەببی

سوپاس و پێزانینی تایبەت:

- ڕێز و سوپاسی تایبەتم بۆ مامەی بەڕێزم مامۆستا صادق شێخ عوسمان سازانی کە بەپێداچونەوەی بەردەوام زۆرخۆی ماندو کرد و بەسەرنج و تێبینیەکانی کتێبەکەی دەوڵەمەندتر کرد.
- ڕێز و سوپاسی تایبەتم بۆ بەڕێز مامۆستا حەکیم مەلاصاڵح کە درێغی نەکرد لە بەخشینی تێبینی و بەپێشەکی نوسین کتێبەکەی نرخاند.

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

- هاوسەری خۆشەویستم، ژەنیاری بەختەوەری و پشتیوانیم.
- جگەرگۆشەکانم بۆ متمانەبون بەخودا و پەندوەرگرتن و پشت بەخۆبەستن.
- خوشک و براکانم کە وێڕای نەهامەتیەکان هەریەکەیان مرۆڤێکی سەرکەوتوون

پێڕست

پێشەکی :..... ١١
وتەی دەستپێک..... ١٤

پێش کارەساتی هەڵەبجە :

- جیۆپۆلەتیکی هەڵەبجە..... ٢١
- کورتەیەکی مێژوویی..... ٢٤
- حزبەکان و باری سیاسی و کۆمەلایەتی پێش کیمیایی باران..... ٥٧
- روداوەکانی پێش کیمیایی باران ٦٥

لە هەڵەبجە:

- ١٩٨٨ ساڵی خەم و تازیەباری، ساڵی مۆتەکە..... ٧٨
- ئامادەکارییەکانی هێزە کوردیەکان و ئێران بۆ کارەساتەکە..... ٨٠
- دەستپێکی هێرش..... ٩٥
- چوارشەممەی خوێناوی..... ١٠٣
- کۆچ بۆ ئێران..... ١١٨
- ئۆردوگاکانی هەڵەبجەییەکان لە ئێران..... ١٢٦

پاش کارەساتی هەڵەبجە :

- گەڕانەوە بۆ عێراق و بڕیاری ٧٣٦-٧٣٧..... ١٤٨
- گوڵە ژاکاوەکانی بۆنی ڕەیحانە..... ١٥٣
- گردەچاڵ ! برا دۆزەخی بڕینی هەڵەبجەییەکان..... ١٦١
- گەڕانەوە بۆ سلێمانی..... ١٧٨
- پاشکۆکان ١٩٣

پێشەکی

بەپێنوسی :حەکیم مەلا سالّح

زۆر شاد بووم بەوەی کەنووسەری ئەم کتێبە نووسینەکەی دایە لام و گەورەی کردم کە چاوێکی پێدا بخشێنم. لە هەڵسەنگاندنیدا پێویستە بڵێم کە ئەم نووسەرە لە ئامێزی بنەماڵەیەکدا چاوی بەژیاندا هەڵهێناوە کە پشتاوپشت تا دەگەنەوە سەر (بولبول) ی شاعیر و هاوڕێ ی دڵسۆزی (مەولەوی تاوگۆزی) خوێندەواری هونەری نووسینیان لێ نەبڕاوە، هەر بۆیە ئەم بەچکە سۆنەیەش بەئاسانی مەلەی لەناو سەرچاوگەی نووسیندا کردووە و ئەم بەرهەمە جوانەی دەخاتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.

هەڵسەنگاندنم بۆ ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە:

یەکەم: چەند سالّێک بەوردی مێژوویەک دەگێڕێتەوە کە دارماڵە لە کارەساتی جەرگبڕ و لێوانلێوە لە هەست و سۆز، لە نزیک بوونەوە لە ئاقاری مەرگ، لە سەیر کردنی بەشێکی تاڕادەیەک زۆر لە ململانێ و بێنەو بەردە و گرفتە ناهەمواڕەکانی ژیان، لە زۆر بە سووک سەیر کردنی مرۆڤگەلێک کە تەنیا و تەنیا تاوانیان ئەوەبووە کە خوا بەکوردی خولقاندونی و سەر زەمینەکەشی ناو ناون کوردستان.

دووەم: زمانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان سەردی سارد نیە و بە پێچەوانەوە خوێنەر لەگەڵ خەم و ژاندا چێژ لەداڕشتنی وەردەگرێ. زمانێکە کە گێڕانەوەی کۆمەڵێ ڕووداو و بەسەرهاتە کە وەک حیکایەتی گوێ ئاگردان نەهاتۆتە گۆ، بەڵکو زمانی تەڕ پۆش و پاراوە و دەست لە ملانکردنی وشەکان هونەریان لێدەبارێ. لە خوێندنەوەی گەلێ بیرەوەری دیکەدا جگە لەکاک (نەوشیروان) ی سەرکردە کە زمانی گێڕانەوەی زۆر تۆکمە و پەرداخە و چێژ دەخشێ و بیرەوەریەکانی (مامۆستا پشکۆ) و (هەڤاڵ کوێستانی) کە بەرگی لیریکییەتیان بڕیوە بە باڵای ڕوداوەکاندا، ئیتر ئەوانی دیکە کە خوێندومنەتەوە سادە بێژین و لە ڕووی هونەری داڕشتنەوە زەوق و شەوق نابەخشن بە خوێنەر.

سێیەم: ئەوە هونەری دەربڕینە کە وا لە خوێنەر بکات لەناو نەهامەتی و گێرمە و کێشەکاندا بژی و هەست بەوە بکات کە هەنگاو لە دوای هەنگاو لەگەڵ نووسەردا بەشدار بووە.دیارە ئەمەش (سیحری بەیان)ە کە پرشنگی بە لێڵیەکان بەخشیوە، کە ڕەقەڵەکانی نەرم نەرم کردۆتەوە، کە لەگەڵ خەم و خەفەت بەخشینی ڕووداوەکاندا شادیش بخزێتە هەناویەوە.

چوارەم: گێڕانەوە کە هەر لەدەست پێکیەوە تاکو دوا دێڕەکانی کۆتایی کتێبەکە بە چەشنێ چنراوە کە دراما نووسێک دەتوانێ بە ئاسانی بیکاتە درامایەکی دڵگیر و سەرنجڕاکێش.

پێنجەم: بە گشتی ئەم بەرهەمە لەناواخنیدا گۆشەیەک لە مێژووی ژیانی پڕ لە ژان و کەسەری هەڵگرتووە کە کەسانی مێژوو نووس دەتوانن سوودی لێوەربگرن، چونکە (سااڵ، ڕۆژ، شوێن، کەسانی دەسەاڵتداری فارس و عەرەب و بەڵگەنامەی پێویستی تێدایە).

لەکۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم کە لە مێژوویەکی دردێژخایەندا بۆ بەدەس هێنانی ئازادی سەدان کارەساتی سەخت بۆتە چارەنووسمان و تا ئێستەش لە ڕێماندایە. بۆیە هەموو هاتووینەتە سەر ئەوەی کاالیەک بە باڵای (ئازادی) ببڕین. وامان لێهاتووە بە بانگەوازی گەرم بێژین :

جوگرافیای ئەم کوردستانە

پان و بۆڕە

هەر ئەوەندەی ماچێکی لێوت دڵگیرە،

ئەی کیژە چاو کەژاڵەکەی

گەردن بەرزی،

سیما خرپەنی...ئازادی.

٢٠١٨/٣/١

هەڵەبجە

وتەی دەستپێک:

زۆرجار خامەم دەگرت بەدەستەوە و دەمویست شتێک بە قەبارەی کتێبێک بنوسم لەسەر کارەساتی نەتەوەیی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەموو جارێک دەستم لەگۆ دەکەوت و هەڵوەستەم دەکرد و هیچم بۆ نەدەنوسرا، ناخ دەهاتە گۆ و ئیستی پێدەکردم، بوەستە تۆ لەبەردەم بالای هەڵەبجە و لەبەردەم کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەییت، هەرشتێک بنوسیت دەبێت لەئاست گەورەیی کارەسات و تراژیدیاکەدا بێت، خامەت لەم بوارەدا کۆڵە و قامکت شیرییە و جارێ ناتوانیت دەست بۆ ئەو بابەتە ببەیت، پاشان بەخۆمم دەگوت، گەر تەواوی کارەساتەکانی مێژوی نەتەوەکەمان بەناتەواوی و کرچوکاڵیش بنوسرایەتەوە ئێمە هێندە هەژار نەدەبوین، بۆیە هەرچەندە نوسینەکەم لەئاست بەرزیی بالای مەرگەساتەکەشدا نەبێت نوسینی باشترە، وەک دۆکیومێنتێکی مێژویی بخرێتە ئەرشیفی تراژیدیاکەوە کارێکی مەزنە، بەتایبەت خۆم بەشدارێکی زیندو و شاهید حاڵێکی ڕزگاربوی کارەساتەکەم و بەچاوەکانی خۆم دیمەنە تراژیدییەکانم بینیوە، بەهەست و ویژدان و جەستە و دڵەوە هەنگاو بەهەنگاو تیایدا ژیاوم، وەک مامۆستایەکی ئەکادیمی مێژوو دەتوانم و هەوڵ دەدەم ئەوەی دیومە و تیایدا ژیاوم بینوسمەوە، یاخود کەسانی

متمانە پێکراو و ئاگادار لە نزیکەوە بۆیان گێڕاومەتەوە، یان ئەو زانیاریانەی دواتر لە ڕوپەڕی کتێب و ڕۆژنامەکاندا خوێندومەتەوە یاداشتی دەکەم، وەک وتم گرنگیەکەی لەوەدایە خۆم شاهیدحاڵ بوم لە هەموو بارەکانیدا و ئەوەیشی گومانم لێی هەبوبێت یاداشتی ناکەم. بێگومان خاڵی بەهێزی ئەم بیرەوەری نوسینەوەیەم بێ لایەنیمە، ئەندامی هیچ حزبێک نەبوم و وەک هاوڵاتییەکی مەزڵوم کارەساتەکەم بینیوە، هەنوکەش کە ئەم بیرەوەریانەم دەنوسمەوە سەر بە هیچ حزب و گروپ و لایەنێک نیم، سەربەستانە و بێ ڕوپامایی و شاردنەوە، ڕۆڵی هیچ یەکێک لەو حزبانە فەرامۆش ناکەم، بێگومان ئەوەی دەینوسمەوە بینراوەکانی چاوی خۆم و بیستراوەکانی گوێیەکانی خۆمە و لەدیدگای خۆمەوە دەینوسمەوە، دەکرێت کەسێکی تر بەدیدێکی تر مەرگەساتەکەی بینیبێت و تیایدا ژیابێت وێنای کردبێت، لەوانەشە هەندێک ناو و ڕوداو و شوێنم لەبیر چوبێتەوە و نەتوانم وەک پێویست باسی بکەم چونکە سی ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە، بەڵام ئەمانە نابنە پاساو و ڕێگری ئەوەی دیومە تا نەینوسمەوە، بۆیە ناوی خوام لێهێنا و خامەم دەستیکردە گریان و فرمێسکەکانی بونە هەتوانی بریندی دڵ.

ئەم بەرهەمەم ناوناوە (ئاوازی مەرگ) چونکە تراژیدیای مەرگی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان ئاوازێکی خەمناک و سەمفۆنیایەکی ئازاربەخش بوو کەس گوێی لێنەگرت، هەموان هەر لە زلهێزان و

نەتەوەیەکگرتوەکانەوە تا وڵاتە لاوازەکان، هەموو بێدەنگ و کڕ بون بەرامبەر مەرگ و کۆکوژیمان، دڵنیام ئەم ئاوازی مەرگەش گوێی لێناگیرێت، بەڵام بەردەوامم لەسەر ژەنینی ئاوازی خەم، بەهیوام ڕۆژێک بێت ئەم نوسراوە وەک دۆکیومێنتێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، وەربگێردرێتە سەر زمانە زیندوەکانی جیهان. بۆیە ناوم ناوە ئاوازی مەرگ، چونکە حزبە کوردیەکان بەشدار و ژەنیاری سەرەکیی خوڵقاندنی مەرگەساتەکە بون، حزبە ئەبوڕەغاڵەکانی بەشداری کارەساتەکە، هەرگیز لەئاست گەورەیی کێشەی نەتەوەی کوردا نەبون، خەڵکانێکی قەزەم لەبەردەم مێژویەکی پڕ سەروەری و قوربانیدانی نەتەوەیەکدا هەمیشە کڵۆل و دەستەپاچەبون و هەردەم کارەساتەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و سیاسی خۆیان بەکارهێناوە، تەنانەت ئەوەی لەگۆڕەپانەکانی جەنگ و سەنگەرەکانی خوێن بەخشی نەتەوەشدا وەدەست هاتوە، هەمیشە و هەردەم وەک خەسڵەتێکی نەستی خۆبەکەمزانیندا لەسەرمێزی گفتوگۆ دۆڕاندویانە و دۆزی نەتەوەکەیان دەیان ساڵ بردوەتە دواوە و چەندین جار مەرگەساتیان خوڵقاندوە و دەشیخوڵقێنن.حەزیان لە خوێنی لاوی کوردە، وەک ئەفسانەکەی کاوەی ئاسنگەر، گوایە ئەژدەهاک تینوی خوێنی لاوی کورد بوە، ئەمانەش ئاوەها بون و سەیر لەوەدایە لە ئەفسانەکەدا ئەژدەهاک دژی نەتەوەی کورد بوە، بەڵام ئەمان ڕۆڵەی هەناوی نەتەوەکەیانن بۆیە ئاوازەکە مەرگاوی و پڕ ژان و ئازارە!!

گەشتێکە بەیادەوەری منداڵی و نێو کۆڵانەکانی هەڵەبجەدا، دەستت دەگرین هەتا وا هەست بکەیت تۆرەییەکانی ناخت وتراوە، گەشتێکی ئەفسوناوی لەهەموو وشەو پەیڤێکدا خۆت ببینیەوە و هاوئاواز سەمای بۆنی سێو بکەیت، بەڵام بۆنی سێوێکی نامۆ بەمرۆڤ.

لە نوسینەوەی پەیڤەکاندا هێندەگرنگیم بەگێڕانەوەی تراژیدیاکە بە گوزارشتی سادە و ساکار داوە، هێندە وابەستە نەبوم بە وشە سازی و ڕازاندنەوەی شاعیرانە، بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێک هاوخەم و هاوڕازم بێت و لە ئاوازەکەم تێبگات، دواجار نامەوێت بگریم بەسەر مێژوودا و هەڵەبجە بلاوێنمەوە، چونکە هەڵەبجە ژان و ئازارێک نیە تایبەت بەهەڵەبجەییەکان، یاخود چیرۆکێکی ئەفسوناوی کەلەپوری نیە بەدەم شەو چەرە خواردنەوە کاتی پێبگوزەرێنین و ساڵانە وتاری سۆز ئامێزی بۆ دارێژین، بەڵکو تراژیدیای هەڵەبجە تاوانێکە بەرامبەر ڕۆح و ماهیەتی مرۆڤ بون، زامێک و برینێکی بەئازارە لە جەستە و ڕۆحی مرۆڤە ویژدان زیندوەکانی ئەم هەسارە مەرگ ئامێزەدا، ئەمەی بەردەستی ئێوەی خوێنەری بەڕێز بەسەرهاتی شەهیدێکی زیندوی مەرگەساتەکەیە، بە فلاش باک هەوڵ دەدات و هەزری دەگوشێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژان و چرکەساتە مەرگ ئامێزەکانی ساڵی١٩٨٨ بەڵکو بتوانێت تابلۆیەک لەو تراژیدیایە بنەخشێنێت.

پێش کارەساتی هەڵەبجە:

*جیۆپۆلەتیکی هەڵەبجە

*کورتەیەکی مێژوویی

*حزبەکان و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی پێش کیمیایی باران

* ڕوداوەکانی پێش کیمیایی باران (جموجوڵی پێشمەرگە، دەنگوباسەکان.

ڕێگەی ملّەخورد و ئاڵوگۆڕی جاش و جەیش شەعبی.

ڕاگواستنی هەڵەبجە و نەبونی کارەبا....هتد.


N
W
E
S
فیزان
نەخشەی بنەڕەتی پارێزگای هەڵەبجە
Scale:
1:70,000
0 2.5 5 10 15 20
Km

پێش کارەساتی هەڵەبجە:

جیۆپۆلەتیکی هەڵەبجە:

هەندێکجار کات و شوێن لەیادەوەری مرۆڤدا بایەخێکیان نیە، هەندێکجاری تر زەمکان (زەمان ومەکان) برین لەدل و ئازار لەنەست و جەستەی مرۆڤدا جێدەهێڵن، کە لەیادەوەریدا زامێکی بەسوێیە و ئەستەمە سارێژبێت. هەرچرکەساتێک بکولێتەوە یا بکولێنرێتەوە فرمێسکەکان بەخوڕ لەچاوان دێنەخوارەوە. هەندێکجاری تر زەمکان بیرەوەری منداڵی و گەمەی جادە و کۆڵانەکان و ساتێکی هەرزەکاری و دیمەنە پڕ خەندە و پێکەنینەکانمان یاد دەخەنەوە. (زەمکان) کات وشوێن، هەریەکە و بەشێوازێک و لە هزر و یادەوەری مرۆڤەکاندا تام و بۆن و یادەوەری و چێژی خۆیی هەیە.

هەڵەبجە شارێکی خنجیلانەی جوانە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانی گەورە و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەی پێی دەوترێت عێراق، (لەسەرهێڵی درێژی بە ٤٦ پلەی ڕۆژهەڵات وهەردوبازنەی پانی ٣٦ -٣٥، بەدوری ٨٠کم باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و ١٦ کم لەسنوری ئێران دورە و بەتێکڕایی هەڵەبجە بەرزترین پێگەیە لەئاستی دەشتی شارەزوردا و بەرزاییەکەی نزیکەی ٧٢٦م لەسەر ئاستی ڕوی دەریا)[1]، (ڕوبەری گشتی دەشتی شارەزور

[1] د.نەریمان عبدالله، زانکۆی هەڵەبجە، ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی یەکەمین هۆلگردی پرۆژەی بونیاد بۆگەشەو ئاوەدانی، ئاب ٢٠١٦

٥٢٠كم دوجایە، نزیکەی ٣٣٧/٣كم دوجای دەشتەکە دەکەوێتە سنوری هەڵەبجە)[1].

گەر جوگرافیا خێر و بێر بوبێت بۆ هەندێک شار و خەڵکەکەی نانی جیۆپۆلەتیکی شار بخۆن، بەبێ قوربانیدانێک لەئاست ئەژنۆی تراژیدیای کارەساتی بەناو ئەنفال و هەڵەبجەدا بێت، ئەواجیۆپۆلەتیکی هەڵەبجە یەکێک بوە لەفاکتەرەکانی نەهامەتی شاری شەهیدان، لەباکور و ڕۆژهەڵات و باشورەوە واتە لەسێگۆشەیەکدا ئێرانێکی بێبەزەیی هەڵپەرستی تایفەگەر هاوسنوری هەڵەبجەیە، پاش دابەشکردنی کوردستانی گەورە و شەڕی (چاڵدێران ١٥١٤ز) و ڕێکەوتنی (ئەماسییە ١٥٥٥ز)ی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکان، ئێرانی فارسی نەژاد وەک ئۆکتاپۆس بە پەلوقاچەکانی گەمارۆی داوە، لەڕوی تۆپۆگرافیاوە بەزنجیرە چیایەک سێ لای گیراوە، لەڕۆژهەڵاتەوە شاخی شنرۆ و لەباکورەوە چیای هەورامان و سورێن و لەباشورەوە زنجیرە چیای بالامبۆ و دەریاچەی دەربەندیخان دەورەی داوە (تێکڕای پلەی گەرما سالانە ٢٠/٦ پلەی سەدی دەبێت، تێکڕایی بارانی سالانە دەگاتە نزیکەی ٦٥٦/١ ملم هۆکاری سەرەکی بارانیش لە ناوچەکە بریتیە لە بەرزی ناوچەکە لەئاستی ناوچەی شاخاویدا و هەڵکردنی بۆرانەکانی دەریای

[1] د.عەتانەقشبەندی، جوگرافیای دابەشبونی بنەمای سروشتی و مرۆیی، ڕاپۆرتی کۆنفرانسی بۆژانەوەی هەڵەبجە، ئاب ٢٠١٠

ناوەراست لە وەرزی زستاندا بەسەر ناوچەکەدا، بەرزی بنکەی کەشناسی هەڵەبجە ٦٩٥م دەبێت لە ئاستی دەریا)[1] ، ماوەتەوە بڵێین (بە پێی سەرژمێری بەریتانیا کە لەساڵی ١٩٢٠ ئەنجامیان داوە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٦٥٠٩) کەس بوە و هەریەک لەشارەکانی (خورمال، پێنجوێن، وارماوا، کە ناحیەکەی لە فەقێ جنە بوە سەربە شاری هەڵەبجە بون)[2] ، بەهۆی ڕەوش و ڕوداوە سیاسیەکانەوە بەردەوام ڕوبەرەکەی کەمبوەتەوە، بۆنمونە لەساڵی ١٩٥٩ ڕوبەرەکەی گەیشتوەتە ٣٢٩٤کم دوجا، لەساڵی ١٩٨٧ بوە بە ١٥٢٣کم دوجا، لەئێستادا کەمتربوەتەوە بۆ ٧٩٦کم دوجا)[3]. جیۆپۆلەتیکی هەڵەبجە کاریگەری تەواوی هەبوە لەسەر ڕوداوە سیاسیەکانی دەڤەرەکە بەگشتی و شارەکە بەتایبەتی. ئێستە و لەم کاتەدا کەئەم کتێبە دەنوسین هەڵەبجە بوەتە پارێزگا، وەک ڕێزێک بۆشەهیدان و پێگەی قوربانیدانی شارەکە بەناچاری حکومەتی هەرێم بەدیاری کراوی و بەفەرمانی هەرێمی ژمارە ١٩ لە ٢٠١٤/٣/١٦ بڕیاریدا هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا، شایانی باسە لە ٢٠١٤/١٢/٣١ فەرمانی بەپارێزگابون لە بەغداوە دەرچوە، بەڵام هێشتا لەپەرلەمانی عێراقەوە

---

[1] د.عەتا نەقشبەندی، جوگرافیای دابەشبونی بنەمای سروشتی و مرۆیی، ڕاپۆرتی کۆنفرانسی بۆزانەوەی هەڵەبجە، ئاب ٢٠١

[2] هەمان سەرچاوە

[3] پەیمانگای فیو گروپ بۆ ڕاهێنان و توێژینەوەی ئەندازیاری، نەخشەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، چاپی یەکەم بەهاری ٢٠١١

بڕیـــاری یاســـایی بـــۆ دەرنەچـــوە و نەناســـێنراوە و لەهەنگـــاوە ســـەرەتاییەکاندایە. ئێستە هەڵەبـجە تەنهـا یەک قەزای هەیە کە قەزای مەرکەزە، بەچـوار نـاحیەوە بەناوەکـانی (بیـارە، خورمـاڵ، سـیروان، بەمۆ) بونی هەشت خاڵی ئاڵوگۆڕی بازرگانی فەرمی و قاچـاخ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەدەبێتە داهاتێکی گومرگی شیاو بۆشـارەکە و سـنورە بازرگانییەکـان بـریتین لە (ملەخـورد، بیـارە ,تەویـلە، گریـانە، نەیـجەڵە، سـازان، کەوتە، لاوران، پـشتە) بەڵام تـاهەنوکە ئیـشوکاری دارایـی هەڵەبـجە دەچێـتە گەنجینەکـانی سـلێمانی و وەک قەزایەک مامەڵەی لەتەک دەکرێت.

کورتەی مێژوویی:

(شـــاری هەڵەبـــجە مێژویەکـــی یەکجـــار دێرینـــی هەیە، بەپێـــی سـەرچاوە مێژوویییەکـان دەگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی لۆلۆییەکـان، لەو سـەردەمەدا بە"هارهـار" یـان "کـارۆکین " نـاوزەد کـراوە، لەسـەردەمی ئەکەدیەکـان و لەســـاڵی ٣٥٠٠پ.ز. ســـەرجۆنی ئەکەدی هێرشـــێکی بەرفراوانـــی کـــردۆتە سەردەشـــتی شـــارەزور و هەڵەبـــجە و پـــاش داگیرکردنـی نـاوی نـا "کارشـارۆکین " واتە شـاری سـەرجۆن)[1] لەگەڵ هەبونی گەلەک بیروبۆچون لەمەڕ ئـاوەدانکردنەوە و دەستپێکی ژیـان

[1] دکتۆر نەریمان عەبدوللا، زانکۆی هەڵەبجە، ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی یەکەمین هۆڵگردی پرۆژەی بونیاد بۆ گەشە و ئاوەدانی، ئابی ٢٠١٦

لەهەڵەبـــجەدا، بەڵام زۆریـــنە کـــۆکن لەســـەر ئەوەی یەکەمـــین ئـــاوەدانکردنەوەی هەڵەبـــجە، (لەدەوروبەری ســـاڵی ١٦٩٠ و لەلایەن بنەمـاڵەی حەمەچـاوەش شـیوەکەڵی، کە خـۆی و کـوڕ و کوڕەزاکـانی لەناوچەی خۆیان گرفتێکیان بۆ پێشهاتوە و ســەری خۆیـان هەڵگرتوە و لە هەڵەبـجە گیرســاونەتەوە، حەمەچـاوەش ســێ کـوڕی هەبـوە بەناوەکـانی "پیـرۆت، سـڵێمان، عەبـدوڵا" سـڵێمان چـوار کـوڕی هەبـوە بەنـاوی "ئەمـین، مـحەمەد، قـادر، فەرەج" عەبـدوڵا شـەش کـوڕی بـووە بەناوی "حەمەسالح، عەبدولڕەحمان، ئەحمەد، مەحمود، سـەعید، ئەمـین"، "حەمەفەرەجـی کوێخـا و مەلا مستەفای بـرای نەوەی پیـرۆتن" ئیتـر ئەم سیانزەماڵە لە دەوروبەری مزگەوتـی تەکیەدا نیشتەجێ بـوون)[1]، هاوکـات کۆمەڵێـک خێزانـی جـولەکەش لەگەڵیـان نیـشتەجێ بـوون و بڕەویان داوە بەگیانی پێکەوە ژیان، (لەساڵی ١٨٢٠ ز کاتێک گەشـتیار" ڕیـچ" سـەردانی کـردوە بە شـاری ئـاوەدان ستایشی کـردوە، سـنورە جـوگرافیەکەی بەوە دیـاری کـردوە کە دەکەوێـتە کۆتـایی دەشـتی شـارەزور و ڕۆژهەڵاتـی سـلێمانی، سـاڵی ١٨٨٣ز مەحمـود پاشـا لەســـەردەمی عوســـمانییەکاندا کـــراوەتە قائیمقـــامی هەڵەبـــجە، ئەم بەروارەش هاوزەمەنی هەردوو قەزای نەجەف و کوەیت بوە لەساڵی ١٨٨٩ز، وەسـمان پاشـای جـاف کـراوەتە قائیمقـامی هەڵەبـجە بەهـۆی ســەرقاڵی و زۆری ســەفەر و گەشـتەکانیەوە بـۆ دەرەوەی هەڵەبـجە

[1] حەکیم مەلا صالح، هەڵەبجە لەئامیزی میژوودا، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، چاپی دووەم، ل٩.

"عادیله خانمی خێزانی " کارو باری کارگێڕی شارەکەی گرتوەتە دەست و لەو کات و سەردەمەدا یەکەم ئافرەت بوە بەو ئەرکە هەستێت و کاروباری شارێک و گوندەکانی دەوروبەری بەڕێوە ببات، لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩ – ١٩٢٠ ز گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی لەدەڤەرەکەدا هەبوە، بۆیە ئینگلیزەکان نازناوی "خان بەهادۆر"*یان پێبەخشیوە، هەر لەبەجە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕوداوەکانی سەدەی بیستەمی عێراق و کوردستاندا گێڕاوە لەساڵی ١٩٢١ و بۆ یەکەمجار کەوتە بەر بۆردومانی ئینگلیزەکان لە شەڕێکدا کە بەشەڕی (ئەشکەوڵ) ناسراوە و تیایدا ٣٢ چەکداری کورد ڕوبەڕوی سوپای ئینگلیز بونەوە لە سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودا، لەساڵی ١٩٤٧ خەڵکی هەڵەبجە بەشداری ڕاپەڕینیان کرد لە دژی پەیماننامەی (پورتسماوس) کە لەنێوان ساڵح جەبر و ئینگلیزەکان مۆرکرا، لەساڵی ١٩٥٤ز ڕاپەڕینێک لەهەڵەبجە ڕوێدا دژی مەلیک فەیسەڵ، بەهۆی هەڵبژاردنێکی نائاساییەوە کە مەلیک ئەنجامیدا، بەهەمان شێوەش لە دژی پەیماننامەی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥ز)[1]، لەساڵی ١٩٦٣ز شاڵاوی سوپای عێراق بە سەرکردایەتی زەعیم صدیق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکە و شەڕی بەناوبانگی پردی زەڵم ڕوێدا کەتیایدا پێشمەرگەکانی هەڵەبجە و سنورەکە دوای ئەوەی فیشەکیان لێبڕا بە خەنجەرەوە پەلاماری تانکەکانی ڕژێمیان داو چەند پێشمەرگەیەک

[1] د.نەریمان عبدالله، زانکۆی هەڵەبجە، ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی یەکەمین هۆڵگردی پرۆژەی بونیاد بۆگەشەو ئاوەدانی، ئاب ٢٠١٦

شـــەهیدبون لەوانە (محمـــد گـــوڵپی، و ســـابیر حەمەحـــسن، عەلـــی حەمەئەمین بەگ، عەلی ئەحمەد کەچەڵ) هەڵەبجە پاش ئەم ڕاپەڕینانە ڕوبەڕوی چەندین وێرانکاری و سەرکوتکردن بوەتەوە لەسەر دەستی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق.*

بە خێرایـی ئامـاژەیەک بە سـەرەتاکانی ئـاوەدانی و پێـشکەوتنی شارسـتانی لە شـارەکەدا دەکەیـن. سـاڵی ١٦٩٨ یەکەم مـزگەوت پـاش مزگەوتی تەکیە لە هەڵەبجەدا دروسـتەدەکرێت کەناسـراوە بەمزگەوتـی (جـامیعە)، لەلایەن بنەمـاڵەی شـێخ عەبـدوڵڵای خەرپـانییەوە بونیـات دەنرێت، ساڵی ١٩١٩ یەکەم قوتابخانە، ساڵی ١٩٣٣ یەکەم قوتابخانەی کچـانی تێـدا دروسـتەدەکرێت، سـاڵی ١٩٢٤ بـۆ یەکەمجـار ئۆتۆمبێـل هـاتوەتە شـارەکە، ١٩٢٩ یەکەم نەخۆشـخانەی (موستەوسـیف) تێـدا دامەزراوە، سـاڵی ١٩٤٥ بـاخی گـشتی تێـدا دروسـتکرا، سـاڵی ١٩٦٩ کارگەی پوختە کردنی توتنی تیادا بنیات نراوە، ساڵی ١٩٧٠ لقی بانکی ڕافیدەین لەهەڵەبجەدا کراوەتەوە.[٢]

لەڕوی مێژووی ئەدەبیی شـارەکەوە، هەڵەبجە مەڵبەندی چـالاکیی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری بـوە، (یەکێـک بـوە لەشـارە پێـشەنگەکانی کوردستان، هەموان ئەو ڕاستیە دەزانین کە مەولەوی شاعیر (١٨٠٦ -١٨٨٥ز) یەکـێکە لە شـاعیرە هەرە دیارەکـانی نەتەوەی کـورد،

* بۆزانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی، کرد وترک وعرب، سیاسه ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقی من العراق ١٩١٩-١٩٢٥، سی جی ادمونـدز، ترجمه جرجیس فتح الله المحامی، منشورات شرکة دار العروبه العالمیه، مطبعه التایمس-بغداد ١٩٧١ ص١٤٤و٣٣٢

[٢] پەیمانگای ڤیوگروپ بۆڕاهێنان وتوێژینەوەی ئەندازیاری، نەخشەی کیمیابارنی هەڵەبجەی شەهید، چاپی یەکەم بەهاری ٢٠١١

(لەدەیەکان و بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا، ئەم شارە نازناوی شاری شاعیرانی بەبالادا بڕاوە، چونکە شارەکە زێدی گۆران، ئەحمەد موختار، تاهیربەگی جاف، ناتیق، قانع، شاهۆ، حیلمی، سلێمان بەگی کاتب، فارسی حەمە ئەمینی خدر، کاردۆخی..هتد بوە ماوەیەکیش بەئەرکی فەرمانبەریی کەمالی، فایەق بێکەس، سەلام عازەبانی و فەرامەرز تیایدا ژیاون، گۆرانی شاعیر خامەی بەئاراستەی شیعری نوێخوازیدا وەردەچەرخێنێت و دەبێتە ڕێبەری شیعری ڕیالیزمی کوردی و شیعری کوردی دەگەیەنێتە لوتکە)[1]، لەڕوی چیرۆک نوسینەوە ئەحمەد موختار شوێن پێی مامۆستا جەمیل سائیب هەڵدەگرێت و بۆ یەکەمجار لە هەڵەبجە و دەڤەرەکەدا نۆڤلێتی (مەسەلەی ویژدان) دەنوسێت، کە دەبێتە دووەمین نۆڤلێت لە ئاقاری چیرۆکی کوردیدا.

[1] حەکیم مەلا صالح، بزافی ڕۆشنبیری لە هەڵەبجە، ڕاپۆرتی کۆنفرانسی بوژانەوەی هەڵەبجە، سالی ٢٠١٠

بەرەو باخی گشتی

دەستپێکی سەمای ئاوازی مەرگ لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە :

لە ئامێزی خێزانێکی ناسراوی هەڵەبجە و گوندی سازگاری سازان، شێخ و شێخزادە، باوکێکی پەروەردەیی و دایکێکی ستەمدیدەی زەردەخەنەگەڕاوی دەستی نەخۆشی ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی کانی عاشقان و لەناو مۆردی بۆنخۆشی مۆردانە پاش تەواو کردنی نۆمانگ و نۆ ڕۆژی تەواو سەرم کەوتە زەوی، هێندەم لەیادە بەهاری سێیەمی تەمەن و لە ئامێزی گەرمی مامۆستا ڕەسولی باوکم ئاوازی ژینم چریکاندبوو، ڕۆژێک دەستە بچوکەکانی گرتم بەرە و بازاڕ، وەک شەبەنگ لە هەستمدا ماوە و ڕازاندنەوە و دیمەنی خۆشیم بەدی دەکرد، هیچی ترم لە یاد نیە، دواتر زانیم ئەو ڕۆژە بەیانی ١١ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ڕاگەیەنراوە، ئەوەی خەڵکی ناویان نابو ڕێکەوتنی مەلامستەفا و حکومەتی عێراق، بە زمانە سیاسیەکە، ڕێکەوتنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق بڵاو کرایەوە، لولەی تفەنگەکان بێدەنگ و خامۆش بوون.

بەهاری شەشەمی تەمەن و لەبەر ئەوەی بەچکە سۆنە لە سەریەتی فێری مەلە بێت، قوتابخانەی حەمدون ساڵی خوێندنی ١٩٧٣-١٩٧٤ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامێزی میهری خۆیندنی بۆ گرتمەوە، لەگەڵ منداڵە بزێوەکانی کانی عاشقان بە تۆپ تۆپێن و پێشە هەڵدان و هەڵماتێن و کێل و بەرد و ئاشە بەتەنورە و قراقرا و جۆجۆ شەقامەکانمان هەراسان کردبو، زۆرباش لەیادمە لەسەر

دەستی مامۆستا ماجید و مامۆستا تۆفیق و شێخ عەبدین و مامۆستانیزام و مامۆستاعوسمان میرزا حسەین بانەیی و مامۆستا مەلاعەلی عەبدولقادرکۆکۆیی.....هتد، بە کوردی زمانمان پڕا، ئاماژەکانی پشێوی لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەماندا هەبوو، لەسەر شێوەی پیتی دەبڵیو، زێد، ئێنی زمانی ئینگلیزی چاڵیان هەڵکەندبوو بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی فڕۆکە، مامۆستا جەعفەر موستەفا ڕاهێنانی پێدەکردین لەسەر خۆپاراستن لە کاتی هاتنی فڕۆکەدا و چۆن ڕاکەین و خۆمان فرێ دەینە چاڵەکان، پاش ڕۆژێکی سیخناخ لەهەڵبەز و دابەز، سەر لە ئێوارەیەکی دەسپێکی مانگی گوڵان، بەهاری گوڵانی هەڵەبجە بویە خەزەڵوەر، لە خورماڵەوە خاڵۆی ناوازە و خزم دۆستی خەمخۆرم (خاڵۆنازم)، بەسەیارەیەکی جێب هات بەدواماندا بەپەلە هەندێک پۆشاکمان کۆکردەوە و بەڕێکەوتین بەرە و خورماڵ، گوڵەنبەری زەڵم و سەرچاوەی گەنجان و لانکەی بەرخودان و ئەحمەد ئاوای ئاوەدان بونە پەناگای پەناخوازان، لەگەڵ گزنگی ڕۆژ و تێکەڵبونی دەنگی بولبول و خوڕەی چەم بنەو پێگەمان گواستەوە بەرەو ئەشکەوتەکانی ئەحمەد ئاوا، لەبەرزایی چیا سەرکەشەکانەوە سەیری دیمەنی بۆردومانی فڕۆکەکانمان دەکرد چۆن مەرگ بارانی هەڵەبجەیان دەکرد و منیش سەرقاڵی یاری کردنی خۆم بوم، دواتر زانیم ئەو ڕۆژە ١٩٧٤/٤/٢٦ بوە، حکومەتی عێراق بەیاننامەی ١١ ئازاری جێبەجێ نەکردوە و دوبارە جەنگ لە نێوان شۆڕشی کورد و

حکومەتی عێراقدا سەری هەڵداوەتەوە، یەکێک لەو شارانەی لانکەی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی کورد بوو هەڵەبجە بێنازەکەی ئێمە بوو، بۆیە کەوتە بەر شالاوی بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس، هەروەها پاشتر زانیمان لە و بۆردومانەدا (٥٢) هەڵەبجەیی و هاوڵاتی ئاوارەی پەناهێناوی هەڵەبجە بونەتە قوربانی، کاتێک چاوم کردەوە لە ئۆردوگایەک بوین لە ئێران بەناوی (سەریاس)، لە دامێنی چیای شاهۆ، هەمیشە سەریاس لانکەی کوردە ئاوارەکان بووە، پێدەچێت دیرۆکی ئێمەی هەڵەبجەیی و سەریاس دوانەیەکی لێک دانەبڕاوبن.

چونکە خۆیندن دیفاع بو بۆ تیغی دوژمنان ناونوسیان کردین بۆ خۆیندن، لەناو خێوەتەکاندا درێژەماندا بە خوێندن لە قوتابخانەی (پیرە مەگرون) هەنگاوی دووەمی کاروانی خامەمان بوو، ڕۆژانێکی سەختمان بەسەر برد، چیرۆکی خێوەت کەوتن بەسەر قوتابیە بێنازەکانی کاروانی پەروەردە ڕۆژانە دوبارە دەبوویەوە، ستونی ڕاگری خێوەت سەری دەشکاندین و هەرچی فێر دەبوین لەمێشکمان هەڵدەهات، مامۆستاکان بەپرتاو فریامان دەکەوتن و لەژێر چادرەکاندا دەریان دەهێناین، لەیادمە کەسمان زیانێکی جەستەیی دڕوارمان پێنەگەیشت بوو، تەنها سەرشکان و کەمێک گریان نەبێت و سبەی و لەڕۆژێکی نوێدا درێژەمان بە کاروان دەدایەوە، لەئۆردوگاکەدا چالاکی هونەری پێشکەش دەکرا، هونەرمەندی خوالێخوشبوو تەها خەلیل و چەند ئەکتەرێ نمایشی هونەرییان دەکرد، ئەوەم لەیادە لەسەر شانۆکە وەک باوکێکی جەرگبڕاو بە گریانێکی گەرمی تاقەت پڕوکێن باوەشی دەکرد بە منداڵێکدا ناوی دیار بوو، گوایە بەهۆی بۆردومانی ڕژێمەوە شەهید بوە و بێهودە هاواری لەمرۆڤایەتی

دەکـــرد کۆتـــایی بەتراژیـــدیای کـــورد بهێـــنن، خەڵـــکەکەش لەگەڵ نمایشەکەدا ویژدانیان گەرمتر دەبو بەدەم گریانەوە (کوردستان یا نەمان) و سرودی (من پێشمەرگەی کوردستانم) یان دەوتەوە.

ڕۆژێک دایکە هەناسە سارددەکەم شرکە و پرکەی ئاوارەیی کۆکردەوە، سواری زیلی سەربازییان کردین و لەپشت زیلەکاندا و بەدەم گۆرانی وتنەوە دەمانگوت (کۆچی سەدامە سەرزل، ئێمەی گەیاندە ئەنزل) سەدامە سەرزل ئەوکات بریتی بو لە (سەدام حسەین) جێگری ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی عێراق، (ئەنزل)یش بریتی بو لە ئۆردوگا نوێکەمان لە نزیک شاری (سەرپێڵی زەهاو) شاخێکی سەختی بەرامبەر بوو وێنەی ساجێک و ئەشکەوتێکی بەڕوونی پێوە دیار بوو هەندێک ئەفسانەیان لە بارە ی ئەو ساج و ئەشکەوتەیان بۆ دەگێڕاینەوە کە هەرگیز ناچێتە عەقڵی مرۆڤی ژیرەوە، سەرەڕای نەهامەتی ئاوارەیی تووشی قاچ سوتان و کۆڵەواری بزێوی ئاگرکردنەوەی خۆم بوم و ماوەیەکی باش لە جێگەدا لولی کردم و لەیاری کردن بێبەش بوم، زۆری نەبرد گەڕاینەوە شارۆچکەی تەوێڵە، بەو پێیەی باوکمان مامۆستا بوو لە ژورێکی قوتابخانەیەکدا بوین، هێنـــدەمان زانـــی پەلامـــاردان و هەی مـــن هەی مـــن و ڕاوەڕوت و تاڵانیکردن سەریهەڵدا، باوکی ڕەحمەتیم دەبینی بەکوڵ دەگریا، گوللە هـاوەنێکی دایە دەســتمان وتــی هەر تــاڵانچیــیەک هــات و ویــستی پەلاماری ماڵەکەمـان بدات ئەم گوللە هاوەنەی پێدا بتە قێنەوە، هەر خەڵک بـوو چەکی دەفڕاند، خۆراک و پـاڵتۆ و هەرچیـان وەدەسـت بکەوتایە بێ سێ و دوو بەتـاڵانی و شـرەخۆری دەیـان برد، وادیـارە مرۆڤی کورد ئەزمونێکی دێرینی هەیە لەگەڵ شرە خۆریدا، کە گەورە بـوم ئەنجـا زانـیم ئەو ڕۆژە ٢٠ ئـازاری ١٩٧٥ بـوە، سـەرکردایەتی

شۆڕش بروسکەیان کردوە بۆ تەواوی پێشمەرگە و بەرەکانی جەنگ کۆتایی بە شەڕ بهێنن و چەکەکان بێدەنگ بکەن، چونکە لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ دا و لە کۆنگرەی وڵاتانی (عدم الانحیاز)* سەدام و شای ئێران ڕێککەوتون کۆتایی بەشۆڕشی کورد بهێنن (دواتر بە درێژی لەسەری دەدوێین)، ئەم شکستە دۆستەکانی مەلامستەفا ناویان نا (نسکۆ)، نەیارەکانیش ناویان ناوە (ئاشبەتاڵ) ئیدی هەرەسی ئەم شۆڕشە بۆ ناونرا ئاشبەتاڵ خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ بیرەوەریەکانی سەرکردەکانی شۆڕش بۆ ئەوەی خۆیان حوکم بدەن ئایا ئەوەی کراوە شۆڕش بوە و ئادگاری ڕزگاریخوازی لەخۆگرتبو! ئەوەی ڕویداوە نسکۆ بوە یا ئاشبەتاڵ!!* ،

---

*بڕاڤی عدم الانحیاز: یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی جەنگی سارد، ئەم بڕاڤە بەرئەنجامی بیرۆکەی سەرۆک وەزیرانی هیندی جواهر لال نەهرۆ و جمال عەبدولناسرو تیتۆ بوو، ٢٩ دەوڵەت ئەندامی بون و لە شاری بەلگراد ساڵی ١٩٦١ دامەزراوە دوا کۆنگرەشیان لە تاران بوو ساڵی ٢٠١٢

*ئاشبەتاڵ لە فولکلۆری کوردەواریدا بریتی یە لە: ئاش بەری هاتوە، واتە ئەوەندەی هارپوە قولکەی ئاش پڕبووە لەئارد، یاخود واز لەکار هێنان، دەست لەئیش هەلگرتن، یاخود دەوترێت، کاتێک خەلکی باراش دەبەنە ئاشەکە بۆهارین، هەموو چاوەڕێ دەبن بەلام بابای ئاشەوان کاتی ئیشکردنی تەواو دەبێت یا ماندوو بێزار دەبێت و خەلکەکە دەکاتە دەرەوەو تاقەتی ئیشی نامێنێت و هاوار دەکات ئاشبەتاڵ، واتە ئاشەکە چۆڵ کەن ئیتر ئیش ناکات)



بنیاتنانی کارگەی پوختە کردنی توتن لە هەڵەبجە سالّی ١٩٦٩

پاییزی ۱۹۷۵ گەڕاینەوە هەڵەبجە، دەبو ببمە قوتابی پۆلی سێیەمی سەرەتایی، بەڵام حکومەتی عێراق گەڕاندینیەوە پۆلی دوو، ساڵی خێوەت و سەرما و سەرشکان بویە قوربانی سەرانی شکستخوازی، وەک قوتابییەکی زیرەک و بزێو ساڵێکی تری خوێندنم لە قوتابخانەی حەمدون و هەمان پۆلدا دوبارەکردەوە، ساڵی شکستەکە ماڵی مامە شێخ حەیدەری باوکم لە ئێران نەگەڕانەوە، ساڵی دواتر کە گەڕانەوە بەدەستبەسەری ناونرابون (عائدون) و لەغەڕافەی باشوری عێراق بەزۆر نیشتەجێ کرابون، لەساڵی ۱۹۷٦ دا خەباتی چەکداری و ئەوەی ناونراوە شۆڕشی نوێ دەستیپێکرد، ئەم ڕوداوە کاریگەری گەورەی لەسەر باوکم و خێزان و بنەماڵەکەمان هەبوو، چونکەکاک فاتیحی مامەحەیدەر کە گەنجێکی پێکەوتوی شۆخ و شەنگ و لێهاتوو شاعیر و دەنگخۆش و خوێنەوار هەمیشە خەمی هەژاران و نەدارانی بوو، چەکی پێشمەرگایەتی دانەنابو، سەرەڕای ئەوەی ماڵی مامەحەیدەرمان لە باشوری عێراق دەستبەسەر و دوور خراوەبون، بەڵام کاک فاتیحی کوڕە گەورەیان هەرگیز خولیای چەکی و شۆڕشی لێنەدەبڕا، زۆرباش لەیادمە جامانەیەکی لەگەردنی دەئاڵاند و دەمانچەیەک هەمیشە لەناو پشتێنەکەیدا بوو، سەرەڕای درندەیی بەعس بەڵام هەرگیز باکی پێیان نەبوو، چەندین جار بەنهێنی و کاری ڕێکخستن دەهاتە ماڵمان و باوکم چونکە دڵسۆزو خوشەویستی بوو هەمیشە پشت و پەنای بوو، زۆر ڕازی خۆیی بۆ باس دەکرد،

هێندەمان زانی بڕیاری دابوو بڕواتە شاخو ببێتە یەکێک لە یەکەمین پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان، بەداخەوە یەک ڕۆژ و شەوێک پێشمەرگایەتی کرد و شەوی ١٩٧٦/١١/٦ لە گوندی قاینەیجەی سەر بە سەیدصادق پاش ناپاکی خۆفرۆشێک دەبێتە یەکەمین شەهیدی شۆڕشی نوێی گەلی کورد، زۆرێک لە پێشمەرگەکانی ئەو مەفرەزە سەرەتاییە لە یادەوەری و کتێبەکانیاندا چۆنێتی شەهیدکردن و ڕودانی ئەو نەبەردیە دەگێڕنەوە، پاش شەهید کردنی کاکە فاتیح ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی فەرمانگەی ئەمنی هەڵەبجەوە بە خێرایی باوکمیان ڕاپێچکرد و هەڕەشەیان کرد نابێت بە هیچ شێوەیەک پرسەی بۆ بگێڕن و هەر دیمەنێکی ئازیەتباریتان پێوە ببینرێت سەرنگوم دەکرێن، باوکم بەناچاری و دڵشکاوی هاتەوە ناومان و بەکزی لە ماڵەوە هۆن هۆن فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، خەڵکیش تێگەیشتبون لە ڕەوشەکەو دەیانزانی ڕاشکاوانە بەشداری کردن ئاکامی ماڵوێرانیە، بۆیە بە نهێنی و لەسەر ڕێگە و بازاڕ پرسە و سەرەخۆشییان لە باوکم دەکرد، هێندەی تر دڵی تەنگ دەبوو دەهاتە ماڵەوەو بە شیعر و هۆنراوە سەبوری دڵی خۆیی دەدا.

بەردەم قەیسەری حامد بەگ سالانی شەستەکان

هەروەها منداڵ بووم ڕۆژێک هەواڵ بڵاوبوویەوە، کۆمەڵێک پێشمەرگە شەهیدبوون و دەیانهێننە مزگەوتی جمهوری بۆ شۆردن، بەپەلە ڕامکرد و لەسەربانی تەوالێتەکانی مزگەوتەکەوە سەیرم دەکردن، بە ئاوی حەوزەکە و بە بەر چاومانەوە یەک یەک دەیان شۆردن، بەچاوەکانی خۆم لاشەکانم بینی، یەکێکیان خوێنی بریندی جێ گوللەکانی جەستەی نەدەوەستایەوە، لۆکەی زۆریان بەکارهێنا هەتا خوێنەکە وەستایەوە، لەتەمەنی گەورەیمدا زانیم ئەو ڕۆژە بریتی بوە لە ١٩٧٧/٦/١ ڕژیم بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆی ٧ پێشمەرگەی داوە لە نزیک گوندی بێسەڵمێنی شارەزور و ئەوانیش پاش چالاکیەکی نەبەزانەو مەردانە و خۆبەدەستەوە نەدان شەهید بون، یەکێک لە پێشمەرگەکان دراوسێمان بوو بەناوی (هیدایەت حەمەی عەلی).

ساڵی ١٩٧٨ دەستکرا بە ڕاگواستنی گوندو گوندنشینەکانی سەر سنوری عێراق و ئێران وەک جێبەجێکردنی یەکێک لە بڕگەکانی ڕێکەوتنی جەزائیر ١٩٧٥، لەدەوروبەری هەڵەبجە چەند ئۆردوگایەکی بە ناو سۆشیالیزمییان دروستکردبوو کە بریتی بوون لە (موجەمەعی زەمەقی، موجەمەعی عەنەب) بۆ نیشتەجێکردنی گوندنشینە ڕاگوێزراوەکان، زۆرباشگریانی گوند نشینە ڕاگوێزراوەکان و دانیشتوانی هەڵەبجەم لە بەرچاوە و بزر نابێت، ژنان و پیاوانی هێزو بازو کەپاروە نانیان لە قوڕگی شێردا دەردەکرد، هەنوکە هەموو لە زیندی خۆیان ڕادەگوێزرێن و فێری تەمبەڵی دەکرێن، بۆ ئەوەی

جارێکی تر پاچ و بێڵ و خاکەناز نەگرن بە دەستەوە و فێری ژیانی کۆیلەیی مۆدێرنی موچە ببن، باخداری و ئاژەڵداری و برنج و ڕۆنی خۆماڵی و خیگەو دۆ و پەنیر و دۆینە و ترخێنە لەیاد بکەن، گورزێکی کاریگەربو لە کەلەپوری نەتەوەییمان، لە کاتێکدا خەڵکەکە لەناخەوە دەکوڵان و بێزار و بێتاقەت بوون، ئا لەم کاتەدا بەبڕیاری ڕژێمی بەعس خوێندن بەزۆر کران بەزمانی عەرەبی، ئەوکات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم ساڵی ١٩٧٨ -١٩٧٩، لەگەڵ بڵاوبونەوەی دەنگ و باسی خوێندن بەزمانی عەرەبی بەزۆر، ئەم هەنگاوە وەک جەنگی کولتوری و دژایەتی زوبانی شیرینی کوردی و هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیەک دەهاتە ئەژماردن، بۆیە ڕاپەرین و خۆپیشاندان تەواوی هەڵەبجەی تەنی وەک ئەوەی بەنزین بکەی بە ئاگردا، پشێوی و نائارامی باڵی کێشا بەسەر دەڤەرەکەدا، ئەوەی لەیادم ما بێت کچە چالاکێکی بەشداری ڕاپەرینەکە زیندانی کرا بەناوی (خوشکانی کچی حەمە فەرەجی کوێخا) و مامۆستا (ڕەئوفی مەلاحەسەن) کەمامۆستای قوتابخانەی شنرۆ بوو ئەویش لە پیشەی مامۆستایی فەسڵ کرا، خۆپیشاندان بێ ئاکام بوو، دەرئەنجام بڕیاری ڕژێم سەری گرت و بابەتەکانی (ئاین و جوگرافیا و نیشتمانی و مێژوو) کران بە زمانی عەرەبی و بەزۆرەملێ سەپێنران، بۆ پراکتیزە کردنی هەوڵەکانیان چەندین مامۆستای عەرەب زمانیان هێنایە هەڵەبجە بۆ سەرخستنی پرۆسەی تەعریب و ڕاهێنانی منداڵان

لەسەر ئامانجەکانی حزبی بەعس و وتنەوەی ئەو وانانەی کراون بە زمانی عەرەبی، لە هەمان ساڵدا شتێکی نوێیان داهێنا بەناوی (تەلائیع، پێشڕەو) کە پۆشاکەکەی بریتی بوو لە نەخشەی نیشتمانی عەرەب بەدیدی بەعسیەکان و وەک ئەلتەرناتیفی (کەشافە) دیدەوانی، نیوەڕۆی ڕۆژێکی ئاسایی باوکم بەپرتاو لە قوتابخانە گەڕایەوە و من وتەهای برامی بانگکرد پێی وتین، کە ئەمڕۆ کۆمەڵێک کەس دێن بۆ قوتابخانەکەتان باسی (تەلائیع) تان بۆ دەکەن، بەهیچ شێوەیەک ناوتان نانوسن، ئەم بەیانیە هاتبونە قوتابخانەکەی ئێمەو پارەو پاڵپشتی و خۆراکی مانگانەی تایبەت و چەندین دەم چەورکردنی تریان دەخستە بەردەم ئەو منداڵە هەژارانەی پێویستیان پێ بوو، پاش نیوەڕۆ هاتن بۆ قوتابخانەکەمان و قسەکانی باوکمان ڕاست دەرچوو، چەند قوتابییەک خۆیان ناونوس کرد، لەیادمە مامۆستایەکی عەرەب هاتە قوتابخانەی (حەمدون) پێمان دەوت (ئوستاز ئیبراهیم) و بابەتەکانی (تەئریخ و جوغرافیا و وەتەنیە) ی بە زمانی عەرەبی و ئامانجەکانی بەعسی تەلقین دەکردین.

نەخۆشخانەی هەڵەبجە لەسالانی شەستەکان

لەتەموزی ١٩٧٩ دا، سەرۆکی ئەو کاتەی عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر وتاری سالیادی سەرکەوتنی شۆڕشی تەموزی ١٩٦٨ ی دەخوێندەوە، بڕیاریدا واز لە دەسەلات و سەرۆک کۆماری بهێنێت بۆ جێگرەکەی کە (سەدام حسەین ١٩٣٧-٢٠٠٦ز) بوو، دەنگۆ بڵاو بوبەوە کە سەدام بە کۆدەتای سپی دەستی گرتوە بەسەر دەسەلاتداو (ئەحمەد حەسەن بەکر ١٩١٤- ١٩٨٣)ی لەژێر کاریگەری و هەڕەشەدا ناچار کردوە واز لە دەسەلات بهێنێت، هەندێکی تر دەیانوت بەهۆی نەخۆشییەوە ناچار بوە واز لە دەسەلات بهێنێت، بە هەر حاڵ سەرۆکە گەنجەکە (سەدام) دەستیگرت بەسەر دەسەلاتدا و بوە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەوەش لەیاد نەکەین کە لە ١٩٧٩/٢/٩ شۆڕشی بە ناو ئیسلامی بەسەر کردایەتی خومەینی (١٩٠٢- ١٩٨٩ز) سەرکەوتنی بەسەر دەسەلاتی (محەمەد ڕەزا شا ١٩١٩-١٩٨٠) دا وەدەست هێناو وڵات بەدەریان کرد و لە میسر گیرسایەوە تا لەوێ کۆچی دوایی کرد، ئەم دوو گۆڕانکارییە گەورە خاڵی وەرچەرخان بون لەژۆرێک لە ڕوداوەکانی ناوچەکە و ئاماژەکانی دەست پێکردنی ڕەوشێکی نائارام بوو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئێران دروشمی (مەرگ بەر ئەمریکا) و هەناردەکردنی شۆڕشی بۆ وڵاتانی دراوسێ پیادە دەکرد و ڕژێمی بەعسیش دەیویست لە ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ کە لەگەڵ محەمەد ڕەزا شادا واژۆی کرد بوو خۆی بدزێتەوەو جێبەجێی نەکات، چونکە زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو

بەهۆی ئەوەی نیوەی (شەتولعەرەب) ی بەخشیبویە ئێران و دەستی لێهەڵگرتبوو بەرامبەر پاڵپشتی نەکردنی ئێران لە شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلول)، هەروەها شۆڕشی ئێران مۆرکی - شیعە گەرێتی و تائیفیەتی- لە خۆگرتبوو، لەهەمان کاتدا بوبوە هۆی بوژانەوەو سەرهەڵدانی بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی و دەستگرتنی ئێران بەسەر بەشێکی بەرچاوی سەرچاوەکانی وزە (نەوت)، هەروەها دەسەڵاتی ئێران بەسەر تەنگەی هورمزدا لە کەنداوی (عەرەب- فارس) واتە خنکاندنی کەشتیرانی و بازرگانی وڵاتانی عەرەبی سەر کەنداوی (عەرەب-فارس)، بێگومان کۆی ئەم خاڵانەش لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا یەکی نەدەگرتەوەو و دژایەتی و نائارامی بۆ دروست دەکردن، بۆیە پێویستیان بە وڵات و سوپا و سەرۆکێکی هاوپەیمانیان هەبوو ئەرکێکی گەورەیان بۆ ئەنجام بدات، ئەو کاڵفامەش سەدام حسەین)ی گەنج بوو.

ڕێکەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥:

لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکەوتننامە شومەی ئازاری ١٩٧٥ کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر تەواوی ڕوداوەکانی سااڵنی دواتر و فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەری سەر هەڵدانی جەنگی (فارسی- عەرەبی ١٩٨٠ - ١٩٨٨) بووە، بۆیە پێویستە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین و بەندەکانی بخەینە ڕوو.

پـــاش ئەوەی ڕێکەوتننـــامەی ١١ ئـــازاری ١٩٧٠ی نێـــوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد و ڕژێمـی بەعـس گەیشتە بنبەست و جێبەجـێ نەکـرا، ڕژێمـی بەعـس ئامـانجی لەڕێکەوتـنەکە تەنهـا وە دەستهێنانی کات بـوو بـۆ زیـاتر خـۆ تۆکمە و بەهێز کردن و پاشـان خـۆدزینەوە لەڕێکەوتـنەکە، ئیـدی لە سـەرەتای ١٩٧٤ ئـاگری شـەڕ هەڵگیرسایەوە، لەو شەڕانەدا ڕژێم بەهۆی زۆری زەرەرو زیانە گیانی و ماددییەکـان هـیلاک و هەراسـان ببـوو، وەدوی دەرفەتێکـدا دەگەڕا ڕێکەوتنێـک لەتەک شـای ئێـران واژۆ بکـات و شکسـت بە شۆڕشـی کـورد بهێنێـت، ئەم دەرفەتەی لە کۆبـونەوەی بزافـی وڵاتـانی بـێلایەن (حـرکە دول عـدم الانحیـاز) لەئەیلـولی ١٩٧٣ لەجەزائیـر بـۆ ڕەخسا، سـەرۆکایەتی کـۆنگرە کە لەلایەن سـەرۆکی جەزائیـرەوە (هـواری بومـدیەن)[1] دەکـرا، لەپەراوێـزی کـۆنگرەکەدا و بەهەوڵـی دبلۆماسـیی نـاوبراو کە تـوانی سـەدام حسـەین و مـوحەمەد ڕەزاشـا کۆبکـاتەوە و ببێـتە دەسـتپێکی دانیـشتنەکانی داهاتویـان، دەرئەنجـام لە ١٩٧٤/٣/٦ ڕێکەوتنێک لەنێوان ئێران – عێراق لەلایەن سەعدون حمـادی وەزیـری دەرەوەی عێـراق وعەبـاس خەلعەتـبەری وەزیـری دەرەوەی ئێـران و بەسـەرپەرشـتی وچـاودێری عەبـدولعەزیز بـوتەفلیقەی وەزیـری دەرەوەی جەزائیـر مـۆرکرا. دەقـی ڕێکەوتنـامەکە بریتـی بـوو لەچوارخـاڵی سـەرەکی وچەنـد پرۆتۆکـۆلێکی پاشـکۆ ونـامە

[1] هـواری بومـدیەن (محمـدابراهیم بـوخروبە ١٩٣٢-١٩٧٨) سـەرۆکی جەزائیـر، بەنەخۆشـی شێرپەنجەکۆچی دوایی کرد.

بەهۆی ئەوەی نیوەی (شەتولعەرەب) ی بەخشیبویە ئێران و دەستی لێهەڵگرتبوو بەرامبەر پاڵپشتی نەکردنی ئێران لە شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلول)، هەروەها شۆڕشی ئێران مۆرکی - شیعە گەرێتی و تائیفیەتی- لە خۆگرتبوو، لەهەمان کاتدا بوبوە هۆی بوژانەوەو سەرهەڵدانی بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی و دەستگرتنی ئێران بەسەر بەشێکی بەرچاوی سەرچاوەکانی وزە (نەوت)، هەروەها دەسەڵاتی ئێران بەسەر تەنگەی هورمزدا لە کەنداوی (عەرەب- فارس) واتە خنکاندنی کەشتیرانی و بازرگانی وڵاتانی عەرەبی سەر کەنداوی (عەرەب-فارس)، بێگومان کۆی ئەم خاڵانەش لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا یەکی نەدەگرتەوەو و دژایەتی و نائارامی بۆ دروست دەکردن، بۆیە پێویستیان بە وڵات و سوپا و سەرۆکێکی هاوپەیمانیان هەبوو ئەرکێکی گەورەیان بۆ ئەنجام بدات، ئەو کاڵفامەش سەدام حسەین)ی گەنج بوو.

ڕێکەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥:

لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکەوتننامە شومەی ئازاری ١٩٧٥ کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر تەواوی ڕوداوەکانی سااڵنی دواتر و فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەری سەر هەڵدانی جەنگی (فارسی- عەرەبی ١٩٨٠ - ١٩٨٨) بووە، بۆیە پێویستە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین و بەندەکانی بخەینە ڕوو.

پـــاش ئەوەی ڕێکەوتننـــامەی ١١ ئـــازاری ١٩٧٠ی نێـــوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد و ڕژێمـی بەعـس گەیشتە بنبەست و جێبەجـێ نەکـرا، ڕژێمـی بەعـس ئامـانجی لەڕێکەوتـنەکە تەنهـا وە دەستهێنانی کات بـوو بـۆ زیـاتر خـۆ تۆکمە و بەهێز کردن و پاشـان خـۆدزینەوە لەڕێکەوتـنەکە، ئیـدی لە سـەرەتای ١٩٧٤ ئـاگری شـەڕ هەڵگیرسایەوە، لەو شەڕانەدا ڕژێم بەهۆی زۆری زەرەرو زیانە گیانی و ماددییەکـان هـیلاک و هەراسـان ببـوو، وەدوی دەرفەتێکـدا دەگەڕا ڕێکەوتنێـک لەتەک شـای ئێـران واژۆ بکـات و شکسـت بە شۆڕشـی کـورد بهێنێـت، ئەم دەرفەتەی لە کۆبـونەوەی بزافـی وڵاتـانی بـێلایەن (حـرکە دول عـدم الانحیـاز) لەئەیلـولی ١٩٧٣ لەجەزائیـر بـۆ ڕەخسا، سـەرۆکایەتی کـۆنگرە کە لەلایەن سـەرۆکی جەزائیـرەوە (هـواری بومـدیەن)[1] دەکـرا، لەپەراوێـزی کـۆنگرەکەدا و بەهەوڵـی دبلۆماسـیی نـاوبراو کە تـوانی سـەدام حسـەین و مـوحەمەد ڕەزاشـا کۆبکـاتەوە و ببێـتە دەسـتپێکی دانیـشتنەکانی داهاتویـان، دەرئەنجـام لە ١٩٧٤/٣/٦ ڕێکەوتنێک لەنێوان ئێران – عێراق لەلایەن سەعدون حمـادی وەزیـری دەرەوەی عێـراق وعەبـاس خەلعەتـبەری وەزیـری دەرەوەی ئێـران و بەسـەرپەرشـتی وچـاودێری عەبـدولعەزیز بـوتەفلیقەی وەزیـری دەرەوەی جەزائیـر مـۆرکرا. دەقـی ڕێکەوتنـامەکە بریتـی بـوو لەچوارخـاڵی سـەرەکی وچەنـد پرۆتۆکـۆلێکی پاشـکۆ ونـامە

[1] هـواری بومـدیەن (محمـدابراهیم بـوخروبە ١٩٣٢-١٩٧٨) سـەرۆکی جەزائیـر، بەنەخۆشـی شێرپەنجەکۆچی دوایی کرد.

ئالوگۆرکردن لەنێوان دوو وەزیری ناوبراوەدا، (خاڵە سەرەکیەکانی رێکەوتنامەی هەردولا جەختی دەکردەوە لەسەر :

١- نەخشە کێشانی تەواوەتی سنوری وشکانی نێوان هەردولا بەپشت بەستن بەپرۆتۆکۆلی قوستەنتینیەی ساڵی ١٩١٣ وە کۆنوسەکانی لێژنەی دیاریکردنی سنوری ساڵی ١٩١٤

٢- دیاری کردنی سنورە ئاویەکان بەپێی هێڵی تالوک[1]

٣- بەم پێیە هەردولا ئاسایش و بڕوابون بەیەکتری بە دڕێژایی سنوری هاوبەشیان دەگەڕێنەوە، لەو پێناوەشدا دانانی سنورێکی ئێجگارەکی بۆهەموو خۆدزینەوەیەک کە مۆرکی تێکدەرانەی پێوە بێت.

٤- هەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە ئەو رێکخستنەی لەسەرەوە دەستی پێکراوە، ڕەگەزی چارەسەرێکی گشتگیرن و لێی جیا نابنەوە، وە دەست لێدانی بنەمای هەریەکێکیان پێچەوانەی گیانی رێکەوتنامەی جەزائیرە.)[2]

بەپێی ئەم رێکەوتننامە هەموو جموجوڵێکی چەکداری بە پاساوی ئاسایش تێکدان و دەستوەردان دەهاتە ئەژمارکردن و لێی دەدرا،

---

*تالوک : لەبنەڕەتدا وشەیەکی ئەڵمانیە، بەواتای ڕێگای دۆل دێت، دواتر ((thulweg) بوبەزاراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری کردن لەناوەڕاستی ئاوەڕۆی ئاوەکان. عبدالرزاق الحسنی – تاریخ الوزارات العراقیە، ج٥، بغداد١٩٨٨، ص ٢٤

[2] گۆران ئیبراهیم صالح، دۆزی کوردلەبازنەی پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عیراقدا ٦/ئازاری١٩٧٥/٢ئابی/١٩٩٠ چاپخانۆژهەلات/هەولێر چاپی یەکەم سالی ٢٠١٣ لا ١٠٧

ڕوون وئاشکرایە مەبەستی ئەم ڕێکەوتنە لێدانی بزوتنەوەی کوردبوو، بەرامبەر دەستهەڵگرتنی عێراق لە بەشێک لە سنووری ئاوی و دەریاوانی لە شەتولعەرەب، بێگومان ئەم ڕێکەوتنە لە بەرژەوەندی ئێران بوو.

باوکم پیاوێک بەڕەنگی گوڵ، دایکم باخێک لەبۆنی ڕەیحانە:

باوکم (مامۆستا ڕەسوڵ) پیاوێکی خاکی، ئینسایکلۆپیدیایەکی زانستی زمانی عەرەبی و شارەزایەکی نایابی زمانی فارسی بوو، کرۆکی مرۆڤی بەگرنگتر سەیر دەکرد، گوڵێکی باخچە ڕازاوەکانی حوجرەکانی هەڵەبجە، براو خوشک و خزمان نازناوی (کاکە مەلا) یان پێبەخشیبوو، کاکە مەلا دۆستی ئەدەب و شیعرو کتێب خوێندنەوەو تێگەیشتنی هاوچەرخ بوو، مامۆستا جەمال حەبیبوڵلا (بێدار) ی شاعیر لە ستایشی باوکمدا دە ڵێت

مەلا ڕەسوڵیش چۆن دڵێرێ بوو زاناو شارەزا، چاک شاعیرێ بوو

سادە دەروون ودڵ و گیان ساف بوو ڕاستگۆو بێ گرێ، دۆستی ئینساف بوو، بەدین، بە غیرەت، وڵات پەروەر بوو ئارام، دەست ڕەنگین، داری بەبەر بوو، باوکم پیاوێکی پڕ زانست بەڵام تابڵێی سادەو بێگرێ و گوڵ، حەزی لە درۆ و فڕوفێڵ نەبوو، لە نەهامەتیدا هەرکەس پەنای بۆ بهێنایە ئەوەی دەیتوانی هاوکاری دەکرد، کاک حەمە سەعیدی فەرەج (حەمەی سەعی ڕەعنا) عەبابەیلیی دەڵێت : لەنەهامەتی وئاوارەییدا و لەو مزگەوتەدا کە لەئۆردوگای سەرابی

فەش دروستمان کردبوو، پێش شەهید بونی مامۆستا ڕەسول پاش ئەوەی پێش نوێژی بۆ دەکردین، ئەنجا عەسران وتارێکی بۆ دەخوێندینەوە و ئامۆژگاری ئارامگرتنی دەکردین، ئەمە یەکێکە لەشاهیدە زیندوەکان و دەبێت چەند کەسی تر هەمان دیدگای جوانیان بۆ باوکمان هەبێت و ئێمە بێ ئاگابین.لە بەرواری١٩٨٨/٥/٧ بەگوللەی دەستی هەندێ بەربەری گوڵی تەمەنی باوکم وەری، جێگەی خۆیەتی هەڵوێستی ئەم پیاوە گەورە و بەڕێزانە بنرخێنین کەلەکاتی ڕوداوەکەدا لەوێ بون و ڕۆڵیان هەبوو لە هێنانەوەی تەرمی باوکی شەهیدمان لە ئێرانەوە بۆ ئامێزی هەڵەبجە، سەرەڕای نەهامەتی و دژواری و سەختیەکانی ڕێگە، لەمزگەوتی جمهوری بەئاوی زوڵاڵی کانی سۆفی خێر (خدر) جەستەی عەتر پرژێن بکەن و لە گوڵانی گوڵەکانی بەهەشت و زێدی خۆی ئامێزیی بۆ بکاتەوە و بەخاک ئەسپەردە بکرێت، ئەو بەڕێزانەش بریتی بوون لە (مامە حەسەنی خوالێخۆشبوم، حاجی سەید عەبدولکەریمی تاوگۆزی، مامۆستا شێخ حەمەئەمین شێخ جەمیلی موفتی، مامۆستامەلائەحمەدی تاوگۆزی، خوالێخۆشبو کاک عەبدولقادر نادری هاوسەری پورە قەدریم و کاکە حەمەی مامە حەیدەرم و کوێخا مستەفای سازانی). دواتر بە وردی ئاماژە بە چۆنێتی شەهیدبونی دەکەم.

دایکم کچی حاجی حەمەحەسەنی حاجی ئەحمەدە لە بنەچەدا حاجی حەمە حەسەن خەڵکی سەولاوای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، وەک

هەموو کوردە بێنازو بێ بەشەکانی تر، بۆ بژێوی و کارکردن هاتوەتە باشوری کوردستان، لە کرێکارییەوە دەستی پێکردوە تا دوکانداری، باش بونی گوزەران پۆشاکی ئیحرامی پێ دەبەستێت لە میهری مەککە و حەج بێبەش نابێت، بوەتە یەکێک لە پیاوە ناسراوەکانی هەڵەبجە، حاجی باپیرم لە گەڵ تامین خانی مام عەبدولڕەحمانی سمایل ئاغا، کە لەبنەڕەتدا سەر بە هۆزی جەبارییە دەڤەری کەرکوکە و هەر لە منداڵییەوە لە سلێمانی نیشتەجێ بوبون، هاوسەرگیری ئەنجام دەدات و سێ کوڕو کچێکیان دەبێت بەناوەکانی (سابیر، صالح، توبا، نازم) توبای دایکم هەر لە منداڵیدا بێناز دەبێت لەسۆزو ئامێزی گەرمی دایکی و بەکوێرەوەری گەورە دەبێت، هەردوو باپیرم هاوەڵی یەکتر دەبن، حاجی شێخ عوسمان لەسازانەوە دێت بۆ هەڵەبجە و لەگەڵ باوە حەمە حەسەن بەهۆی کرێین و فرۆشتنەوە دەبنە دۆست و هاوسەرگیری دەیانکاتە خزم، حاجی شێخ عوسمان پیاوێکی تەڕ پۆشی بەئەزمونی سەرناس و دونیا دیدە بوو، بابە حاجی قسەکانی وەک نەخشی سەربەرد و وەک وەستایەکی کارامە ڕێز دەکرد، زوو لە ڕوداوەکان تێدەگەیشت و بیروڕاو خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆیی هەبوو بۆ حزب و هێزو شۆڕشی کورد، خوێندنەوەی ئەرێنیانە نەبوو بۆ حزبی کوردی، ئەزمونەکان سەلماندیان هەموو بیرو بۆچونەکانی تەندروست دەرچون، بابە حاجی خاتو مەریەمی خوشکی مارە دەکات لە باوە حەمە حەسەنم، دواتر توبای دایکم

دەبێتە هاوسەری مامۆستا مەلا ڕە سوڵی کوڕی حاجی شێخ عوسمان، کە دەبێتە باوکم، وەک مامە صادقم دەیگێڕێتەوە لەسەر داوای خزمان پەلە کراوە لە گێڕانی ئاهەنگ و شایی و سێ شەو و سێ ڕۆژ لەبەردەم مااڵی باپیرم لەگوندی سازان هەڵپەڕکێ بەردەوام بووە، باوکم دەیوت ئاهەنگەکە لە ١٩٦٠/٤/١٣ ساز کراوە، ئەم هاوسەرگیرییە بە چەندین هەورازو نشێودا دێت و دەچێت و یانزە منداڵیان دەبێت و پێنجیان هەر بە منداڵی وەفات دەکەن و دوانی ترمان بە گەورەیی و ساڵی ١٩٨٨ لە مااڵی خۆیاندا کۆچ دەکەن (دواتر ئاماژەی بۆدەکەم) و برین دەکەنە ڕۆح و جەستەی شەتەکی باوکمان، ئەوانی ترمان کە هەنوکە لە ژیانداین (تەها، یاسین، چنور، شاخەوان) هەتوانێکی سڕکردنی ئازارەکان بوین، پاش بیست ساڵ هاوسەرگیری مااڵی پڕ لە ڕەیحانەی باوکم و ڕۆحی ڕەحمەتیی دایکم لە١٩٨٠/٤/١٣ لەشەقەی باڵەکانیدا و بەرەو فیردەوس مااڵوایی لە شەش جگەرگۆشەو پیاوێکی پەمەیی کرد، پیاوە پەمەییەکە لەاواندنەوەی مااڵوایی ڕەیحانەدا دەڵێت:

ناتخەمە ناو توێی دەرونم ئەزانی هۆکەی چییە؟

خوا ئەیزانێ دڵ دۆزەخە، دۆزەخیش جێی تۆ نییە!!

ئاوابونی خۆری دایک بەهەنسک و فرمێسکی گەرمی منداڵی بێتازەوە، ئاوابونی جوانیەکانی ژیانە، ڕەش داگەڕانی ڕۆژی دڵ و ئاوابونی ئومێدە، ئەوەی مەرگی دایکی نەچەشتبێت هەست بە سوێی

ئازار ناکات، دایک مەملەکەتێک لە خۆشەویستی و میهرەبانی، بۆنێک لە وەنەوشە، باخێک لە بەهەشت، ئامێزێک لێوان لێو لە سۆز و هەناسەی گوڵ، چرایەک بۆ ئومێدی بەختەوەری، ئەمانە هەموو مانّاوایی لێکردین وەک گوڵی بەهار لە بێ ئاویدا سیس و بێ بۆن و لاوازی کردین، ئەوکات لە بەهاری سیانزەیەمی تەمەن و لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووم.

مەرگی دایک وشکبونی کانیاوی تەمەن و خەزانی پایيز ی پێشوەختەیە.

پاش مەرگی دایک لەو ساڵەدا باوکم پارچەیەک زەوی لە کۆمەڵەی هەرەوەزی وەرگرتبوو، سەرقاڵی دروستکردنی خانوە نوێکەمان بوین لە گەڕەکی مامۆستایانی هەڵەبجە، گەڕەکی مامۆستایان لانکەی هەرزەکاری و ژیانی خانوی مۆدێرن و خەڵکانی ڕۆشنبیر، لەو کاتەدا بە هەموو پێوەرەکان گەڕەکی مامۆستایانی هەڵەبجە بەرامبەر گەڕەکە های لایفەکانی شارە پێشکەوتوەکان بوو، خانوە (غەربی) یەکەمان تەواوکرد و گواستنەوەمان کەوتە مانگی ئەیلول، لەمانگی ئەیلولدا باوکم پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ دادە عەفیفەم ئەنجامدا و خێزان و خانوی تازە ئاسۆیەکی ئومێدی بەخشییە باوکم. دادە عەفیفەم کچی مامۆستایەکی ئایینی ناودارو ناسراوی هەڵەبجەیە.

مامۆستا شێخ موحەممەد پیاوێک لە بۆنی میسک:

باوکی دادە عەفیفەم کە دەکاتە مامۆستا شێخ موحەممەدی شێخ ڕەسوڵی قەرەداغی، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی تەکیەی قەرەداغە، پیاوێک لە دینداری و ئەوین و شیعرو بۆنی میسک و عەنبەر، هەرگیز لە مەجلیسی دا تینوێتیت نەدەشکا، هەر لەبابەتە فیقهییە هاوچەرخەکانەوە تا شیعری تەڕو پاراوی بیخودی مەزن و هەتا کتێبە نایابەکانی زانایانی دێرین و پێشین و هەتا بۆنی کەبابی هەڵەبجە و نوکتە پڕ مۆچیاری و پەندەکان بەدەم پێکەنینەوە مەجلیسی دەکردە باخێک لە بۆنی گوڵعەنبەر. باوکم ڕووی لەم زانایە کرد و ئەویش بە میهرەبانی خۆی کچێکی پێبەخشی. ئێمە پێمان دەوت دادە، چونکە دادەمان لە باجی پێ خۆشتر و لە دڵ و ویژدان نزیکتر بوو، دادە عەفیفەشم حەزی لە چەمکی دادە بوو، لەم پرۆسە ی هاوسەرگیرییە سێ بۆ گوڵ و چاوگەش سێ خەندەی بەهەشتمان هەیە (پشتیوان، فەهمی، دارەوان)، دادەم تێر نەبوو لە بۆنی باوکم دەستە ڕزیوەکانی چەک بێ هاوسەریان کرد و بێوەژنی بویە کالایەکی نەخوازراوی ژیانی، براکانم هەر لەمندالییەوە چاوەکانیان بە گەرمی فرمێسکی باوک شەهیدبون ئاشنا بوو، تا هەنوکە لە چاوانیاندا ئەو بێنازیە وەدی دەکرێت، بێبەش بوون لە ئامێزی گەرمی باوک و نەهامەتیەکانی هەڵەبجە ژیانی ئەوانیشی کردبویە تووڵە ڕێ یەک لە هەناسەی مەرگ و پیاسەیەکی دژوار لەگەڵ بۆنی سێوێکی ڕزیو. چونکە باوکمان پەپولەیەکی پەمەیی و گوڵە گەنمێکی نەوی و مامۆستایەکی پەروەردەیی بوو، هەوڵی هەموو جگەر گۆشەکانی ئەوەبوە ڕۆحی شاد کەین و ڕێگەی بەردەوام بێت.

تۆپی پێ:

یەکێک لە خولیاکانی تەمەنم یاری تۆپی پێ بوە، هەرلەمندالّی یەوە تۆپم هەبوە و لەتۆپ دانەبڕاوم، لە نێو منداڵەکانی گەڕەکدا هەمیشە سەرۆک تیپ بووم، ئەوەی زیاتر خولیاکەمی چڕ کردبویەوە خاڵۆ نازمم بوو، یاریزانێکی دێرین و سەرۆک تیپی شۆڕشی خورماڵ بوو، هەرجارێک سەردانی ماڵیانم بکردایە فانیلە و پێڵاوی کۆنەش بوایە وەرم دەگرت، ساڵی ١٩٧٨ پاڵەوانی جامی جیهانی تۆپی پێ لە ئەرجەنتین کرا هەر لەو کاتەوە بومەتە لایەنگرێکی سەرسەختی ئەرجەنتین و سەرسام بوم بە (ماریوکەمبس، مارادۆنا) کەمبس گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە بوو، هەروەها ئەرجەنتین لەیاری کۆتاییدا لە هۆڵەندای بردەوە ٣-١، زۆر سەیرە ئەرجەنتین و کیشوەری ئەمریکای باشور ئافرێنەر و یاریزانی ناوازەی مێژوویی لێ نابڕێت، لە دەستپێکی هەشتاکاندا لە تیپی سپۆرت یاریم دەستپێکرد لەسەر دەستی مامۆستا سالار، لە بەر لێهاتویی لەنێو تیپی شنرۆێ کە دیارترین و بەهێزترین تیپی تۆپی پێی هەڵەبجە بوو یاریم دەکرد و لەو میانەدا لەگەڵ هاوڕێکانم مێژوویەکی پڕ سەروەریمان بۆ شارەکە تۆمار کردوە و یەکێک بووم لە یاریزانە بنەڕەتی و کاریگەرەکانی تۆپی پێی هەڵەبجە، ئەمەش ڕاستیەکە یار و نەیار و نزیک و دوور شایەتی لەسەر دەدەن. بەڵام تۆپی پێ هەرگیز داهات و بژێوی بۆ من نەبوە، بەڵکو زەحمەت و ئازارو لوت شکان و بریندار بون و پارە

سەرفکردنی بێهودە و دەست لە بن هەمانەوە دەرچونی بەدواوە بوە. لە ژیانمدا لە هەندێک شت پەشیمانم یەکێک لەو شتانە تۆپی پێیە، چونکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن بۆم دەرکەوت وەرزش لە وڵاتەکەمدا بێ بایەخە.

گەڕانەوە بۆ زەققوم[1]:

پاش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران، سەدام وڕژێمی بەعس بەدەرفەتیان زانی پاشەکشێ لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان بکەن، ئەوەبوو سەدام لە وتاری دوانزەهەمین ساڵیادی سەرکەوتنی شۆڕشی تەموزی ١٩٦٨ و یەکەمین ساڵیادی دەستبەکاربونی وەک سەرۆک کۆمار بڕیاریدا پاشەکشێ بکات لەم ڕێکەوتنە وهەڵوەشاندنەوەی ڕاگەیاند.

ئەمەش بوە هۆی دوبارە سەرهەڵدانەوەی کێشەی سنور لە نێوان عێراق و ئێران و فاکتەرێکی ناڕاستەوخۆی سەرهەڵدانی جەنگی (فارس - عەرەب ١٩٨٠ – ١٩٨٨) واتە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگە شومەکەدا، ئێمە گواستمانەوە بۆ گەڕەکە نوێ ومودێرنەکەی هەڵەبجە، وەک ئاماژەم پێکرد سەدام لە ١٧ ی تەموزی ١٩٨٠ وتارێکی ئاگرینی داو بەرئەنجامی وتارەکەی لە ١٩٨٠/٩/٢٢ واتە پاش

---

[1] زەققوم: داری زەقنەموت، درەختێکی بچوکی بۆگەنی بەروبوم تاڵە لە ناوچەی تهامە دەڕوێت، خواردنی دوزەخیەکانە، لێکچواندنی منە بۆ جەنگی عێراق - ئێران، جەنگەکە زەققوم بو بۆ گەلانی ناوچەکە بەگشتی.

دوومانگ لەوتارەکەی بەهێزەچەکدار و سەربازیەکانی و بە قۆستنەوەی باری نائاسایی و شڵەژاوی ناوخۆی ئێران، پەلاماری ئێرانی داو بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو و لەماوەیەکی پێوانەییدا چەندین شاری ئێرانی داگیرکرد، ئیتر جارێکی تر پشێوی و نائارامی بااڵی کێشایەوە بەسەر ناوچەکەداو حزبە کوردییەکانیش هەریەک بەشێوازو قەبارەی خۆی بونە بەش و پشک لەو جەنگە.

بەردەم دوکانی حاجی عیزەت و گەراجی شێخ سلێمان لە حەفتاکاندا

• حزبەکان وباری سیاسی وکۆمەڵایەتی پێش کیمیایی باران:

لەو سۆنگەیەوە کە هەڵەبجە ناوچەیەکی دورە دەستی ڕژێمی عێراق بوو، هاوکات ناوچەیەکی شاخاویە، ئەم فاکتەرانە وایکرد بوو هێزی پێشمەرگە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا کونترۆڵی تەواوی سنورەکە بکەن، بەتایبەتیش هەڵەبجە و دەورو بەری لە پێش خۆرئاوابون و لە شەوانیشدا بە دەست پێشمەرگەوەبێت، دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین لەساڵی ١٩٨٢ و لە هەشتەمین ساڵیادی بۆردمانکردنی هەڵەبجەدا خۆپیشاندانێکی تر بالاپۆشی هەڵەبجە بوو، لەیادمە ئێمە خوێندکاری ناوەندی بووین، لەپرۆناکاودا ئەفسەرێکی ڕژێم شەقێکی لە دەرگای پۆلەکەمان داو بەپرتاو خۆی کرد بەپۆلەکەماندا و بەم دەستەواژەیە هەڕەشەی لێکردین کە (اللی بس یصیح اشگ حلگە) هەرکەس تەنها یەک هاوار بکات دەمی هەڵدەدڕم، ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانەش دوبارە خامۆش بوون و بێ ئاکامی بوو.

بزوتنەوە و بزافە نەتەوەیی و سۆشیالیزمی و ئیسلامییەکان هەڵەبجەیان بە بنکەو پێگەیەکی بە هێز دەزانی بۆ چالاکیەکانیان و توکمە کردنی ڕێکخستنەکانیان، لەوکاتەدا ئەم حزبە کوردیانە خەباتی چەکداری ئاشکراو ڕێکخستنی نهێنیان هەبوو، بەڕەی جود کە پێکهاتبوولە: (پارتی، حزبی شیوعی، پاسۆک و حسک) وئەمانە لەئامێزی ئێراندابوون، (یەکێتیی نیشتمانیی) بە تەنیا و لەشەڕێکی سەختی براکوژیدابوو، لەگەڵ بەرەی جود لەلایەک و لەتەک حکومەتی

عێراق لەلایەکی تـرەوە، هـاوڵاتیـانی هەڵەبـجەش وەک تەواوی شـارەکانی تـری کوردسـتان بەسـەرئەم حزبـانەدا دابەش ببـون ولایەنگیریـیان دەکـردن، هاوکـات لەنـاو شـار و لەنـاو مزگەوتەکانـدا بەنهێنی رێکخستنێکی بەهێزی برایانی موسڵمان (الاخوان المسلمون) کـاری تۆکمەیـان دەکـرد، (ئیخوانولموسـلمین بزاڤێکـی سیاسـیی ئیـسلامیی و لەسـاڵی ۱۹۲۸ ولەسەردەسـتی (حـسن البنـا) دامەزرێنرابـوو، شـایانی باسـە شـێخ محمـد محمـود سـەواف و شـێخ ئەمـجەد زەهـاوی سـاڵی ۱۹۵۲ هـاتونەتە هەڵەبـجە و کرۆکـی فیکـری ئیخوانیـان هێنـاوەتە کوردسـتان و هەڵەبـجە)[1] ، لەگەڕمەی چـالاکیە سیاسـیەکانیاندابون و رێکخستنێکی پـۆڵاینیـان دروستکردبوو، دواتـر بـوە نـاوک و کرۆکـی سـەرهەڵدان و بەهێـز بـونی بزافـی ئیـسلامیی کوردستان، هاوکات حزبی بەعس چەند ئەندام و لایەنگرێکیان هەبوو کـاری حزبییـان ڕادەپەڕانـد، هەنـدێک لەم بەعـسیەکوردانە لەبەر پارویەک نـان و هەیـان بـوو دژە کورد و تێشیاندا بـوو لە ڕق و دژی سەرکردەکانی شۆڕشـی کـورد ببـونە بەعسی، هەندێکی تریـان لە بەر پـشێوی و بێـسەرو بەری و کێـشەو ململانـێ ناوخۆییەکـانی حـزبە کوردییەکـانی شـاخ هـاتبونەوە و چەکیـان بـۆ ڕژێـم هەڵگرتبـوو، لەنـاو خەڵکیدا بە (جاش) ناودەبران، کە دانوستاندنی نێوان ڕژێـم و یەکێتیـی

---

[1] حەکیم مەلا صالح، هەلەبجەلەئامێزی میژودا، چاپخانەی چوار چرا سلیمانی، چاپی دووەم، ل٢٤٢)....

نیشتمانیی دەستپێکرد، یەکێتیی تاک لایەنە هاتبوە دانوستانەکە، چونکە لە شەڕێکی براکوژی خوێناویدا بوو لەگەڵ بەرەی جود (پارتی، حسک، پاسۆک وشیوعی) و ئەمانەش زۆر سەرسەختانە دژایەتی ئەم دانوستانانەیان دەکرد و لەڕێگەی ڕێکخستنەکانیانەوە یەکێتی یان بەجاش و خیانەتکار پێناسە دەکرد، هاوکات یەکێتی لەڕێگەی ڕێکخستنەکانیەوە کەوتنە ئاهەنگ گێڕان، بە ئاشکرا بە ئۆتومبێل بە شەقامەکاندا دەسوڕانەوە بەشەو و ڕۆژ و کۆمەڵێک دروشمیان دەوتەوە (ئێمە نەوەی مارکسین لە سێدارە ناترسین)، (ئێمە نەوەی لینین.. دژی ئاین و دینین)، (بەرەی جودی چەواشە میللەت ئەیناسێ جاشە) لەپاش گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی یەکێتیی و ڕژێمی بەعس لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ و پاش نەگەشتنە ئاکام و ئەنجام ڕاستەوخۆ وەک دەرهاوێشتەیەکی ئەم ڕێکنەکەوتنە (جاش خفیفە)[1] ڕژێم ناوی لێنابون (افواج الدفاع الوطنی) دروست بوو، ئاشکراکردنی بەشێک لەڕێکخستنەکانیان یەکێک بوو لە دەرئەنجامی هەڵەکانی یەکێتی و دواتر باجێکی قورسی ئەم کارەیاندا.

[1] جاش خەفیفە:هێزی چەکداری سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستان بون، پاش شکستی دانوستاندنەکانی ڕژیم و یەکێتی سەری هەڵدا، ژمارەی چەکدارانەی ئەم فەوجانە کەمتر بون لەفەوجی سوپا،بۆیە پێیان دەوترا خەفیفە، سەرۆک جاشەکە ناوی ١٠٠٠ چەکداری وەهمی دەدا بەرژیم و مانگانە ٨٠ دیناری سویسریدەدرا بەهەر چەکدارێک، سەرۆک جاشەکە پارەکەی بۆخۆی هەڵدەگرت و بەخێرایی دەوڵەمەند دەبوو.

پەیوەندی خەڵکی هەڵەبجە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە سەر بنەمای خوێن و بنەماڵە و خێزان لە دێر زەمانەوە تا هەنوکە ڕێکخراوە، وەک تەواوی خەڵکی کوردستان تیرەگەرێتی وعەشیرەت و بنەماڵە ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لەڕێکخستنی ژیانیاندا، کێشە و شەڕ و ئاژاوە لەنێوان عەشیرەت و بنەماڵەکان و خوێنڕژان و کوشتن و تۆڵەکردنەوە یەکێک بوون لەئادگارە نێگەتیڤ و ناخۆشەکانی ئەو قۆناغە، هەندێکجار شەڕ و ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان ڕوی دەدا، تا ئێستەش نازانم لەبەرچی و لەسەر چی بووە؟ هەروەهاش چەندین ڕوداوی کوشتن و تیرۆری سیاسیی تر، هەندێکی یادەوەری یارمەتیم نادات بە وردی بینوسم و هەندێکی تری لەبەر هەست بریندار نەکردن بە پێویستی نازانم بیگێڕمەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی زەمینە سازی کرد بوو هەڵەبجە ببێتە لانکە و بنکەیەک بۆ ئەو گەنجە کوردانەی لە خزمەتی سەربازی ڕژێمی بەعس هەڵدەهاتن، موستەشارەکان وەک هەلپەرستێ لێقەوماویی فیرارەکانیان دەقۆستەوەو بەرامبەر کارتێک وەک شوناس کە بڵێت هەڵگری ئەم بەڵگەیە سەربە فلان فەوجی جاشە، مانگانە نزیکەی هەشتا دیناری ئەو کاتەیان بەرامبەر هەرکەسێک لە ڕژێم وەردەگرت و دەیانخستە گیرفانیان و لەپڕ دەبوون بە کوڕ و دەوڵەمەند دەبون، دروشمەکەیان (بەر بەنیوەیی) بوو، واتە پارە بۆ سەرۆک جاش و سەلامەتی بۆ سەربازە فیرارەکە (حزبی بەعس پاش نزیکەی سەد ساڵ لە دەوڵەتی

عوسمانی و پاش زیاتر لە پەنجا ساڵ لە دەوڵەتی هاشمی، لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا توانی بەهەمان شێوەی جاران زیاتر لە ٣٥٠ فەوجی میلیشیایی بەناوی تیرەو هۆزو خێڵەوە دروست بکا و سەدان هەزار کورد چەکدار بکات، لە شەڕی ئێراندا بەکاریان بهێنێ و لەهەمان کاتدا بیانکاتەوە بە گژ شۆڕشی کوردا، ئێستاش بە هەمان نازناوی تیرە و هۆز و خێڵەوە، بەهەمان نازناوی گوندو شارو ناوچەوە سەدان ڕۆشنبیر، نوسەر، شاعیر، ڕۆژنامەنوس ڕۆژانە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕەش ئەکەنەوە...)[1]

لەڕوی ئادگارەکانی شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە لە هەڵەبجەدا ئەم شوێن و دەزگایانە هەبوون، زیاتر لە پەنجا مزگەوتی گەورە و بچوک، دوو نەخۆشخانەی گەورەو دوو بنکەی تەندروستی بچوک، سینەما، کتێبخانە، کارگەی پوختە کردنی توتن، کارگەی ساردکەرەوەی پەتاتە، یاریگا و مەڵبەندی لاوان، دەزگای ڕۆشنبیری و هونەری نمایشی شانۆگەری، یانەی فەرمانبەران، قەیسەری حامید بەگ و شنرۆ، دەیان خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، شەش گەرماو (حەمام)ی گشتی، دەزگا حکومییەکان، بانک، چەندین هاوینەهەوار، بەنزینخانە، کوشتارگە"قەسابخانە"، دادگا، باخی گشتی..

[1] نەوشیروان موستەفا امین، بەدەم ریگاوە گولچنین کتیبی یەکەم بەرگی دووەم، الدار العربیە للعلوم، ناشرون، ، ٢٠١٥ل١١)

هتـــد) هەروەهـــا یەکێـــک لەســـیما جوانەکـــانی هەڵەبـــجە بـــونی هاونیـشتمانیانی کـاکەیی بـوو، خـۆم چەنـدین هـاوڕێم لە قوتابخـانە هەبوو لە کاکەییەکان، خەڵکی هەڵەبجە هەستی بە هیچ هەستیاریيەک بەرامبەریـان نەدەکـرد و تـێکەڵاوی و دۆسـتایەتی تـا ئاسـتی ژن و ژنخـوازی هەبـووە، لە خۆشـی و ناخۆشـیەکاندا لە کیمیـایی بـاران و دورخستنەوە بۆ نوگرە و سەلمان و گردەچاڵ و بەرحوشتر هـاوبەش و هـاو خەم و چـارەنوس بـوین، پـشکی بەرچـاوی نەهامەتیەکانیـان بەردەکەوت. وەک دەگێـڕنەوە لە کۆنیـشدا هەمـان ئاکـار لە نێـوان موسڵمان و جولەکەکانی نیشتەجێ ی شاردا هەبووە.

لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠ تـا کیمیـایی بـاران و لەکـاتی جەنگـی (عەرەب –فـارس) عێراق - ئێراندا، شـاری هەڵەبـجە هەمیشە یەکێک بـوو لەو شـارانەی دەکەوتە بەر تۆپبـارانی لەشـکری ئێران، بێهـودە و بێسود ئێران بەتایبەتی لە مانگەکانی ڕەمەزاندا بە تۆپی دور هـاوێژ و بەخەسـتی دەکەوتە بۆمبـارانکردنی هەڵەبـجە، هەنـدێکجار بە موشـەک کە پێـی دەوتـرا (ڕاجـیمە) هەنـدێکجار تـۆپی دورهـاوێژ کـاتی دیـاری کراوی هەبوو، خەڵک هەمووماـن دەمـانزانی نیـوەڕوان کـاتی تـۆپەکەی ئێرانە، هەر بە ڕاست لەو کاتە دیاریکراوەدا دەمـانوت (کـاتی تـۆپەکەی ئێرانە) و لەو کاتەدا تۆپێک دەهات و زۆرجـار بێ زیـان و هەنـدێکجار چیرۆکـی مەرگ ئـامێزی دروسـت دەکـرد، بـۆ نمـونە کارەسـاتێک لە (ڕۆژی ٨/٦/ ١٩٨٧) ڕوویدا، کاتێک ئێران بۆردومـانی دەکـردین بەتـۆپ،

خەڵک لە ناحیەی سیروان بۆ خۆپاراستن پەنایان بردبوە بەر یەکێک لە قوتابخانە دوو نهۆمەکان و لەئەنجامدا تۆپێک دەکێشێت بە بەرمیلە نەوتەکانی قوتابخانەکەدا، ئەو کات دەوترا نزیکەی ١٥٠ هاوڵاتی (ژن و منداڵ و پیاو و کوڕ و کچی لاو) بونە قوربانی و یاخود بریندار بوون، ئەو ڕۆژە هەموو هەڵەبجەییەکان بەگەورە و بچوکەوە فریای قەبر و گۆڕ هەڵکەندن نەدەکەوتین و ناچار بە حەفارە گۆڕەکان هەڵدەکەنران و شەهیدەکان بە کۆمەڵ دەنێژران، ئەو ڕۆژە لە یادەوەری هەڵەبجەییەکاندا زیندوە و ئامادەگی کارای هەیە، بە هۆی بۆردومانی بێ پاساوی ئێرانەوە دەیان جار خەڵکی هەڵەبجە ئاوارەی شارو شارۆچکەکانی تری دەوروبەر دەبوون، لە ئەنجامی ئەو بۆردومانانە چەندین کەسی بێتاوان دەکوژران و شەهید دەبون.[١]

[١] لەم ڕووە وە من هەر ئەوەندەم لەسەرە کە باس لە ڕوژگارە بکەم. نەک قەڵەم دابگرم لەسەر ئەوانەی شەهید و بریندار بوون و زیانە مادیەکان و زیان گەیاندن بە تۆڕی کارەبا، ئاو، ئیدارەکان و کاسبکاران بەگشتی، ئەوە بەئەرکی سەرشانی قائمقامیەت و شارەوانی دەزانم.

ماموّستایان و قوتابیانی قوتابخانه شنرویّ ، باوکم ماموّستا ڕەسول

یەکەم ماموّستای دەستە چەپ لە پێشەوە

روداوەکانی پێش کیمیایی باران

• ڕاپەڕینی مایسی ١٩٨٧* :

ڕژێم بەردەوامی دابوە سیاسەتی سێکوچکەی (تەعریب و تەرحیل و تەبعیس) لە میانەی ئەم سیاسەتەدا، وەک قۆناغی دووەم دەستێکردە ڕاگواستنی (٥٢)گوند لە گوندەکانی شارەزوور و دەوروبەری هەڵەبجە و دەنگۆی ڕاگواستنی هەڵەبجەش لە ئارادابوو، خەڵکی بێزارو دڵتەنگ و گوندنشینەکان فرمێسک لە چاوەکانیان دەباری، جەماوەر چاوەڕێی بزیسکەیەک بون تا ئاگری ڕاپەڕین هەڵگیرسێنن، لە یادمە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە بڵند گۆی مزگەوتی گەورەوە دەستیانکرد بە بانگەواز بۆ ڕاپەڕین و ژێلەمۆی ڕاپەڕین بڵێسەی سەندو بویە ئاگر و بەربوە جەستەی ڕژێم، نا ئارامی باڵی بەسەر شاردا کێشا، هەڵەبجە و سیروان کەوتنە دەست خەڵکی و پیاوەکانی ڕژێم لە سەربازگەی سەرەکی هەڵەبجە و دەڵەمەڕ گرد ببونەوە، وەک لاوێکی خوێن گەرمی هەڵەبجەیی بە هەڵمەتەوە ڕۆیشتم و بەشداریەکی چالاکانەی ڕاپەڕینەکەم کرد و لە ناو بازاڕەوە و لە بەردەم دوکانەکەی مەحموی سافەوە گوللەی

*بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی دۆکیومێنت و ناو و ژمارەی شەهیدەکان خوێنەردەتوانیت بگەڕێتەوە بۆ هەردوکتێبی، حلبجه فی مواجهه سموم الموت، اعداد وتحقیق بکرحمەصدیق عارف، چاپی یەکەم بیروت-لبنان سالی ٢٠١٤، هەروەها کێبی، عەبدوللا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال

سەربازەکانی ڕژێم بەسەر جادەکەدا فیشەی دەهات و ئێمەش دروشمی دژە بەعسمان دەوتەوە، بە گەڕەکی پیر محەمەو بەرەو کۆلانەکەی مزگەوتی دارولئیحسان بە ڕێکەوتین بە دروشم وتنەوە هاتین و لە پێشەوە چەپکێک گوڵم بە دەستەوە بوو بە پێی لێکدانەوە و بیر کردنەوەی ئەو قوناغەی تەمەنم گوزارشت بوو لە ئاشتی و ئازادیخوازی، گەیشتینە سەر سوچی مزگەوتەکە سەربازەکانی ڕژێم بەشەقامە سەرەکیەکەدا دەگەڕانەوە پشتیان نابوو بەیەکەوەو تفەنگەکانیان ڕوی لە ئێمە بوو، ئەفسەرەکەیان هاواری دەکرد هەقتان نەبێت بە سەرمانەوە هەقمان بەسەرتانەوە نیە، بەڵام کە تەقەش دەکەین تەنها بۆ ئەوەیە کە گەڕاینەوە لێپرسینەوەمان لەگەڵ نەکرێت بۆ دەنگی تەقە کردنتان نەهاتوە؟ گەڕانەوە و بەناوماندا تێپەڕبون، لەم کاتەدا جەستەی لاوێکی خوێن گەرم بەسەر شانی چەند لاوێکی بەشداربوی ڕاپەڕینەکەوە بوو، دواتر زانیم کاک مەریوانی هاوڕێمانە، هێندەی تر ئاگر لە دڵمان بەربوو، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دروشمەکانی ڕوخانی ڕژێم و گەڕانەوەی گوندەکان بەردەوام بوو، نارنجۆکێکم کڕیبوو لە ماڵەوە شاردبومەوە، ڕۆژی دوایی نارنجۆکەکەم خستە بەر پشتێنەکەم و بەرە و کانی عاشقان بەڕێکەوتم، گەیشتمە قوتابخانەی سالم دەبینم (سەلام عەبدولڕەحمان) کە یاریزانێکی هاوڕێمان بوو لە قوتابخانەکەدایە و چاوەڕێی هاتنی جەماوەر یا پێشمەرگەی دەکرد و (ئار بی جی) یەکی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی و

دەمانچەیەکی جۆری (لامە) ی پێبو لەگەڵ هەندێک گوللە ئاڕبی جی، هێلیکـۆپتەرێکی ڕژێـم دەسـتیکرد بەبۆردومـانی کـوێرانەو چەنـد گوللەیەکی ئاڕاستەی کانی عاشقان کرد، لەم کاتەدا ئیمە بوینە سێ کەس و کەسی سێیەم کاک واحیدی حمەی حاجی واحید بوو، کەس نەهـات بەدەم کاک سـەلامەوە، هەواڵەهـات ڕژێـم بە هێزێکی سـەربازی زۆرەوە بەرەو کانی عاشقان دێت، کاکە حەمەی مـامە شێخ حەیدەرم بـرای شـەهید فـاتیح بەجێبەکەی خەریکی گواسـتنەوەی بریندارەکان بـوو، بەچـاوی خـۆم فوئـادی کـاک ئەوڕەحمـان ڕەشـیدم بینـی بەبریندارى، کاکە حەمە گواستیەوە بۆ چارەسـەر لەماڵێک کەوادەزانم پێشتر هـیچ ئامادەکـاری تێدا نەکرابـوو بۆچارەسـەری بریندارەکان، بەڵام بـرینەکە سـەخت نەبـو، ئەم کـاک فوئـادە سـاڵی دواتـر لەگەڵ خیزانەکەیاندا لە کیمیـایی بـارانەکەدا شـەهید بـوو، کاک سـەلام ئاڕبی جی یەکەی هەڵگرت و منیش ڕومـانەکەم هەر پێبـوو، چەند گوللە ئاڕ بی جی یەکم بۆ هەڵگرت و بە ڕەو پشتی باخی میر و کانی سـۆفی خێـر (سـۆفی خـدر) و ڕوەو گەڕەکـی سـەرا ڕامـانکرد، ڕۆیـشتین تاگەیـشتینە کـۆڵانـی مـاڵی شـێخ مەحمـودی مـامی بـاوکم لەنزیـک مزگەوتی داروسسە فا (بۆینی یەکان)، پارچەیەک لە پشتێنەکەم کردبو بە دەمامک بۆ ئەوەی خەڵکی و پیاوانی ڕژێم نەمناسنەوە، مـاڵی کاک بورهانی زاوامان بۆ سـەردان هـاتبونە مـاڵی خوشکێکی لەو کۆڵانەدا، پرشنگی خوشکم و هاوسـەرەکەی کە منیـان بینی شـڵەژان و منداڵێک

وتـی ئەوە کـاک یاسـینە و دەمیـان گـرت، لەم کـاتەدا پیاوێـک هـاتو دەستی گرتین و وەرنە مآل وەرنە مآل بردینیە مـاڵەکەی خۆی، دواتر زانیم مآلی کاک (ڕ) ناوێکە ئەویش پیاوی ڕژێم بـوو، ئەم پیـاوە دآلدەی دایـن و ئـاڕ بـی جـی یەکەی وەرگرت و نـارنجۆکەکەی لەمـن وەرگرت و شـاردیەوە، دواتر نەمزانـی چـی لێهـات ! هەربەدەم و چـاو هەڵپێچراوی هاتمە دەرەوەو پرشـنگی خوشکم و زاواکەمـان دەستیان گـرتم و بردمیـانە مـآلی شـێخ سـەلاحی شـێخ کەریمـی سـازانی، لەوێ دەمامکەکەم لابرد و پرشـنگ دەستیکرد بەگریـان و هـاوار کـردن چـی ئەکەیـت و خەریکـی چیـت؟ هێورمـان کـردەوە، ئەو شـەوە لە مـآلی خوشکەکەم مامەوە، بەیانیەکەی بەشداریم کرد لە مەراسیمی بەخـاک سپاردنی گەنجێکی بـامۆکی بەنـاوی (بورهـان ئەحمەد عەبدولقادر) ی کچەزاری حـاجی محمـدی خـانم بـامۆکی کە شـەهید ببو، کـاک سـەلام هەڵهـاتبو بەرەو بارەگاکـانی پێشمەرگە لەگونـدی هـاوارو هەوارەکـۆن چەند ڕۆژێک مابویەوەو دواتر ڕۆیشتبو بەرەو ئێران.

کانی عاشقان پاش پوخاندنی لەلایەن پژێمی بەعسەوە

ڕژێم دەستی بەشالاوێکی بێ بەزەییانە کرد بوو بۆ گەڕەکی کانی عاشقان و کۆنترۆڵی کردەوە، کۆمەڵێک کەسیان دەستگیرکرد و کۆمەڵێک لەخەڵکی مەدەنی بریندار ببون لە نێویاندا ئومێدی ئامۆزام کە لەئەنجامی تەقینەوەی خانوەکانی کانی عاشقان و ماڵی باپیرم بریندار ببو، بەنیازبون بیبەن بۆ نەخۆشخانە بەڵام کاکە حەمەی مامەشێخ حەیدەرمان نەیهێشت بوو، چونکە برینەکەی سەخت نەببو بەسەیارەکەی بردبوی بۆ ماڵی مەحمودی حاجی واحید کە برین پێچ بو تیماری کردبو، مامە حەسەنم و موحەممەدی کوڕی لە گەل دەیان کەسی تر لە بینای قوتابخانەی سانەوی هەڵەبجەدا دەستبەسەر کرابون و هێزی سەربازی بەچەکەوە دەوریان دابون، لەم کاتەدا هێلیکۆپتەر بەئاسمانی هەڵەبجەدا دەسوڕایەوەو بەبڵندگۆ و بەدەنگی (ب، ح، ب) کە پیاوی ڕژێم بوو، لەگەل کەسایەتیەکی ناوداری ئایینی هەڵەبجە بانگەوازی کۆتایی هێنان بە پشێوی و خۆپیشاندانیان دەکرد، لە ناو قوتابخانەکەدا (ح، م) ناوێک کەپیاوی ڕژێم بوو، خۆی گوتەنی زۆر شانازی بە (سەیدول ڕەئیسەوە) دەکرد، هاتبوە ناو خەڵکەکەو لە شوێنێکدا کەمێک بەرز تربوو دەستیکردبو بە جنێو و قسەی ناشرین بە خەڵکەکەو مەلامستەفاو کورد و کوردستان و مام جەلال و هەمو شتێک کەئەوکات لای کورد پیرۆز و خۆشەویست بوون، خەڵکە بێتاوانەکەش کەسیان قسەیان بۆ نەدەکرا جگە لە پیشخواردنەوە، (پاش ڕاپەرین ئەم کەسە بویە ئەفسەرێکی گەورەی پارتی دیموکراتی

کوردستان بە چاوەکانی خۆم ساڵی ٢٠٠٦ لە هەولێر بینیم) لەم ڕاپەڕینەدا هەرگیز ناکرێت ڕۆڵی ئەکتیڤ و جوامێرانەی مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز فەرامۆش بکرێت کە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی پاشتا بوو، وتارە ئاگرینەکانی ڕۆژانی هەینی دژی ستەمی بەعس و کێشە سیاسی و هەنوکەییەکانی کۆمەڵگە، کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر جۆشدانی لاوان و گەنجانی هەڵەبجە، لەبەرئەنجامی ئەم ڕاپەڕینەدا و پاش ئەوەی فەرمانی گرتن بۆخۆیی و مامۆستا مەلا عوسمان و چەند کەسێکی تر دەردەچێت بەرەو سنورەکان ڕێگە دەگرنەبەر و دەڕۆن بۆ ئێران، دواتر لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ و لە کۆنفرانسێکدا لەشاری سنە بزوتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان وەک هێزێکی ئیسلامیی خەباتی چەکداریان ڕاگەیاند بەناوی جیهادی چەکدارانە دژی بەعس.

خزمێکمان کە کرێکار و کارگوزار بوو لە مونەزەمەکەی بەعس، هەواڵی هێنا بۆ باوکم کە ناوی خێزانەکەمان لەلیستی ئەوانەدایە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچوە، بەبیستنی هەواڵی گرتنەکە بە خێرایی هەندێک کەلو پەلیان کۆکردبویەوە و لەگەڵ خوشک و براکانمدا هاتبونە گەڕەکی سازانیەکان و لەماڵی پرشنگی خوشکم بوون، دەیانویست هەڵبێن بەرەو ئێران، منیش ڕۆیشتم بەسەر هاتەکەیان بۆ گێڕامەوە لەئامادەکاریدابوین بۆ هەڵهاتن، هەمان پیاوی خزم هەواڵی بۆ باوکم هێنایەوە کە ناوی ئەو نەبوە لە لیستی داواکراواندا و ئەم

بەهەڵە تێگەیشتوە، بۆیە باوکم بڕیاریدا بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان لەگەڕەکی مامۆستایان و وتی چی دەبێت باببێت، لە ماڵ و حاڵی خۆمدا بمرم خۆشترە تا ئاوارەیی ئێران، پێشتر تاڵاوی ئێران و ئاوارەیی ساڵی ١٩٧٤ لە گەرودا مابوو، هەرگیز حەزی لەئێران نەبوو، باوکم مۆڵەتیدام بڕۆم بۆ ئێران، چونکە سەربازی فیرار بوم و لە ڕاپۆرتی هەواڵگیری ناحەزان دەترسا، قسەی لەگەڵ کاکە حەمەی مامەشێخ حەیدەرم کرد بوو، ئەویش منداڵەکانی کۆکردبوویەوە بەنیازبو کۆچ بکا بۆ ئێران، ئێوارە هەموو پێکەوە چوینە ماڵی حاجی محمدی خانم لە گوندی بامۆک بۆئەوەی شەو لەوێوە بەڕێکەوین بەرەو ئێران، کات گەیشتە دوانزەی شەو کۆڵ و نان و منداڵەکانمان هەڵگرتوو بەهێواشی و چپەچپ کەوتینە ڕێ بەرەو پشتی گوندی بامۆک، کابرایەک دەلیلمان بوو لەپێشمانەوە دەڕۆیشت، لەناو گەنمەکانی گوندەکەدا خۆمان مەلاسدابوو، دەلیلەکەمان هەواڵی هێنایەوە کە ڕۆشناییەکی بینیوە و دەنگە دەنگی بیستوەو گومانی بۆ بۆسەی سەرباز و جاشەکانی ڕژیم دەچوو، بۆیە بەپەلە پێی وتین بگەڕێینەوە بۆ بامۆک و زۆر بەخێرایی گەڕاینەوە، ئەو شەوە لە بامۆک ماینەوە، بۆڕۆژی دواتر کاکە حەمە لەڕۆیشتن بۆ ئێران پەشیمان بوبەوە، باوکیشم متمانەی بەکەس نەدەکرد منی بداتە دەست و نەیهێشت بڕۆم بۆئێران، ڕۆژی دواتر بردمی بۆماڵی هەمان ئەو پیاوەی کە ئاڕ بی جی یەکەمان بردە ماڵەکەی و دایدەی داین،

لەوێ زانیم ئەو پیاوە دۆستی باوکمە و پیاوی ڕژێمە و باوکمی هێور کردەوە، ئیتر گەڕامەوە ماڵەوەو ژیانی خێزانەکەمان ئاسایی بوویەوە.

مالّی بابەحاجیم (حاجی شیخ عوسمانی سازانی) لەکانی عاشقان پاش

ڕوخاندنی لە ڕاپەڕینی ١٩٨٧

خاپور کردنی تەواوی گەڕەکی کانی عاشقان دەرئەنجامێکی تربو، نزیکەی (٣٥٠) خانویەک لەگەل زەویدا تەخت کرا و زیاتر لە ٢٦ کەسیش زیندە بەچالکران، بەگشتیش دەوترێت ژمارەی تەواوی شەهیدەکانی هەلەبجەوشارۆچکەکانی دەوروبەری گەیشتوەتە ٧٢ شەهید، هاوکات لە چەند گەڕەکێکی تر مالی چەند هاولاتییەکیان تەقاندەوە و ڕوخاند وەک مالێ کاک شاهۆی یاریزانی بەناوبانگی هاوڕێم کە پێکەوە لەتیپی شنرۆی یاریمان دەکرد، تەنها لەبەر ئەوەی چەند گەنجێکی خۆپیشاندەر ڕۆشتبونە مالەکەیان و خۆیان لە ژێر زەمینەکەیاندا شاردبۆوە، خۆفرۆشەکان هەوالیان بەدەزگاکانی بەعس دابو، ڕژێم تانکێکی ناردبو مالی کاک شاهۆو مالی کاک غەفوری حەبێ و مالی مامۆستا مەلا عەلی دابویە بەر توپی تانک، لەنزیک مالی کاک شاهۆو کاک غەفوری حەبێ پاش ئەوەی تانکەکە توپێک ئاڕاستەی مالی کاک غەفور دەکات حاجی مستەفای عەبدولقادری عەبابەیلێ (باپیری ئیسماعیلی حاجی جەمیلی هاوڕێم) ڕیش سپی و بەتەمەن بەسەختی بریندار دەبێت و بەهۆی خوێن لەبەرچون گیانی سپاردو شەهیدبو، پاش چەند ڕۆژێکی تر شۆفڵیان ناردبو خانوەکانیان بەتەواوی ڕوخێنران، دوابەدوای ئەم ڕاپەڕینە ئیتر پرسی ڕاگواستنی هەلەبجە بووە بابەتی سەرزاری هەموو خەڵک، هەموان دەمانزانی بڕیاری ڕژێمە کە هەلەبجە بڕوخێنرێت و هەمومان ڕاگوێزرێین بۆ موجەمەعی نەسر و باریکە، لەهەمان کاتدا دەنگۆی ئەوەش هەبوو ڕابگوازرێن بۆبیابانێکی دوورە دەستی عێراق.

لە هەڵەبجە :

- ١٩٨٨ ساڵی خەم و تازیەباری، ساڵی مۆتەکە
- ئامادەکارییەکانی حزبە کوردیەکان وئێران بۆ کارەساتەکە
- دەستپێکی هێرش
- ڕۆژی کیمیایی باران
- کۆچ بۆ ئێران

* ئۆردوگاکانی هەڵەبجەییەکان لەئێران

١٩٨٨ ساڵی خەم و تازیەباری، ساڵی مۆتەکە :

گەر ساڵی ١٠ ی بیعسەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، ساڵی حوزن و ماتەم بوبێت بۆ پێغەمبەری ئازیزمان، ئەوا ساڵی ١٩٨٨ بۆ من ساڵی مۆتەکە و خەمباری و دڵتەزین و مەرگ ئامێز بوە، ساڵی سەما لەگەڵ بۆنی سێوی گەنیو و ڕزیو، هەرگیزاو هەرگیز تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێمەوە حوزوری پەروەردگارم کارەسات و ڕوداوەکانی ئەو ساڵەم لەیاد ناچێت، لەتوانای خۆم و بەدەستی خۆم نیە، هەمیشە ڕوداوەکانی ئەو ساڵە ئامادەگی کارای لەژیانمدا هەیە و ناتوانم تێی پەڕێنم، لەناوەڕاستی مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا یەکەم برینی بڕینی جەرگ و دەستپێکی شاڵاوی خەم بە مەرگ و کۆچی دوایی خوشکێکی گەنجی ١٨ ساڵان و ئازیزم بەناوی (لیمۆ) کەتازە هاوسەر گیری کردبو دەستیپێکرد، برینی وەفاتی ئەو خوشکەم هەمیشە بەئازارە، لەم کاتەدا کە ئێمە کۆست کەوتو بوین و خەڵک بۆ سەرەخۆشی و بەشداری پرسەکەمان سەردانیان دەکردین، لە هەمان کاتدا بابەتی گەرمی مەجلیسی پرسەکە دەنگۆی ڕاگواستنی هەڵەبجە بوو لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە بۆ ئۆردوگایەکی ئامادە کراو، هەریەکەش باسی شوێنێکیان دەکرد، ناوەڕاستی مانگی ڕەشەمێیە و سەرەتای مانگی مارت، مانگی ئازار ی دڵەکان، مانگی مەرگ باران، سەما لەگەڵ بۆنی سێو باڵاپۆشی بەهارمان بو، دەنگۆی نیازی ئێران بۆ هێرش کردنە سەر هەڵەبجە وردە وردە بڵاو دەبوەوە،

ئادگارەکـانی ئەم دۆزە لەوەدا دەردەکەوت ئەو خێزانـانەی کـۆڕ و کەسیان لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا هەبوو، کەس و کارە نزیکەکانی خۆیانیـان ئاگـادار دەکـردەوە کە هەڵەبـجە بەجـێ بهـێڵن و بەرەو سـلێمانی و شـارەکانی تـر بـڕۆن، مەترسـی هێرشـەکەیان دەگەیانـدە خزمەکـانی خۆیـان و ژێـر بەژێـر و بەنهێنـی بێـئەوەی هەسـتیان پـێ بکرێـت شـاریان جێدەهێـشت، ئەو خەڵـکە بـێ گونـاهو بـێ ئاگـایەش دەمایەوە بـۆ بەردەم گورگێگی درندەو گورگان خوارد کرا، دەنگۆی هێرشی ئێران زیاتر بڵاو بویەوە، ئێمەی هەڵەبجەیی بەچاوانی خۆمـان شـۆفڵی ئێرانیمـان دەبینـی بەچیـای هەورامـانەوە لەپـشتی هـاوینە هەواری ئەحـمەد ئـاوا کە ناسـراوە بە ملەخـورد خەریکـی ڕێگاسـاز کردن بون، بەبـێ ئەوەی پیـاوانی ڕژێـم هـیچ جوولە و هەڵوێستێکیان هەبێـت، شـۆفڵەکان شـەو و ڕۆژ بەردەوام کاریـان دەکـرد، ڕەبـایە سـەربازیەکانی ڕژێـم لەسـەر چیاکـانی شـنرۆێ و بـاڵامبـۆ و بەرزاییەکـانی تر کە بە جاشی کـورد تەنرا بـوو بە خێرایـی ولەکوتـو پڕێکـدا گـۆڕدران بە جەیـشی شـەعبی و سـەربازی بەتەمەن و پیـرو پەککەوتە، مـاوەیەک بـوو کارەبـای هەڵەبـجە بڕابـوو، ئەمـانە هەمـوو نیـشانەوئاماژەی ڕوداوێکـی چـاوەڕوان نەکـراو بـوون، هەنـدێک لە خەڵکەکە بەتایبەت ئەوانەی هەواداری ئیسلامیی بون خۆشحاڵ دەبون بەهەواڵەکانی هێرشی سوپای ئیسلام!! چونکە لەسـەرکەوتنی کۆمـاری ئیسلامیی ئێراندا سـەرکەوتنی ئیسلامیان دەخوێندەوە. دواتـر بۆیـان

دەرکەوت هەمووشتێک لەئێراندا هەبێت، تەنها ئیسلامی تێدا نیە و بەس، ئێمەی لاوانی شەیدای وەرزش و تۆپی پێی هەڵەبجە، سەرقاڵی یاریەکانی تۆپی پێی جامی نۆیەمی کەنداوی عەرەب بوین، باسەکانی ئێمە لەیاریەکانی تۆپی پێ و عێراق یاری بەرامبەر کێ دەکات و و بەرکێ دەکەوێت و بۆمان ساغ بوبوەوە عەسری ڕۆژی چوار شەممە ریکەوتی ١٩٨٨/٣/١٦ عێراق بەرامبەر سعودیە یاری دەکات، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هاوڕێکانمدا سەرقاڵی دابین کردنی موەلیدەیەکی کارەبا بوین لە ماڵی هاوڕێیەکمان دانێین و سەیری یاریەکە بکەین، لەبەر بێ کارەبایی و بێ ئاوی ئێوارەی ٣/١١/ ١٩٨٨ موەلیدەکەی ماڵی بورهانی غەریبی حەمەصالحی ڕەفیقم هێنایە ماڵی خۆمان بۆ ئەوەی دینەمۆی ئاوی بیرەکە بخەینە ئیش و لە گرفتی بێ ئاوی ماڵەوەمان ڕزگار بکەم، دواتر بورهان موەلیدەکەی بردەوە ماڵی خۆیان و خۆمان ساز کردبوو عەسری ٣/١٦ لەماڵی ئەوان لەگەڵ برادەرەکانمان سەیری یاریەکە بکەین.

ئامادەکارییەکانی ئێران وحزبە کوردیەکان بۆ کارەساتەکە:

ئێران لە هەشتەمین ساڵی جەنگی وزە و توانا پڕوکێندا بو لەگەڵ عێراق، ملیارەها دۆلارو سەدان هەزار مرۆڤ بونە سوتەمەنی و قوربانی حەزە سەرشێتەکانی عوروبەوبەعس و بانگەوازکارانی هەناردە کردنی شۆڕش، ماوەیەکی زۆر بوو هێزەکانی هەردولا لە

سنوریکی دیاری کراودا هێرش و دژە هێرشیان دەکرد و توانای یەکلا کردنەوەی جەنگە کەیان نەبوو، چەند هێزێکی عەرەبی عێراقی ئۆپۆزسیۆنی بەعس وەک حزبی دەعوەو مەجلیسی ئە عەلا لەسەر بنەمای تائیفی و مەزهەبی بەرەکانی جەنگیان لەگەڵ ئێران هەڵبژاردبوو دژی وڵاتەکەی خۆیان، بەتایبەت مەجلیسی ئەعەلا کە هێزەکەی (فەیلەقی ۹ ی بەدر)[1] بەشداری سەرەکی هێرشی ئێران بوو بۆ سەر هەڵەبجە، عێراقیش پلانی هەبو شالاو و پرۆسەی بەناو ئەنفال بە چەند قۆناغێک بۆ سەر کوردستان و هێزی پێشمەرگە جێبەجێ بکات، بۆ ئەم مەبەستە علی حەسەن مەجید* ی ئامۆزای سەدام لە ۲۹ ئازاری ۱۹۸۷ کرابوە بەرپرسی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور، (شالاو و پرۆسەی ئەنفال لەسالی ۱۹۸۸ دا بە ۸قوناغ بوو

ئەنفالی یەک : دۆلی جافایەتی گرتەوە و لە ۲۲شوبات – ۱۹ ئازاری خایاند

ئەنفالی دوو :لە ناوچەی قەرەداغ بەڕێوە چوو لە ۲۲ئازار – ۱نیسانی خایاند

---

[1] فەیلەقی ۹ بەدر : بریتی بوو لە هێزی چەکداری مەجلیسی ئەعلای شیعەکانی عیراق کە هاوشانی سوپای ئیران دژی ڕژیمی عیراق دەجەنگین و پێکهاتبو لە سەربازی فیراری عەرەب و ئەو سەربازە شیعانەی لە جەنگی عیراق ئێراندا دیل دەکران، دەخرانە خولی تایبەت و لەلایەک لە دیلی جەنگ قوتاریان دەبو لەلایەکی دی خەباتیان بۆ مەزهەبەکەیان دەکرد.

*علی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) سالی ۱۹٤۰ هاتوەتە دونیا و لەشوباتی ۲۰۱۰ لەسیدارە درا.بەهۆی ئەوەی ڕۆڕبەی فەرمانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو لەکوردستاندا نازناوی علی کیمیاوی یان پێدابوو.

ئەنفـالی سـێ :کە بە ئەنفـالی گەرمیـان ناسـراوە لە ٧-٢٠نیسانی خایاند

ئەنفـالی چـوار :کـورتترین شـالاوی ئەنفـالە کە دۆڵەکـانی زێیـی بچوکی گرتەوە، ٧-٨ ئایاری خایاند

ئەنفـالی پێـنج و شـەش و حەوت : دۆڵ و چیاکـانی شـەقڵاوەو ڕەواندزی گرتەوەو لە ١٥ ئایار -٢٦ئابی خایاند)

ئەنفـالی هەشـت : کە بەئەنفـالی بادینـان ناسـراوە لە ٢٥ئـاب- ٦ ئەیلول بەڕێوە چوو)[1]

کـاک نەوشـیروان دەڵێـت (ئامـانجی یەکەمـین هێرشـی ئەنفـال پەلامـاردانی بارەگاکانی سـەرکردایەتی ی.ن.ک بـو، عێراق لە کـانونی دووەم و سـەرەتای شـوباتی ١٩٨٨ە وە کەوتە مۆڵـدانی هێزەکـانی لە ناوچەکانی بنـاری گوێژە، جـادەی سـورداش، دەشـتی مەرگە، کـارێزە، جگە لەوەی (معسکر) ە کانی سـەلام و سـارداوی پڕکردبـوو بەهەزاران خێوەتی هەڵدابو، سـەدان تانک و لولە تۆپی سازدابو.)[2]

لە هەلـو مەرجێکـی ئـاوا سیاسـی و سـەربازی سـەخت ودژواردا هێزەکوردییەکـان بڕیـاری پەلامـاردانی هەڵەبجەیـان داوە، وەک پێشتریش ئاماژەم بۆکرد حزبەکوردییەکان بریتی بوون لەبەرەی جود

---

[1] گۆران ئیبراهیم صالح، دۆزی کورد لەبازنەی پەیوەندی یەکانی ئەمریکاوعێراقدا ٦ئازاری ١٩٧٥-٢ئابی ١٩٩٠، پـرۆژەی نـامە ئاکادیمیەکان، ناوەندی ئەندێشە بۆچاپ وبڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم سالی ٢٠١٣، چاپخانەی ڕۆژهەلات /هەولێر.

[2] نەوشیروان موستەفا، خولانەوەلەناوبازنەدا.ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاک، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل١٤٢

(پارتی، حسک، شیوعی، پاسۆک) یەکێتی لەلایەکی ترو بزوتنەوەی ئیسلامیش تازە دامەزرابو. حزبەناسیونالیستەکان لەساڵی (١٩٧٦) وە سەرقاڵی یەکترکوشتن بوون تاساڵی ١٩٨٦ لەتراژیدیترین شێوازەکانی براکوژیدا سەرقاڵی یەکترسڕینەوەبون، (تا خوا کردی و ئێران کەوتە نێوانیان ولەمانگی نیسانی ١٩٨٦ یەکی خستن، یەکێتی و حسک وەک دەستپێک ئاشت بونەوە و شەڕی یەکتریان ڕاگرت، دواتر یەکێتی و پاسۆک، لە مایسی هەمان ساڵدا، یەکێتی و شیوعی لە حوزەیرانی ١٩٨٦ ئێران لە ٧-٨ / ١١ /١٩٨٦دا دانیشتنێکی هاوبەشی بۆ مام جلال و ئیدریس بارزانی ڕێکخست و لەماوەی چەند سەعاتێکدا ڕێکەوتنێکیان پێ ئیمزا کردن کە کۆتایی بە یەکێ لە خوێناوی ترین قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆی کوردی-کوردیی عێراق هێنا)[1] وەک ئاماژەمان بۆ کردبوو، بەرەی جود- جگە لە حزبی شیوعی- بەکەوش و کڵاشەوە لە باوەشی ئێراندا بوون، بزوتنەوەی ئیسلامیش ڕون و ئاشکرا پاڵپشتی مادی و مەعنەوی لە ئێران وەردەگرتوو لە ئامێزی دا بوو، دەربارەی یەکێتی کاک نەوشیروان دەڵێت (تاڵەبانی لە مێژ بوو گەشتبوە ئەو باوەڕەی ڕژێمی بەعس لە عێراق ئەوەندە بە هێز بووە کە موعارەزەی عێراقی، بە کورد و بە ئەویشەوە، لە توانایاندا نیە بیڕوخێنن، باوەڕی وا بوو ڕوخانی ڕژێمی

[1] نەوشیروان موستەفا، خولانەوەلەناوبازنەدا،ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاک، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل١١٧

سەدام بە (عاملی خارجی) وەیزی دەرەکی ئەکرێت. هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی ئەدا بە سوریا و لیبیا بە هیوای سازدانی ئینقلابی عەسکەری.کە لەوان بێ ئومێد بوو، پەنای بردە بەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەوکاتە لە گەڵ سوپای عێراق، لە جەنگێکی خوێناوی یەوە گلابوو، بەشکو بە هاوکاری جەنگی و سیاسی ئێران، عێراق بڕوخێ.لەچوار چێوەی ئەم ستراتیجییەدا هێشتا موفاوەزاتی یەکێتی بە تەواوی لە گەڵ عێراق کۆتایی نەهاتبوو، لە هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیدا بوو لەگەڵ ئێران. دوای چەندین هاتوچۆی نوێنەرانی هەر دوولاو، دوای چەندین هەڵکشان و داکشان لە دانوستانەکانی نوێنەرانی هەردوولادا زەمینەی پێکهاتن سازبوو. تاڵەبانی لەگەڵ شاندێکی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو، محمد تۆفیق ڕەحیم، شێردڵ حەویزی.. چوە تاران. لەمانگی ١٠ ی ١٩٨٦ دا لەتاران بە نوێنەرایەتی یەکێتی لەلایەن تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی ئێران لەلایەن محمد باقر زولقەدر"فەرماندەی ئەوسای قەرارگای ڕەمەزان" ڕێکەوتنێکی جەنگی و سیاسی و لۆجستی بۆ هاوکاری و هاو ئاهەنگی هێزەکانی هەردوولا دژی جەیشی عێراق لە هەموو بوارەکاندا ئیمزا کرا.

بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ئەوە بوو هێزەکانی یەکێتی لە هەموو بوارێکی جەنگیدا، هاوکاری و هاو ئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئێران بکا، تا

ڕوخانی سەدام درێژە بە شەڕ بدا و بێ ئاگاداری ئێران و ڕەزامەندی ئەو هـیچ مفـاوەزە و ئاشـتییەک لەگەڵ عێـراق نەکـا)[1]، دوای ئەم ڕێکەوتـنە زنجیـرەیەک عەمەلیـاتی عەسـکەری هاوبەشـی پێشمەرگەی یەکێتـی و لایەنەکانی تر لە گەڵ سـوپای پاسـداران بە ئاشکرا لە ژێر ناوەکانی (فتح و نصر و فجر....دەستیپێکرد و بەدوی ئەویشدا دەیـان عەمەلیـاتی تـر ئەنجامـدرا کەیەکێکیـان " داسـتانی ڕزگـاری"بـوو، لە نـاوچەی چوارتـا نزیـک بارەگاکـانی سـەرکردایەتی یەکێتی، کە لەژێر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی خـودی تالەبـانی دابـوو، بە هاوکـاری و هاوئـاهەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ محمد باقر زولقەدر، دواتر سـەرۆکی ستادی سوپای پاسداران، عەلی شـەمخانی، دواتر فەرماندەی نیروی دەریـایی ئینجـا وەزیـری دیفـاع. هەرهاوکـاری و هاوئـاهەنگی یەک لەنێـوان مـن یـان هەرسـەرکردە یـان فەرمانـدە یـان پێشمەرگەیەکی یەکێتـی لە گەڵ هێزەکـانی ئێران کرابێ، بەپێی ئەم ڕێکەوتـنە بـوە، کە ئاغـای تالەبـانی ئیمـزای کردبـوو. پاکـانە بەبیـانوی بـێ ئاگـاییەوە لەم عەمەلیـاتە، لە لێپرسـراوێتی سیاسـی و قـانونی ئەو کەم ناکـاتەوە)[2]، نکوڵی ناکرێت فاکتەری سـەرەکی هێرشـی هێزی پێشمەرگە بەگشتی ئەوە بـوو ڕێکەوتنی شـەڕی هاوبەشیان لەگەڵ ئێران واژۆ کرد بـوو پاشـکۆی ئێـران بـوون و بەتـایبەت ئامـانجی هێزەکـانی یەکێتـی

---

[1] نەوشـیروان موسـتەفا، لە هاوخەبـاتی یەوە بـۆ تەخـوین، ڕۆژنـامەی هـاوڵاتـی ژمـارە ٥٩١ەریکەوتی چوارشەممە ٢٠١٠/١/٦)).

[2] هەمان سەرچاوە

سەدام بە (عاملی خارجی) وەیزی دەرەکی ئەکرێت. هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی ئەدا بە سوریا و لیبیا بە هیوای سازدانی ئینقلابی عەسکەری.کە لەوان بێ ئومێد بوو، پەنای بردە بەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەوکاتە لە گەڵ سوپای عێراق، لە جەنگێکی خوێناوی یەوە گلابوو، بەشکو بە هاوکاری جەنگی و سیاسی ئێران، عێراق بڕوخێ.لەچوار چێوەی ئەم ستراتیجییەدا هێشتا موفاوەزاتی یەکێتی بە تەواوی لە گەڵ عێراق کۆتایی نەهاتبوو، لە هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیدا بوو لەگەڵ ئێران. دوای چەندین هاتوچۆی نوێنەرانی هەر دوولاو، دوای چەندین هەڵکشان و داکشان لە دانوستانەکانی نوێنەرانی هەردوولادا زەمینەی پێکهاتن سازبوو. تاڵەبانی لەگەڵ شاندێکی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو، محمد تۆفیق ڕەحیم، شێردڵ حەویزی.. چوە تاران. لەمانگی ١٠ ی ١٩٨٦ دا لەتاران بە نوێنەرایەتی یەکێتی لەلایەن تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی ئێران لەلایەن محمد باقر زولقەدر"فەرماندەی ئەوسای قەرارگای ڕەمەزان" ڕێکەوتنێکی جەنگی و سیاسی و لۆجستی بۆ هاوکاری و هاو ئاهەنگی هێزەکانی هەردوولا دژی جەیشی عێراق لە هەموو بوارەکاندا ئیمزا کرا.

بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ئەوە بوو هێزەکانی یەکێتی لە هەموو بواریکی جەنگیدا، هاوکاری و هاو ئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئێران بکا، تا

ڕوخانی سەدام درێژە بە شەڕ بدا و بێ ئاگاداری ئێران و ڕەزامەندی ئەو هـیچ مفـاوەزە و ئاشـتییەک لەگەڵ عێـراق نەکـا)[1]، دوای ئەم ڕێکەوتنە زنجیرەیەک عەمەلیاتی عەسکەری هاوبەشی پێشمەرگەی یەکێتی و لایەنەکانی تر لە گەڵ سوپای پاسداران بە ئاشکرا لە ژێر ناوەکانی (فتح و نصر و فجر....دەستیپێکرد و بەدوی ئەویشدا دەیان عەمەلیـاتی تـر ئەنجامـدرا کەیەکێکیـان " داسـتانی ڕزگـاری"بـوو، لە نـاوچەی چوارتـا نزیـک بارەگاکـانی سـەرکردایەتی یەکێتی، کە لەژێر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی خـودی تالەبـانی دابـوو، بە هاوکـاری و هاوئـاهەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ محمد باقر زولقەدر، دواتر سـەرۆکی ستادی سوپای پاسداران، عەلی شـەمخانی، دواتر فەرماندەی نیروی دەریـایی ئینجـا وەزیـری دیفـاع. هەرهاوکـاری و هاوئـاهەنگی یەک لەنێـوان مـن یـان هەرسـەرکردە یـان فەرمانـدە یـان پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە گەڵ هێزەکانی ئێران کرابێ، بەپێی ئەم ڕێکەوتنە بـوە، کە ئاغـای تالەبـانی ئیمـزای کردبـوو. پاکـانە بەبیـانوی بـێ ئاگـاییەوە لەم عەمەلیـاتە، لە لێپرسـراوێتی سیاسـی و قـانونی ئەو کەم ناکـاتەوە)[2]، نکولی ناکرێت فاکتەری سـەرەکی هێرشـی هێزی پێشمەرگە بەگشتی ئەوە بـوو ڕێکەوتنی شـەڕی هاوبەشیان لەگەڵ ئێران واژۆ کرد بـوو پاشـکۆی ئێـران بـوون و بەتـایبەت ئامـانجی هێزەکـانی یەکێتـی

[1] نەوشـیروان موسـتەفا، لە هاوخەبـاتی یەوە بـۆ تەخـوین، ڕۆژنـامەی هـاوڵاتـی ژمـارە ٩١ەریکەوتی چوارشەممە ٢٠١٠/١/٦)).

[2] هەمان سەرچاوە

کەپێشەنگی هێزەکوردییەکان بوون لە هێرشەکەدا بۆ سەر هەڵەبجە بریتی بوو لە دروستکردنی بەرەیەکی تری شەڕ بۆ ئەوەی ئەو فشار و پاڵەپەستۆیەی کەوتبوە سەر سەرکردایەتی یەکێتی بە هێرشی سەربازی ڕژێم بۆ سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵو بەرگەڵو، کەمێک هێزی ئەو شەڕەیان لە سەر سوک بکرێت، (بۆیە ئەبێ بەرەی تازە دوور تر بێت لەبەرەی سەرکردایەتی و هێزی غافڵگیری دوژمنی لێ بێت باشتر وسەرکەوت وتر ئەبێت و هێزی دوژمنیش گەر ڕابکێشرێ بۆ ناوچەیەکی دورتر لە بەرەی سەرکردایەتی ئەرکێکی باش لە سەر سەرکردایەتی کەم ئەبێتەوە. بۆیە پاش هەڵسەنگاندنی ئەم دوو بەرەیە بڕیار درابوو کە بەرنامەی یەکەم قەلادزە بکرێت بە دووەم و دووەم کە هەڵەبجە بوو کرا بەیەکەم و دیاریش بوو ناوچەی هەڵەبجە دوورتر بوو لە سنوری سەرکردایەتی و هێزی دوژمنیش بێ ئاگابووە لاوازتر بو لە و ناوچەیەدا) [1]

ئەم وتانەی بڕیار بە دەستانی یەکێتیی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هێزە کوردییەکان کورتبین و بێ ستراتیژ بون، چونکە مرۆڤی ژیر دەبێت هاوسەنگانە و لۆژیکیانە بڕوانێتە یار ونەیارەکانی و دوژمنەکانی، چونکە هەڵسەنگاندنی دروستی هێزو لێهاتویی و مەوداکانی کار و پەرچە کردارەکانی دوژمن خاڵ و فاکتەرێکی گەورە

---

[1] شەوکەت حاجی مشیر، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ۱۹۸۸، چاپی یەکەم، سلێمانی ۱۹۹۸، ل ۸۲

و گرنگی سەرکەوتنە لە میانەی ململانێ و نەیارێتی و دوژمنایەتی کردنی هێزی بەرامبەردا، چونکە مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی و دروستی هەموو ڕەهەندەکانی دوژمنەکەیدا بە دیاری کردنی خاڵەکانی بە هێزی و لاوازیی دەتوانێت هەنگاوی پتەو هەڵگرێت و سەرکەوتوانە کارگێڕی ململانێکە بکات، بە پێچەوانەوە هەڵە هەڵسەنگاندن و تەقدیر نەکردن ئاکامێکی خراپی دەبێت، ئەم هەڵەیە بە زەقی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردا بە گشتی بەرامبەر ڕژێمی بەعس و بەتایبەت لە هێرشەکەی هێزە کوردییەکان بۆ سەر هەڵەبجە دەرکەوت، چونکە ڕژێم هیچ گرنگی ئەوتۆی نەدا بەبەرەی شەڕ لەدەڤەری هەڵەبجە. هێزە کوردیەکان ئەزمونێکی تاڵیان هەبوو لەگەڵ بەعسدا، مام جەلال لە ڕاپۆرتی پلنیۆمی چوارەمی یەکێتی دا کە ساڵی ٢٠٠٩ سازکرا دەڵێت: (سەرەڕای ئەوەی تاقیکردنەوەی زۆرمان لەگەڵ سەدامییەکاندا هەبوو بە تایبەتی سیاسەتی سەدام لە جەنگی عێراق - ئێرانەدا، سروشتی فاشیانەی ڕژێم ئاشکرا دەرکەوتبوو، کە ئەم فاشیستانە لە هیچ تاوانێک نەدەسڵەمینەوە، مفاوەزاتەکەشمان لە گەڵ ڕژێم ساڵێک بوو بە هۆی شۆڤینیەتی بەعسی سەدامی و تەکنۆلۆژیای جەنگی و فشارە ئیقلیمیەکە شکستی خواردبوو، ئەو هەموو ڕاستیانەمان دەزانی، بۆیە دەبوو ژیرانە تر هەڵبسوڕێین و کەمترین پاسا و بدەینە دەست فاشیەکان)[1]

[1] نەوشیراون موستەفا، لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ڕۆژنامەی هاولاتی ژ ٥٩١ لە ٢٠١٠/١/٦

لە چەندین بەرەی شەڕەکانی پێشودا ڕژێم بێ بەزەییانە چەکی کیمیاوی لەسنورێکی بچوک و دیاری کراودا بەکار هێنابوو، دەبوو چاوەڕێی کاردانەوەی تونـدی ڕژێمیان بکردایە و ئەو هەڵە ستراتیژیەیان دوبارە نەکردایەتەوە، ڕژێمی بەعس هەتا سەرکردایەتی یەکێتی لەناوچەی جافایەتی بەتەواوی پاکتاو نەکرد لای نەکردەوە بەلای بەرەی ئۆپەراسیۆنی هەڵەبجەدا.

دانیشتنی کرماشان ومانۆڕی سەربازی :

لە ڕاستیدا هێزە کوردییەکان بەگشتی هەرچی بڵێین ئارەزوی خۆیانە، بەڵام ئەو ڕاستییەی لای منە ئەوەیە کە لە پێشمەرگەیەکی بەشدار بوی ئامادەکارییەکانم بیستبوو، سێ مانگ پێش کارەساتی هەڵەبجە لە گەڵ هێزەکانی ئێران لە ناوچەی ئیسلام ئاباد بەشداری مانۆرێکی سەربازی کردبوو، ناوچەیەکیان ساز کردبوو لە ڕوی جوگرافی و تۆپۆگرافیەوە شێوەی وەک جوگرافیای ناوچەی هەڵەبجەبوە، هەر حزبێک بەچەند بەرپرس و پێشمەرگە بەشداربیان تێدا کردوە لەگەڵ هێزە ئێرانیەکان، دواتر هەر حزبێک لە کوێوە پەلامار بدات وپشکی خۆی لەپلانەکە بۆ ئێران جێبەجێ بکات، مامۆستا مەلاعەلی کە جێگری ڕابەری گشتی بزوتنەوەبوو، لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا دەڵێت (دوو سێ مانگ تەدریب بە هێزە کوردییەکان کراوەلەباختەران"کرماشان"، هەرحزبێک سەدان ئەندامی

ناردبوو)[1] ، (نەخشەی ئازاد کردنی هەڵەبجە لە مێژ بوو ئامادەکرا بوو فەرەیدون و د.فواد مەعسوم لەو کاتەدا لە ئێران بوون. داوامان لێکردن پەلە لە جێبەجێکردنی بکەن)[2]، ڕاستییەکە ئەوەیە ئێران وەک دەوڵەت پلانی سەربازی و ستراتیژی خۆی هەبوە، عێراقیش وەک دەوڵەتێک کەتەواوی ووڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەو جەنگەدا پشتگیرییان دەکرد پلانی ستراتیژی و سەربازی خۆیی هەبوە، تەواوی شتەکانی تر بەتایبەت دۆزی کورد و هێزە کوردییەکان مەسەلەیەکی لاوەکی بوون و بایەخێکیان نەبوە، وەک دواتر و پاش داگیرکردنی هەڵەبجە

دەرکەوت کە مامەڵەی ئێران لەگەڵ هێزە کوردییەکان مامەڵەیەکی تەواو بێ ڕێزی و پڕ سوکایەتی و ڕیسوایی بوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە هێزە کوردییەکان داشی شەترەنج بوون و بەس، ئێران سودی لەبێ بەرنامەیی و شپرزەیی و هەرکەس بۆخۆیی حزبە کوردییەکان وەرگرت و زیرەکانە بەکاری هێنان بۆ ئامانجە ستراتیژیەکانی، بۆ ئەم مەبەستە ئێران کۆبونەوەی تارانی لەگەڵ نوێنەرانی (پارتی، یەکێتی، بزوتنەوەی ئیسلامیی، سۆشیالیست و مەجلیسی ئەعلا) ڕێکخست هەر بەشدار بویەک لەو لایەنانە دوو نوێنەری لە سنوری هێرشەکە دیاری کرد بۆ نوێنەرایەتیکردنی دانیشتنەکانی ئایندە، پاشان ئێران بە

---

[1] ماموستا علی عەبدو لعەزیز، چاوپێکەوتنێکی ڤیدیویی بلاونەکراوە.سالی ۱۹۹۳

[2] نەوشیروان موستەفا، خولانەوەلەناوبازنەدا.ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاک، چاپی دووەم، سلیمانی ۱۹۹۹

هاوکـاری حزبەکوردییەکـان کەوتە کـۆکردنەوەی زانیـاری لەسـەر سـوپای عیـراق و نـاوچەکە، کـاک شـەوکەتی حـاجی مـشیر لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا دەڵێت (ماوەیەکی زۆر کار بۆ کۆکردنەوەی زانیـاری کـراوە، تەنـانەت کـامێرای ڤیـدیۆیی بە هاوکـاری جـاش خەفیفەکـان کە پەیوەنـدییان بە پێـشمەرگەوە هەبـوە بـراوەتە نـاو سەربازگەی دەڵەمەڕ و وێنەیان گرتوە)[1].

بەمەبەسـتی تەنـسیقکردن و پلانـدانان و دابەشـکردنی قۆڵەکـانی هێرش کردن بۆ سـەر هەڵەبـجە، بەئامـادە بـونی نـوێنەرانی سـەرجەم لایەنەکوردییەکان و نوێنەری مەجلیسی ئەعلا و بەسەرپەرشتی ئێران کۆبـونەوەی کرماشـان سـاز کرا، لەو کۆبـونەوەیەدا بـۆ ڕازی کردنـی هێزە کوردییەکان چەند خاڵێک تاوتوێ کرا، گرنگترینیان:

١. ئەو نـاوچە کوردیـانەی ڕزگـار دەکرێن بدرێنە دەسـت هێزە کوردیەکان.

٢. زامنکردنی خۆراک و سوتەمەنی بۆ نـاوچە ڕزگـار کراوەکـان لەلایەن ئێرانەوە.

٣. شەهیدانە بۆ بنەمـاڵەی شـەهیدان و چارەسـەری بریندارەکان بکرێت.

٤. کارەبا لە شاری پاوەوە بگەیەنرێتە هەڵەبجەو دەوروبەری.

٥. ئاوەدانکردنەوەی گوندە ڕاگوێزراوەکان.

---

[1] شـەوکەت حـاجی مـشیر، کارەسـاتی کیمیابـارانی هەلەبـجە بەهـاری ١٩٨٨، چـاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨

٦. دیلە عەرەبەکان بدرێنە دەست ئێران ومەجلیسی ئەعلا و دیلە کوردەکانیش بدرێنە دەست هێزە کوردیەکان.

٧. چەکی قورس بۆ ئێران چەکی سووک بۆ هێزە کوردیەکان

٨ - کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ بزاڤی کوردی جەنگ ڕانەگرێت.

لەم ئۆپەراسیونەدا حزبە کوردییەکان ڕوئیای ئایندەییان لاواز بوە و ستراتیژیان نەبوە، چونکە نەدەبو بە هیچ شێوەیەک ڕازی بن هێرش بکرێتە سەر هەڵەبجە نەک بەشداری بکەن لە مالوێران کردنی زیاتر لەحەفتا هەزار کورد، گەر ئەو خاڵانەی پێشتر بەوردی بخوێنرێتەوە تێدەگەین حزبە کوردییەکان چەند لاواز و بێ بەرنامەبوون، پاشان لەم کۆبونەوەیەدا قسەش لەسەر ئەوەکراوە لە قۆناغێکی تردا هەوڵ بدرێت لەسێ قۆڵەوە پەلاماری شاری سلێمانیش بدرێت و هێزەکان لە تاسۆوجە یەکبگرنەوە، هەر لەم کۆبونەوەیەدا ئێران هەستی کرد حزبە کوردییەکان تەبا و یەک ڕا و یەک هەڵوێست نین و هەریەک لە ئاوازێک دەخوێنێت و بەرژەوەندی ئێرانیش وای دەخواست، بۆیە دەستیکردە دانیشتنی دوو قۆڵی لەگەڵ حزبەکوردییەکان بۆ ئەوەی پابەندی ئەو قسانەش نەبێت کە ناونراون خاڵ و داواکاری کە داوایان کردبوو، ئێران ئامانجی خۆی پێکا، بەوتەی دوو بەرپرسی (یەکێتی و حسک) ئێران هەر قۆڵێکی هێرش کردنی سپارد بە حزبێک بەم شێوەیەی خوارەوە :

١. بەرزاییەکانی ملە خورد بەرەو گوندی زەلم و ئەحمەد ئاوا و یالانچی و هانەی قول و خورمال بۆ پارتی.

٢. بەرەی تەویلەو بیارە لە قۆلێک وگوندەکانی هەواره کۆن و هاوار وشاخی شنرۆ و تاوێرە و عەبابەیلێ بەرەو هەڵەبجە و سیروان بۆ یەکێتی.

٣. چیای سورێن وشیرەمەڕ بەرەو گوندی قەدەفەری وگرتنی پردی زەلم بۆ ڕێگرتن لە ئیمداداتی لۆجستی ڕژێم بە سۆشیالیست سپێردرا.

٤. هاریکاری لۆجیستی وقۆڵی گوندەکانی بۆین تا چنار و گردەناوێ و پریس بەرەو بەکراوا و سیروان بۆ بزوتنەوەی ئیسلامیی بێت.

شایانی باسە لەگەڵ هەربەرپرسێکی کورد سێ ئەفسەری پلەداری ئێران لەگەڵ هەر هێزێکی کوردیدا ٢٠٠ تا ٣٠٠ لە پاسدار و هێزەکانی سەر بە فەیلەقی ٩ ی بەدریان لەگەڵ بوە، بڕیار درا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٠ هێرشەکە دەست پێبکات.

کاک شەوکەتی حاجی مشیر دەڵێت (کاک نەوشیروان بە بروسکە پێی وتین گەر پەلە نەکەن لە دەستپێکردنی هێرشەکەدا، ئەوا هێزەکانی ڕژێم ئێمە لە دۆڵێ جافایەتی هەڵدەکەنن، ئەم بەرپرسەی یەکێتی دەڵێت : مژدەی نزیکبونەوەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیونەکەم بەلاسلکی گەیاندە سەرکردایەتی، دەمزانی ئەنساتی عێراقی گوێیان لێ دەبێت، ئەمەم بۆ سوککردنی هێرشەکەی سەر سەرکردایەتیمان کرد،

دەزگاکانی هەواڵگری عێراقیش ئەم هەواڵە لە ڕێی ئەنساتەکانیانەوە دەگرن، ڕژێم بۆ بەسەرکردنەوەی دەڤەرەکە چەند ئەفسەرێکی باڵا دەنێرێتە سەر لوتکەی بەفری میری نزیک گوندی سازان، پاشان ئێرانیش بە خێرایی موقەدەم تارانی دەنێرێت نیگەرانی خۆیان بگەیەنێتە بەرپرسەکەی یەکێتی کە هەواڵی دەستپێکردنی هێرشەکەی دزە پێکردوە، بۆیە بەپاساوی خراپی کەش و ئاووهەوا بەرواری هێرشەکە و سەعاتی سفر دەگۆڕن بۆ شەوی ١٢لەسەر١٣/ ٣ / ١٩٨٨).[1]

ناوی بەرپرسە ئێرانی و کوردەکان کە بەشداربون لە هێرشی سەر هەڵەبجە بە شێوە و پۆستی دبلۆماسی یان سەربازی بریتی بوون لە (موحسین ڕەزائی، محەمەد تەهرانی، ئاغای دەهقانی، ئاغای سلێمانی، ئاغای شەهلائی، یەکێتی بریتی بوون لە فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، شەوکەتی حاجی وشیر، حامدی حاجی غالی، قادر کۆکۆیی، سەلام کوێخا عەزیز، ئاسۆی شێخ نوری، لە پارتی عەبدولموهەیمن بارزانی، بابەکر زێباری بەرپرسی نوسینگەی کرماشانی پارتی، حەمیدە فەنی، عوسمان چاوڕەش، نادر هەورامی، لە حسک محەمەدی

[1] شەوکەتی حاجی موشیر، چاوپێکەوتنێکی ڤیدیویی بڵاو نەکراوە، ١٩٩٢

حاجی مەحمود، شیروان شێروەندی، نوری حەمە عەلی، عەبدولخالق هەورامی، لە بزوتنەوەی ئیسلامیی، مەلا عەلی عەبدولعەزیز، شێخ محمد بەرزنجی)[1]

حزبە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران:

لە سیاسەتدا خوێندنەوە و شیمانەی نیازپاکی بۆ دوژمن گەمژەییە، بێگومان ئێران مەبەستێکی تریشی لە هێرشەکە هەبوو، ئەویش ڕیشە کێشکردنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیەتی لەو دەڤەرەدا، ئێران و حزبە کوردییەکانی باشور دەیانزانی کۆمەڵەی ئێران بارەگایان لە تەوێڵەدا هەبوو، حزبی دیموکراتیش لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەدا (هەوارەکۆن و هاوار ودەرەتوێ) بارەگایان هەبوو، هەروەها دوو هێزی گەورەیان بە ناوی " هێزی داڵەهۆ، هێزی شاهۆ" لە ناوچەکەدا چالاک بون، بەتێکڕایی نزیکەی هەزار و دووسەد و پەنجا کەس دەبوون بە پێشمەرگە و ژن و منداڵەوە، لە نێوانیاندا ٣ ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامێکی دەفتەری سیاسی، بەحوکمی ئەوەی ئەم حزبانە دەکەوتنە قۆڵی هێرش بردنی یەکێتییەوە، بەوتەی شەوکەتی حاجی موشیر کە بەرپرسێکی باڵادەستی یەکێتی بوو،

---

[1] شەوکەت حاجی مشیر، کارەساتی کیمیاباران هەڵەبجەبەهاری ١٩٨٨، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨

شەوی پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، سێ بەرپرسی یەکێتی لە گوندی هەواره کۆن سەردانیان کردون وله نیازی ئێران ئاگاداریان کردون، دیموکراتەکان ڕێگەی شەڕ و بەرگرییان هەڵبژارد، پاشان داوایێ چەند بەڵگەیەکی مەرەخسییان کردوە تا لە تەنگانەدا وەک کادری هێزە کوردییەکانی باشور بەکاری بهێنن، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لە دانیشتنی کرماشاندا حزبە کوردیەکانی باشور بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیان بۆ چارەنوسی ئەم حزبانە نەکردوە، بۆیە لەکاتی پەلامارەکەدا جاش گەلێکی کوردی ئەودیویان هێنابوو بۆ پەلاماردانیان، لەکاتی پەلامارەکەدا شەڕی قورس لە نێوانیان ڕویدا و زۆرێک لە جاشەکان کوژران و تەواوی هێزەکانی کۆمەڵە و دیموکراتیش شکستیان هێنا، هەندێک پێشمەرگەیان لەناو هەڵبجەدا بەسەر لێشێواوی دەبینران، نزیکەی ٨٥٠ کەسیان لە باخەکانی سەرکەن داوای هاوکاریان لەیەکێتی و حسک کرد و ئەمانیش ڕێبەرو خەڵکی شارەزایان پێدابون تا لەدەڤەرەکە بپەڕنەوە.

دەستپێکی هێرش بەرەو هەڵەبجە :

برین و زامی دووەم لە جەستەمدا کە کاریگەر و جەرگبڕبوو لە شاڵاوی خەمی ئەو ساڵەدا ئەوەبوو، دووڕۆژ پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە پرشنگی خوشکە گەورەم بۆ سەردانی پزیشک بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت، بەهۆی نەخۆشی پاش منداڵبون، بەلام لە

نەخۆشخانە هێشتبویانەوە هاوسەرەکەی ڕۆژی ٣/١٢/ گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە بۆ ئەوەی پێداویستی ببات بۆ سلێمانی، ڕۆژی ٣/١٣ ڕێگە گیرا و نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای خوشکەکەم، پرشنگی خوشکم بە نەخۆشی وبێکەسی لە نەخۆشخانەی فێرکاری مابوەوە، ڕۆژی ٣/١٦، هەواڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە دەبیستێت کە کەس لە هەڵەبجە بەزیندویی دەرنەچوە، ڕاستەوخۆ جەڵتەی دڵ لێی دەدات و وەفات دەکات، ئەم کۆچی دواییەی دووەم خوشکم لەماوەی مانگێکدا، دووەم برینی سەختی لەناخی دڵمدا هەڵکەند کە هەرگیز لەیاد ناکرێت.

ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، هێزێکی سۆشیالیست پێشەنگی و پێشرەوی هێزەکانی سوپای پاسدارانیان کرد بۆ کۆنترۆل کردنی پردی زەڵم و ڕێگرتن لە هاتنی هەر هاوکارییەکی سەربازی و لۆجستی. کاتژمێر ١ ی شەو ی ١٩٨٨/٣/١٣/١٢ هێرشی ئێران و هێزە کوردییەکان بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران دەستیپێکرد، ئێران ئۆپەراسیۆنەکەی ناونابوو (والفجر ١٠).

ڕۆژی یەکەم ٣/١٣:

هێرشەکە بە بۆردومانی کردنێکی چڕ دەستیپێکرد و لەهەموو قۆڵێکەوە هێزەکانی عێراقیان ئاگر باران دەکرد، سەر لەبەیانیەکەی بە هۆی ئەوەی پێکدادان تەنها خاڵە سەربازییەکانی گرتبوەوە و ناو شار

سەلامەت بوو، تەنها جار جار گوللە تۆپ سەر و خواری دەکرد و دەکەوتە ناوشـــار، ئـــێمەش دەچـــوینە ســـەربانەکان بۆســـەیری ڕوداوەکـانی، هەرکەس دوربینـی هەبـوو باشـتر بەرەکـانی جەنگـی دەبینی و هێدی هێدی هێزەکانی پێشمەرگە و مەجلیسی ئەعلا نزیکتر دەبونەوە.

ڕۆژی دووەم ٣/١٤:

سات بەسات هێزەکانی پێشمەرگە و ئێران نزیک دەبونەوە لەهاتنە ناوشـار و لە سـەربانەکانەوە تەماشـای دیمەنەکـانی جەنگمـان دەکرد، ماتۆڕ سوارمان دەبینی پەلاماری تانک و زرێپۆشی سوپای عێراقییـان دەدا، لەپـشت گونـدی بـامۆک ولەسـەر ڕێـگەی سـازان زرێپۆشـێکی سوپای عێراقمان بینی ئاگری تێبەربوو، هەروەها لەسەر ڕێگەی تـریفە و پـریس بەهەمـان شـێوە تانـک و زرێپۆشـی عێراقـی دەسـوتێنران، سوپای عێراق بە تێکشکاوی پاشە کشێیان دەکردەوە بۆ ناو هەڵەبـجە، بەچـاوی خـۆم چەنـد چەکـدارێکی جەیـشی شـەعبی عەرەبـم بینـی یەکێکیـان سـەری سـپی بـوو زۆرمانـدو بـوو، لەشـاخی شـنرۆ وە هاتبوە خوارەوە و شارەزا نەبوو ڕێگەی لێ تێکچوبوو، بەم شـێوەیە شـــەو و ڕۆژ ســـوپای ئێـــران لە هێرشـــەکەی بەردەوام و تۆپبـــاران وەستانی نەبوو، هەر لەعەسری هەمـان ڕۆژدا بینیمـان بە هـۆی چەند هێلیکـۆپتەری سـەربازییەوە ژمـارەیەک سـەربازیان لە بەرزاییەکـانی

سەرو گوندی جەلیلەوە دابەزاند کە پێیان دەوتن (القوات المحمولة جوا) بەڵام کار لەکار ترازا بوو، چونکە هێزە عێراقیەکانی سنورەکە بەزیبون، ئەم هێزە نامۆو نەشارەزایە شەوی ١٤لەسەر ٣/١٥/ بە بێ خۆراک و پشوو بەبەرزاییەکانەوە مابونەوە، هەر بۆیە ڕۆژی ١٥ ی مانگ بە نەشارەزایی ئەوەی سەری دەرکرد بوو ڕووەو هەڵەبجە کشانەوەئەم هێزە سەر بە لیوای ٦٨ ی (قوات خاصە) بوون، وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە.

ڕۆژی سێ یەم ١٩٨٨/٣/١٥:

سەرلەبەیانی بوو هاتمە ناوبازاڕی هەڵەبجە، شار کش ومات بوو، دەنگی تۆپ و بۆردومان نەمابوو، لە شەقامی نزیک قوتابخانەی شنرۆ پاسدارێکی ئێرانیم بینی دەیویست بسکیت بکڕێت لە دوکاندارێک، دوکاندارەکە لە زمانی تێنەدەگەیشت، پاسدارەکە وێنەیەکی (خومەینی) دەرهێنا و پیشانیدا کە سوپای ئیمامن، کابرا هەر داوای پارەکەی دەکرد بەجێم هێشتن و هاتمەوە بەرە و گەڕەکی مامۆستایان، هێزەکانی پێشمەرگە و مەجلیسی ئەعلامان دەبینی کەوتبونە شانەکردنی (تمشیط) گەڕەکەکانی هەڵەبجە، بەدوای پیاوانی ڕژێم و سەربازی عێراقیدا دەگەڕان، لەنزیک مالّی میرزا علی میرزا تۆفیق، کە مالّیان لەسەر و مالّی خۆمانەوە بو، سێ سەربازی عێراقیمان بەشپرزەیی بینی سەریان لێ تێکچوبوو، لە ترسی گیانی خۆیان چەکیان فڕێ دابوو، هێزەکانی ئێران هاتن و بەدیل گرتنیان،

دواتر وتیان کەپاسدارێک لەدەشتەکەی بەردەم عەبابەیلێدا دەستڕێژی لێکردون و کوشتونی، بەڵام من ئەمەم نەبینی.

ئەو هێزەی ٦٨ قوات خاصە کە باسمکرد لەمڕۆدا بەشەکەتی هاتنە خوارەوە بۆ ناو هەڵەبجە و نزیکەی ٤ سەربازێک لەسەرەتای کۆڵانەکەی مالّی (مامە صادق) مەوە لەگەڕەکی مامۆستایان دەرکەوتن، یەکێک لە سەربازەکان گوللەیەک بەردەستی کەوتبو دەستی لە مەچەکیدا شکاندبوو، بەزەیم پێیدا هاتەوە ولەتاو ئازار دەینالاند دەستیم بەست و کردمەگەردنی، وتی لە کوێوە بڕۆین و پاشەکشێ بکەین، ڕێگەی بەرەو باشوری هەڵەبجەم پیشاندان، بەڵام پێناچێت قوتاریان بوبێت، چونکە پردی زەڵم و تەواوی ناوچەکە کەوتبونە دەستی سوپای ئێران. دواتر سەربازێکی تر هات و گەیشتە بەردەم مالّی مامەم، ئەویش بە عەرەبی بانگی کرد و وەک دواتر باسی دەکەم گرتیە خۆی.

لەناو شاردا هێزی پێشمەرگە بەگشتی و بەتایبەت هێزی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی دەبینران و کاک شەوکەتی حاجی مشیر و چەند کەسێک کە لە گەڵیدا بوو هاتبونە ناو شار، مامۆستا مەلا عەلی هاتبوە ناوشار و لەبەردەم مزگەوتی پاشا کەسالّی پێشوتر خۆی ئیمام و خەتیبی بوو، وتارێکی پێشکەش بەو خەڵکە کرد کە کۆبوبونەوە بۆ پێشوازی کردنیان.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە شبار خامۆش بوو، دەتوت خۆڵی مردوت کردوە بەسەریدا، خەڵکەکە تاسابون، هەندێک بە مژدەی ڕزگاربونیان دەزانی و هەندێکی تر وەک باوکم بە وەیشومەی مەرگی دەبینی و

زۆر بێزار بوو، حەزی لە ئێران نەبوو، کارەساتی شۆڕشی ئەیلول لە بیرەوەریدا نەدەسڕایەوە، کە شای ئێران چی بەسەر کوردا هێناوە، دڵی بەڕەوشەکە خۆش نەبوو، باوکم لەچرکەساتی هێرشەکەدا چەندین جار هەوڵی دەدا خۆی و منداڵەکان لەشوێنێکەوە بگەیەنێتە سلێمانی ونەیەت بۆ ئێران، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام بوو بەناچاری ماینەوە، خەڵکی هەڵەبجە هەموو چاوەڕوانی کاردانەوەی توندی ڕژێمی بەعس و سەداممان دەکرد، چونکە ئەزمونی سااڵنی پێشوی هەڵەبجە و موشەک بارانەکانی ئێران و باڵادەستی هێزی ئاسمانی عێراق لەشەڕی هەشت ساڵەیاندا بەڕون و ئاشکرایی دیاربوو، دەمە و ئێوارە پاش بانگی مەغریب هەندێک لە خەڵکەکە لەترسی کاردانەوەی توندی بەعس و موشەک باران کردن هێدی هێدی بەرەو دەرەوەی شار و گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە هەڵدەهاتن، پێشمەرگە نەیاندەهێشت هیچ کەس بڕواتە دەرەوەی شار، تەنها هەرکەسێک کە خزم و ناسیاوی خۆیان دەبوو ڕێیان پێدەدا، هەندێک خەڵک کە شارەزای کوێرە ڕێگەکان بوون خۆیان و ماڵ و منداڵیان قوتار دەکرد، پێشمەرگە زۆرێک لەخەڵکەکەیان بە پاساوی ڕزگار بوونی شار و ئازادی کورد وکوردستان گەڕاندەوە ناوشار، باوکم یەکێک بوو لەوانەی هەوڵیدا لەڕێگەی خورماڵ و بەرەو بانی شار و شیرەمەڕ بڕۆین و هەڵەبجە بەجێبهێڵین، بەڵام نەیتوانی ونەیانهێشت، کاک عومەری حاجی عینایەت دەڵێت : (سەعات ١٠ ی سەرلەبەیانی ٣/١٦/ بوو تۆفیقی کارەبا هاتەلام پەشۆکابوو، ڕەنگی زەرد وڕەش داگەڕا بوو، وتم چیە؟ هاوڕێ چیتە؟ وتی هەڵە بوم، وامزانی

ڕزگارمـان بـوە کـۆلاویـان لەسـەر نـاین، هەر دوو دەسـتی خـستبوە سـەرکەلەکەیی و وتـی: خـۆم و پیـرۆز و ئـاوات و ئـالان و کچەکـان لەشـار دەرچـوین لە مـلەی سـازان پیادەیـان کـردین و سـنورداش کراینەوە ئۆتۆمبێلەکەیان بردم و وتیان بگەڕێوە، ڕزگارتان بوە!سوێند دەخـۆم بەخـوا دەبـێ لەگەڵ خێزانەکەمـدا لە ژێـرزەمینەکەی خۆمـدا بمرم...تۆفیق ڕاستیکرد لەگەڵ سوێندەکەی بەوەفـا بـوو هەر ئەو ڕۆژە خـۆی و پیـرۆز و ئـاوات و ئـالان و کچەکـانی لە ژێـر زەمینەکەیانـدا خنکان)[1].

سەمیر بەغدادی :

چیرۆکی لیوای ٦٨ی هێزی تـایبەت لێرەدایە، پـاش دابەزاندنی ئەو هێزە لە لایەن هێلیکۆپتەرە عێراقییەکانەوە لە دامێنی چیـای شـنرۆێ و لە پـشت گونـدی جەلـیلەوە و بەپەرتەوازەیـی پاشەکـشێ کردنیـان لە ڕۆژی دواییدا، دواتـر سـەربازێک کە (ئـاڕ، بـێ، جـێ) یەکـی هەڵگرتبـوو بەرەو ئـێمە هـات، مـامەم بـانگی لێکـرد، کە هـاتە پێـشەوە مـامەم دەستیکردە ملی بۆ هێور کردنەوەی و تەنانەت دڵی پڕبـوو بـۆی، ئەم سەربازە ناوی (سەمیر)بوو، مامەم پێیوت : خەمت نەبێ گەر لای ئێمە دەمێنیتەوە وەک ئەندامێکی خێزانەکەمان هەژمارت دەکەین و هەمـوو

[1] عومەری حاجی عینایەت، وتار، لەگەڵ توفیقی کارەبا ٢٨ سـاڵ لەمەوبەر، ڕوزنامەی ئاوینە ژمارە ٥٢١ سێ شەممە ٢٠١٦/٣/٢٩.

بژاردەکانی بۆشیکردەوە، ئیتر سەمیر مانەوەی لەگەڵمان هەڵبژارد و وتی دەمێنمەوە و منیش کوردم و ناوم سەمیرە و خەڵکی هەولێرم، مامیشم وەک هەڵوێستێکی موسڵمانانەو مرۆڤـ دۆستانە دەستێک جلی کـوردی خـۆیی پێبەخـشی ولەبەریکـرد، لێـرە بەدواوە بە (سـەمیر بەغدادی) ناوی دەبەم، مامەم وتی هەرکەس پرسیاری کرد و وتی ئەم پیاوە کێیە؟ بڵێن ژنبرای ئەوە و بۆ سەردان هاتوە و رێگەگیراوە و نەیتوانیوە بگەڕێتەوە، سەمیر هێور بوبەوە ومامەم (ئاڕ، بی، جی) یەکەی لەدەست وەرگرت و فڕێیدایە سەربانی ساردی حەمامەکەیان و هەندێک شتیدا بەسەر (ئاڕ، بی، جی) یەکەدا بۆ ئەوەی نەبینرێت، ئەم سـەمیر بەغـدادیە بەسـەرهاتی لیـوای قـوات خاصـەی ٦٨ بـۆ گێڕاینەوە، لەڕاستیدا لە باوک و دایکێکی هەولێری بوو، بەڵام سەمیر لەدایکبووی بەغدا بوو تەنانەت کوردیشی باش نەدەزانی و مااڵیان لەگەڕەکی (بغداد الجدید)ە و لەپشت (جامع السامرائی) یەوە بوو، ئەم سەربازە چرکە بە چرکەی کیمیایی بارانەکە لەگەڵماندا بوو، لەکاتی خۆشاردنەوەماندا هەندێک جار زانیاری سەربازیی دەربارەی فڕۆکە و بۆردومـان و خۆپاراسـتنی بـۆ بـاس دەکـردم و هەروەهـا زانیـاری سەبارەت بە لیوای ٦٨ و ئەرکەکانی دەدرکاند، لەگەڵ ئێمە ئاوارە بوو بردمـان بـۆ ئێران، هەمـوو مـافێکی هـاوڵاتییەکـی هەڵەبجەیـی هەبـوو، نەمانهێشت ئێران بزانێت کەسـەربازی عێراقە، مـامەم چـادرێکی بـۆ وەرگـرت لەتەنیـشت مـاڵی خۆیـان وەک ئەنـدامێکی خـانەوادەکەی،

شەوانە ئێمەش لەگەڵی دەماینەوە تا زیاتر دڵنیا بێت، ئەم سەمیر بەغدادیە چیرۆکی تری هەیە، بەپێی ڕوداوەکان ناوی دەهێنم و باسیدەکەم چۆن مرۆڤێک بوو!

چوارشەممەی خوێناوی ١٩٨٨/٣/١٦:

سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە وەک ڕۆژی پێشوو پاسدار و ژاندارمری و هێزەکانی مەجلیسی ئەعلا بە نێو شەقامەکانی هەڵەبجەدا دەسوڕانەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و پرسیارە هیچ یەکێک لەپیاوانی ڕژێم بەدەستی پێشمەرگە نەکوژرا ! لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان کەوتنە بەر دەستیان تەنانەت مولازم خالیدی ئەفسەر وبەرپرسی ئەمنی هەڵەبجە بەجلی کوردیەوە بەناو پێشمەرگەکانی حسکدا بەرەو عەربەت دەرکرا بوو ! کێ دەریکرد و چۆن ڕزگارکرا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت بەرپرسەکانی ئەوکاتەی حسک وەڵامی بدەنەوە! تەنها دوو کەس لەوانەی بێکەس و پشت و پەنا بوون کوژران، یەکێکیان خالید ئەحمەد جەلیلەیی موستەشار بوو، لەکاتی هەڵهاتن و هەوڵی پەڕینەوە لەدەریاچەی شارەزور (دەربەندیخان) بەرەو سلێمانی کەوتە دەریاچەکەوە و خنکا، پیاوێکی تر کە ناسرا بوو بە ئەنوەر عەنەبی، دەوترا سەربە ئەمنی هەڵەبجە بوە لە پشت ئەحمەد ئاوا و لەکەڕەجاڵ کوژرا بوو.

پـێش نیـــوەڕۆی ئەو ڕۆژە چەنـــد فەرمانـــدەیەکی پێـــشمەرگە (شەوکەتی حاجی مشیر، مامۆستا مەلا عەلی و چەند ئەفسەرێکی بـاڵا ی ئێـــران) لەبینـــای قائمقـــامیەتی هەڵەبـــجە لەکۆبونەوەدابـــون بـــۆ باسکردنی هەندێک ڕەوشی شار و مەترسی تۆڵە کردنەوە و چۆنێتی ئیدارەدانی شار و هەندێک حاڵەتی تاڵانی و شڕەخۆری کە هێزەکانیان تێوە گلابوون، بە تایبەت بانکی هەڵەبجە کە ئەویش بۆخۆی چیرۆکی هەیە، دواتـر و لەشـوێنی خۆیـدا ئامـاژەی پێـدەکەم، بەچـاوی خـۆم فەرمانـــدەیەکی پێـــشمەرگەم بینـــی پەلامـــاری ســـەیارەی تویوتـــا فەلاحیەکەی کاک عومەری حاجی عینایەتی دەدا، کە ئەوکات سەرۆکی شـارەوانی هەڵەبـجە بـوو، دەیویست بە گونـدەیی بیبـات، کـاک عـومەر ئۆتـۆمبێلەکەی تەسـلیم نەدەکـردن، کەوتـنە میـل هێنـانەوە و هەڕەشـە کردن، خوا هەڵناگرێت کاک عومەر جوامێرانە بەرگری دەکرد، هەندێک خزمیشی کە دراوسێی بوون پاڵپشتییان کرد وەلێی بێهودە بـوو، کـاک عـومەر لەوتارێکـدا دەیگێـڕێتەوە کە (شـێرەکانی بەردەم مـاڵی ئـێمە و ڕێوییەکانی بەردەم سوپای پاسداران تەنها نیو کـاژێر سـواری بـون و پاسدار لێیسەندن و بۆ خۆیان برد)[1].

[1] عومەری حاجی عینایەت، لەگەڵ توفیقی کارەبـا ٢٨ سـال لەمەوبەر، ڕوزنامەی ئـاوینە ژمـارە ٥٢١ سێ شەممە ٢٠١٦/٣/٢٩.

کاتژمێر گەیشتە نزیکەی یانزە و نیوی پێش نیوەڕۆ خۆمان ئامادە دەکرد نانی نیوەڕۆ بخۆین، پۆلێک فڕۆکە هاتن، مەرگەسات دەستیپێکرد، هەڵەبجە دەسوتێت دۆزەخێکە کڵپەی بە ئاسماندا دەچێت، پاش هەموو چرە دوکەڵێک ساختمانە جوانەکانی شار دەڕوخێن و دەستەیەک کەلاوە پاش تەپ و تۆز بە جێدەمێنێت، شارنشینەکان هەرکەس بۆلایەک هەڵدێن، بۆمب و موشەک بارانی فڕۆکە بێبەزەییەکان بواری هەناسەدانی هەڵەبجەییەکان نادەن، داسی مەرگ بێبەزەییانە گیانی مرۆڤە بێتاوانەکانی مەملەکەتی خوێنی دروێنە دەکرد، وەک وەرزی خەزەڵوەر جەستەی منداڵە بێنازەکان بەشەقام وکوچەخەمبارەکانی شاردا بڵاوبوونەوە، هەڵەبجەی بوکی شارەزور ودایکی شاران بوونە جەنگەڵێک لە ئاگرو دەریایەک لەخوێن و وێرانی و گۆڕستانێکی بێشومار، مەرگ لەگەڵ تەمی دەروازەی بەهاردا دەباریێت.

بەپەلە و پرتاو لەگەڵ باوکمدا خوشک وبرا وردەکانمان گواستەوە بەرەو ژێر زەمینەکەی ماڵی مامەصادقم، فڕۆکە بواری هەناسەدانیان نەدەدایێ، هێندەی چەند خولەکێکی کەم دەرفەت هەبوو، لەکاتی هەڵهاتندا لەدورەوە دەنگی تۆپێک هاتوو باوکم خۆی هاویشتە ژێر پردێک لەنێوان دوو بەشی گەڕەکی مامۆستایان دروستکرابوو، تۆپێک هات و لەنزیک باوکم کێشای بەزەویدا چرە دوکەڵێکی خەستی دروستکرد هەموومان لەدورەوە دەستمان کرد بەهاوار وگریان

وامـانزانی باوکمـان کـوژراوه، خۆشـەبەختانە بە سـەلامەتی ڕزگـاری بوو، هەرلەکاتی ئەم هەڵهاتنەدا دادە عەفیفەم دارەوانـی برا بچوکمـان کە تەمەنی تەنها حەوت مانگان بوو لە ئامێز گرتبوو، لەتـاو ماندوێتی و شڵەژان دارەوانی دایە دەست ئـافرەتێکی تر و پۆلێک فرۆکە هـاتن، دادەم هەڵهـات ودارەوانـی لەیـاد چـوو، بە پرتـاو باوەشـم بەدارەوانـدا کرد و لەدەست ئافرەتەکەم وەرگرت و هەرچۆن بێت خۆمـان گەیانـدە ژێر زەمینەکە، لەوێ چەند مـاڵێکی تـری لێبـوو، مـاڵی هەتـاوی ئـامۆزام وخەسـوی و چەنـد مـاڵێکی دراوسـێیان، هەروەهـا پیرەمێردێـک و هاوسەرە پەککەوتوەکەی نەیاندەتوانی بێنە ژێر زەمینەکە، مـامەم هەر بەدەمیـانەوەبوو، ئەوانـیش بـاوک و دایکـی مامۆسـتا (شـێخ غەفـوری عەبـابەیلێی) بـوون، کە سـێ ڕۆژ پێـشتر مـامەم لە جێیەکـی تـرەوە گواسـتبونیەوە بـۆ مـاڵی خـۆی، لە جیـاتی کوڕەکەیـان کە دوو سـاڵ پێـشتر هەڵەبـجەی بەجێهێـشتبوو بەرەو ئێـران، فـڕۆکە بێبەزەییەکـان لەسەر دەریاچەی دەربەندیخانەوە دەهـاتن و بەسـەر کەڕی بـاڵامبۆدا نیو بازنەیەکیان دروستدەکرد و لەسەر چیای شنرۆێ و پشت گوندی عەبابەیلێ وە لوتیان دادەهێڵا و بۆمب بارانیان دەکردین، بەچاوەکانی خـۆم دەیـان موشـەک و بـۆمبم بینیـوە کەئاڕاسـتەی ئەو خەڵکەبـێ گوناهو بێتاوانە دەکرا، دەرفەتم هێناو وەک گەنجێکی سـەرکەش گـوێم بەترس نەدەدا و دەڕۆشتمە دەرەوە، بەڵکو بزانم هەواڵ چیە و فریـای چـی دەکەوم هاوکـاری خەڵـک بـکەم، ڕۆشـتمەوە بەرەو خـانوەکەی

خۆمان کە نزیکەی ٣٠٠ مەتریک لەمالی مامەم دور بوین، لەکۆلانەکەی بەردەمماندا ئۆتۆمبێلێکم بینی ئاگری تێبەربوبو، ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەم مالی کاک حەبیبی لێپرسراوی بنکەی ئاگر کوژێنەوەی هەڵەبجەدا بوو، مالی کاک یوسف محەمەد (یوسفی ئیعاشە)م بینی بۆمبێک نەک هەر تەختی کردبو، بەڵکو چاڵێکی هەڵکەند بوو بێ درۆ دوو تا سێ مەتر قوواڵ دەبوو، موشەکێک لەبەردەم مالی شێخ عەبدوڵڵای شێخ سادقی دراوسێمان بەربۆوە، بەهەمان شێوە موشەکێک بەر مالی ئیمە و مالی کاک حمە سەعیدی شێخ کەمالی عەبابەیلێی کەوتبوو، خانوەکەی ئیمەی نیوەڕوخاو کردبوو، باوکم بەخێرایی هاتەوە بۆ سەردانی خانوەکەمان، کە بەو شێوە مالەکەی بینی دڵی تەنگ بوو، زۆر ئەستەمە باوکت بەخەمباری ببینیت، لەو چرکە ساتەدا من دڵخۆشیم دەکرد، بەس نییە کەسمان لەخانوەکەدا نەبوین، باوکم وتی : ئەمشەو لەخەونمدا بینیم لافاوێک لە گوندی عەبابەیلێ وە بەرەو هەڵەبجە هات و هەمووشاری گرتەوەو لافاوەکە دای لەمالی ئیمەش و بەردی بناغەکەی سەرئاو کەوتو ئاوبردی، (لە کارەساتی ئۆردوگای سەرابی فەش لەم خەونەی باوکم تێگەیشتم کە مالمان وێران دەبێت وباوکمان کە بەردی بناغەکەیە شەهید دەبێت !!) لەو کاتەدا گوێم بەخەونەکەی نەدا و بە خێرایی گەڕاینەوە مالی مامەم، پۆلێکی تر فڕۆکە هاتن و بێبەزەییانە مەرگیان دەبارند، هەندێکجار بۆمبەکان تەنها ترپەیەکیان دەکرد، هەموو دەمانوت

ئۆخەی ئەوە بۆمبێکی تر نەتەقیەوە، ژمارەیەکی زۆر بۆمب نەتەقیەوە، سەمیر دەیوت: ئەوە چەکی کیمیاوییە و لەکاتی تەقینەوەدا دەنگەکەی بەو شێوەیەیە، حەزمان نەدەکرد بڕوای پێبکەین و ئومێدمان وا بوو قسەکەی وانەبێت، بەڵام دواتر زانیمان ئەو بۆمبانەی نەدەتەقینەوە کیمیایی بوون، قسەکەی سەمیر ڕاست دەرچوو، ئەم جارەش هاتمە دەرەوە و باوکی مامۆستا ڕەئوفم بینی، دەگریا و دەیوت مالّی مامۆستا (ڕەئوف سەیید موحەممەد غەیاس) ی کوڕم وێران بوە، بە پڕتاو هاتمەوە ژێر زەمینەکە و بە مالێ باوکم و مامەم وت ڕاکەنە دەرەوە ژێر زەمین بەرگەی ناپاڵم و موشەکی ئەم زاڵمانە ناگرێت، خانو وێران دەکات، براژنم (ئێمە بەمامەکانمان دەوت کاکە وبەخێزانەکانیان براژن) هەندێک خواردن و پێداویستی پەلەی کۆکردەوە، لە دەرفەتێکدا خۆمان گەیاندە چەندچاڵێک لەدەشتەکەی سەر و گەڕەکی مامۆستایان و نزیک ڕێگەی عەبابەیلی ، لە ناو چاڵەکەدا سەمیر بەغدادیشمان لەگەل بوو، گاڵتەی بەخۆحەشاردانەکەمان دەهات، دەیزانی فڕۆکەوانەکان زۆرباش دەمان بینن، بە هەرحاڵ لە چاڵەکاندا ماینەوە ولەم کاتەدا بۆنێکی ناخۆش و بەرگێکی زەرد بالا پۆشی هەڵەبجە بوو، دەمەو ئێوارە مامەم گەڕایەوە بۆ ناو هەڵەبجە لە مالّی خۆیان هەندێک شت بهێنێت و هەواڵێکی ئەو دوو پیرە پیاو ژنەش بزانێ کە نەیانتوانی وەک ئێمە بێنە دەرەوە، بۆیە هەر لەوێ گواستبونیەوە بۆ ژێر زەمینی

دراوسێیەک کە خێزانێکی تری کەمئەندامی تێدا مابێوە، خۆراک و ئاوی بۆ دابین کردبووون بەهیوای ئەوەی لە دەرفەتێکدا بێتەوە بە دوایاندا، بەڵام ڕەوشەکە زۆر دژواربوو نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ هاوکارییان، دواترلە ئێران مامۆستا غەفور مامەمی بینی و بەسەرهاتی دایک و باوکی بۆ گێڕابویەوە، لەگەڵ نزیکبونەوەی خۆر ئاوابوون هێواش هێواش بەڕێکەوتین بەرەو پشتی سەربازگەکەی پێشوی ڕژێم و بەرەو گوندی بامۆک، لەبەرئەوەی خەڵکی سازان بوین وباوکم شارەزای ڕێگەکەبوو ئەو ڕێگەمان گرتەبەر، زۆر ماندو ببوین بە تایبەت کە منداڵی وردمان زۆر لەگەڵ بو، دەبو بەپێی ئەوان بەهێواشی ڕێمان بکردایە، نەک فڕۆکەکان بمانبینن، لەو ساتانەدا گەنجێک بەرەو ڕومان هات دەستی بەدەم وچاویەوە گرتبو وتی خێرا دەرچن چەکی کیمیایی وەشاندوە، بەئاسانی بۆنێکی ناخۆشمان هەست پێدەکرد، ڕەنگێکی زەردی نائاسایی هەڵەبجەی داگرتبو، هەر کە گەنجەکە وای وت، هەمو بەپرتاو زیاتر گوڕمان دایە خۆمان و بەڕێکەوتین، گەیشتینە پشتی بامۆک فڕۆکەکان دوبارە هاتنەوە، وەک بڵێی دوا بۆردمانی ئەو ئێوارەیەیە و بەخەستی مەرگیان دەباراند، پاش خۆرئاوابون بەکەمێک و لە دەرئەنجامی بۆردومان لەپڕ ئاگرێکی نائاسایی بە قەبارەیەکی گەورە لەناوەڕاستی هەڵەبجە بەرز بویەوە و هێندەی تر تۆقاندینی.

ناوبازاڕی هەڵەبجە بەرەو شەقامی پیر محەمەو پاش کیمیایی باران

شەوی یەڵدا:

شەوی یەڵدا لەکوردەواریدا شەوی دەستپێکی زستان وکۆتایی پاییزە، جاران لەبەرئەوەی کەرەسەو هۆکاری شەوبەڕێکردن فەراهەم نەبوە، ئەوشەوانەی پاییز بە ئەستەم بە سەر خەڵکیدا تێپەڕ دەبو، بە کۆبونەوە و میواندارى و شەوچەرە خواردن...هتد، کات هەر تەواو نەبوە، بەڵام لە ڕاستیدا شەوی یەڵداو دەیجورى ئێمەی هەڵەبجەیی

لە ئێوارەی ١٧/١٦-٣-١٩٨٨ بوو، ئەو شەوە هەرکۆتایی نەدەهات، ئێوارە و پاش دوا بۆردمانی فڕۆکەکانی بەعس دەیان هەزار هاوڵاتی هەڵەبجە لەچەند قۆڵێکەوە هەرکەس بەپێی شارەزایی لە دەڤەرەکەی خۆیەوە هەڵدەهات بۆ پەناگایەک تیایدا بسرەوێت و لەمەرگ قوتارى ببێت، هەندێک ڕێگەی عەنەب بەرەوگوندی تاوێرەو وناوچەی هەورامان وخورماڵیان گرتبوەبەر، هەبوون بەرەوگوندی عەبابەیلێ و هاوار و هەبوون ڕوو بەناوچەی نەورۆڵی و شەمێران وبەشێکی تر ڕووە و گوندەکانی چاوگ و مۆردین و چنار، ئێمەش گوندی سازانی زێدی باوباپیرانمان هەڵبژارد، لەسەر ڕێی سازان ولەپشت گوندی بامۆکەوە هەزارەها مرۆڤ، ژن ومندال وپیاوی بەتەمەن وگەنج بەڕێکەوتبوین، شەوێکی دەیجور و ترسناک چاوچاوی نەدەبینی، هەرکەسێک ڕۆشنایی یا لایتێکی بەکار بهێنایە دەدرایە بەربەرد و قسەی ناشرین، چونکە ترسی بۆردمانی فڕۆکەمان لەسەرمابوو، ئێمەچوار خێزان پێکەوە بوین (ماڵی ئێمە ٨ کەس، ماڵی مامەصادقم

٧كەس، مـاڵی هەتـاوی ئـامۆزام وخەسـوەکەی ٤ کەس، مـاڵی کـاک نەجمەدینـی حەمەفەرەجـی کوێخـا ٥ کەس، لەگەڵ سـەمیربەغدادی) بۆئەوەی منداڵەکان ون نەبن و لەیەکتر دانەبڕێین باوکی ڕەحەمەتیم پێشمان کەوتبو ببوە سەرقافڵە، ژن ومنداڵەکان وەک زنجیرە دەستی یەکیان گرتبوو، من وسەمیریش لەدواوە و مـن کۆڵێکم بەپشتەوەبوو، مـاوەیەک دەڕۆیـشتین و منـداڵەکان مانـدوو دەبـون، بـاوکم هـاواری دەکـرد، جەمـاعەتی مەلاڕەسـول دانیـشن هەمـوو دادەنیـشتین، پـاش پشوویەکی کورت بەدەنگی ئەو هەڵدەستاینەوە و ڕێمـان دەکرد، لەم کاتـانەدا دەیـان کەس بەئۆتۆمبێل و سـەدان بەپیـادە و بەخێرایـی بە تەنیـشتماندا تێپەڕدەبـون و کەس ئاگـای لەکەس نەمـابوو، دەتگـوت ڕۆژی حەشـرە، پـاش کەمێـک ڕێگەڕۆشـتن، یەکێـک لەودیمەنـانەی هەرگیز لەیادەوەریمدا ناتوانم بیسڕمەوە و هەمیشە لەیـادمە، دیمەنـی دوومندال بوو، لەسـەر ڕێگەکە گوێم لێبـو دوومندال دەگریـان بەسـەر دایکیانـدا، وتـم بـۆدەگرین و هەوڵمـدا دایکیـان وەئاگـا بێنمەوە بەڵام بێسودبوو، منداڵێکیان وتـی: مامەگیـان باوکمـان کیمیاییەکە لێیداوە و مـردوە ئەمەش دایکمـانە کەوتـوە، لەبێدەسـەڵاتیـدا تەنهـا بەگریـان بەشداریم کردن وهیچی تر، پاش کەمێکی تر ڕێکردن، پاسێکی پۆڵۆنی کەئەوکـات ئەوجـۆرە پاسـانە هـاتوچۆی بەخەڵـک دەکـرد لەنێـوان هەڵەبـجە ومـوجەمەعی عەنەبـدا و ١٠ نەفەری دەگـرت، شـۆفێری ئەو پاسـە لایێکی دابـویە دەسـت یەکێک لەنەفەرەکـانی هاواریـان دەکرد،

خەڵکینە توخوا ڕێگەمان بدەن بریندارى کیمیاییمان پێیە هاوکارمان بن بابڕۆین، پاش مەسافەیەک پاسەکە پەکى کەوت و نەیتوانى بەبەرزاییەکانى ملەى سازاندا سەرکەوێت، بەچاوى خۆم چەندین برێندارم بینى لە پاسەکە کەوتنەخوارەوە، بەدەم ئازارەوە دەتلانەوە و کەسێک نەبوو بۆ چارەسەر بەهانایانەوە بچێت، لەوشەوەدا بەسەر تەرمى دەیان شەهید دا کەوتوم، هاوارم دەکرد ئەم خەڵکە بۆ لێرەدا خەوتون کەى کاتى خەوە بۆ هەڵناسن بەڕێکەون، نەمدەزانى هەمویان یاشەهید بون یابریندار و گرفتارن و ناتوانن بجوڵێن، بەهەرحاڵ و بەدەم هاوارو ناڵەوە وەک خەڵکەکە بەڕێکەوتین، بەڵام لەهەر شوێنێکدا پشویەکى کورتمان بدایە منداڵەکان خەویان لێدەکەوت و بەناڕەحەتى لەخەو هەڵدەستان و ڕێیان دەکرد، لەشوێنێکدا پێى دەڵێن ملەى سازان سەربازێکمان پێگەیشت وامزانى ئێرانیە، بەڵام جەنگاوەرێکى عەرەبى عێراقى سەربە فەیلەقى (٩ى بەدر) بوو، کەمێک هاوکارى کردم وکۆڵەکەى بۆ هەڵگرتم تا لەبەرزاییەکە قوتارمان بوو، بەعەرەبى هەندێک قسەم لەگەڵ کرد، بەڵام هیچم لەیادنەماوە باسى چیمان کرد هێندە نەبێت وتى سەربە مەجلسى ئەعلام، بەمشێوە ملەى سازانمان بڕى ئەوکات مامە صادقیشم کە لێمان دابڕابوو -بەهۆى گەڕانەوەى بۆناوشار- گەیشتەوە پێمان و هەمومان خۆشحاڵبوین بەگەڕانەوەى بەسەلامەتى، بەهەرحاڵ ڕۆشتین هەتا چاوگ و سەرەتاى باخەکانى سازان کات گەیشتە نیوەى شەو، ڕێگاو قەدپاڵ و

دۆڵەکـانی ئەو سـنورە هەمـوو ئـاونگی لێـدەتکا، لە نێـوان خـوڕەی کانیـاوی تەقیـوی ئەوسـاڵە و نـاڵەی خەڵکـی ماندوو کارەسـاتباردا، ئاگامـان لێنەبـوو سـەلامی کـوڕی مامەصـادقم کەتەمەنـی تەنهـا ٩سـاڵ بـوو لە پشـوێەکماندا خەوی لێکەوتبـوو، ئێمەش ئاگـاداری نەمـابوین و بەجێمـان هێشتبوو، بەرەو جـێ گونـدەکە بەڕێکەوتـین، مـامم بەهـۆی ڕێبەری خانەوادەی کاک فازیلی شێخ حەیدەری هـاوڕێی کە شـارەزای ڕێگەکە نەبـون لێمـان جیـابوەوە و دواکەوت ئـێمەش وامـان دانـابوو سـەلام لەتەک ئەودایە، کاتێـک گەیـشتن بە ئـێمە هێـشتا کـاتی بـانگی بەیـانی نەهـاتبو لێـی پرسـین هەمـوان تەواون، وتمـان تەنهـا تـۆو سەلاممان کەمە، وتی چۆن سەلام لەگەڵ ئێوە نیە؟بێتـاقەت بـوو، وتـی کـوا سـەلام؟ کەسـمان هەواڵمـان نەدەزانـی، بـو بەگریـان وهـاوار، لەمـشەوە تـاریکەو لەنـاو هەزارەهـا خەڵکـی وبرینـدار و کـوژراودا، منداڵێکی ونبوو چۆن بدۆزرێتەوە؟ مامەم بە پرتـاو و بە شـپرزەیی بە نائومێـدی و بەدەم هـاوار کـردنەوە گەڕایەوە نـاو ئـاپۆرەی خەڵکەکە لەچـاوگ بەڵکـو هەواڵـی سـەلامی کـوڕە تاقـانەی بزانێـت دایکیـشی (براژنم) ئەژنۆکانی شکا بوون و نەیدەتوانی لەخەفەتدا ببزوێت، هەتـا مامەم سەلامی دۆزیبوەوە و پێمان گەیشتنەوە، سـاڵانی دواتـر سـەلام خـۆی گێڕایەوە کە هەستا بـو لە خەو و هەستیکردوە جێمـاوە، گـوێ هەڵـدەخات دەنگـی کـاکەحەمەی مامەحەیـدەرمان دەبیستێت، یەکسـەر ڕۆیـشت بـوو بـۆ لای ئەوان و لەچـاوگ مـابویەوە، مامەشـم بەدەم

هاوارکردنەوە سەلام، سەلام، کاکەحەمەگوێی لەدەنگی دەبێت وبانگی دەکات کەسەلام لای ئەوە، لەوێدا دەیدۆزێتەوەو دڵ و دەرونی هێور دەبێتەوە، لەو شەوەدا سەدان منداڵ بزر ببون لە دایک و باوکیان، زامی دابڕانی باب و فەرزەند زۆر سەختە، تەنها یوسف و یەعقوبی باوکی و بە گێڕانەوەی قورئانیی توانیویانە گوزارشت لەو مەرگەساتە بکەن، نەزانینی مەرگ و ژیانی جگەرگۆشەکان هێندەی تر تراژیدیاکەی قورس و قووڵ کردبوو، تا ئەمڕۆش زۆر خێزان بە منداڵەکانیان شاد نەبونەتەوە و نەهامەتیەکانی دابڕان لە جگەرگۆشەکان و ئازاری ونبونیان زامێکە سارێژ نابێت، زۆر دایک و باوک بەحەسرەتی بینینەوەی جگەر گۆشەکانیان سەریان نایەوە.

بەم شێوەدژوارە گەیشتینە شوێنێک پێیان دەوت دۆڵی کەورگ، کە لەتەنیشت شوێن گوندی سازاندایە، ڕومانکردە کەورگەکان (ئەشکەوت) لەوێش چەندین خێزان خۆیان خزاند بویە ناوئەشکەوت و بنبەردەکان، زۆرباش لەیادمە هەتا گەیشتینە ئەوێ گزنگی ڕۆژێکی نوێ لەدەم کەل دەرکەوت. هێشتا کەس شتێکی ئەوتۆی نەخواردوە، تەنها هەندێک نانمان هەڵگرتبو لەگەڵ مەنجەڵێک گۆشتی مالێ مامەم کە نیوەڕۆی پێشوتر خەریکی کولاندنی ببون تابکرێتە چێشت و بخورێت، من و سەمیر بەدەم ڕێگەوە هەندێکیمان خواردبوو، بەڵام خواردنی تەواوی گۆشتەکە گەیشتە سازان و ڕۆژی دووەمی کارەساتەکە. لەبەر زۆریمان یەکی پارویەکمان بەرکەوت. دیمەنەکانی

ئەم کارەساتە وێنای ڕۆژی هەژانی سەرەتای قیامەتیان لای خەڵکەکە وابەرجەستە کردبوودەتگوت سەرەتا ئایەتەکانی سورەتی حەجی قورئانن گوزارشت لە و تراژیدیایە دەکەن (لەو ڕۆژە کە کارەساتەکە دەبینن هەمو شیر دەرێک لە شیرەخۆرەکەی بێئاگادەبێت و فەرامۆشی دەکات، هەمو سکپڕ و دووگیانێکیش کۆرپەلەکەی دادەنێت خەڵکی دەبینیت وەکو سەرخۆشن لەڕاستیدا سەرخۆشیش نین) یا سورەتی (عەبەسە) کە دەفەرموێت (ئەو ڕۆژە هێندە سامناکە بڕا لەدەست بڕاکەی هەڵدێت و ڕادەکات و خۆیی لێ دەشارێتەوە هەروەها لەدەست دایک و باوکی و لەدەست هاوسەر و کوڕەکانی لەو ڕۆژەدا هەرکەسێک لەوانە ئەوەندە سەرگەرمی کێشەی خۆیەتی ناتوانێت فریای کەسی تر بکەوێت) خۆم زۆردیمەنم دیوە کەدایک کۆرپەی جێدەهێشت و دووگیان کۆرپەلەی لەو قەراخ ڕێ و لاپاڵانەدا فرێدەدا، تەواوی خەڵکەکەش شێرزەو سەرگەردان بەناو یەکدا دەهاتن.

ڕۆژی ١٧ /٣:

ئەو ڕۆژەش کونەپەپو و بایەقوشەکانی ڕژێم بەردەوام مەرگ بارانیان دەکردین، کە دەنگی فڕۆکە دەهات، قیژەو هاوار و گریانی ژن و منداڵە بێگوناهەکان دەگەیشتە ئاسمان، پیاوەکانیش هاواری خۆحەشاردانیان لە خەڵک دەکرد، جارجارێک هێلیکۆپتەرێکی ئێرانی

دەهـات و لە پانتـاییەکی بچوکـدا هەنـدێک خـواردنی فـرێ دەدایە خـوارەوە، ئەوەی نزیکـی پانتـاییەکە بـوایە خـواردنی دەسـتدەکەوت، ئێمەش کە لە بەرزایی و نزیک ئەشکەوتەکان بوین و زۆر دوربوین، تەنهـا سـەیر کـردن و ڕامـان بەشـمان بـو، بەبرسـێتی ئەوڕۆژەمـان گوزەڕانـد، پـاش عەسـرو نزیـک ئێـوارە بـاوکم و مـامەم بڕیاریانـدا لەترسی بۆردمانی فڕۆکەکان ڕێگەی هات و نەهاتی کۆچ بەرەو ئێران بگـرینە بەر، مـاوەیەک پـێش خۆرئـاوابون بەڕێکەوتـین، دەبـوو بەشـوێنێکدا تێـپەڕین پێیـدەوترا دەشـتێی سـازان، دووبـارە فـڕۆکەی مەرگمان لێپەیدابوو، لەبەرزاییەکانی پشتی چەمی بەهـار دۆڵی نێوان سازان و کۆساوا بە بۆمبی کیمیایی خەڵاتی کردین، هەمـوو بەسـانایی بۆنی کیمیایی یەکەمان بەسەردا هات، ئەوکات وەک ئیلهامێکی خوایی بەنـاو خەڵکـدا بـڵاو بـوبەوە پەڕۆی تەڕ بگـرین بەدەمـو لوتمـانەوە بۆئەوەی ژەهری بەعس هەڵنەمژین، بـاوکم پشتێنەکەی پـارچە پـارچە کرد و هێندەی تـوانیی دابەشیکرد بەسـەر هەمواندا و منداڵ و گەورە و ژن بە پەڕۆی تەڕ دەموچـاوی خۆمـان داپۆشـی و لەپەنـاو کەنـاری ڕێگاکەدا دانیشتین هەتا دەرفەتێک بڕەخسێ و بەرەو خاکی ئێران ڕێ بگرینەبەر.

کۆچ بۆ ئێران:

نزیک خۆرئاوابونی ڕۆژێکی مەرگ ئامێز لەبری ئەوەی خۆمان بۆ پێشوازی نەورۆز و سەوزایی و نێرگس و وەنەوشەو سەیران ئامادە بکەین، زوحاکی سەدەی بیستەم سەیرانی لێکردبوینە دۆزەخ، گوڵ و وەنەوشەی لێ کردبوینە گوژاڵەی بیابان و مەرگ دروێنەی دەکردین، لەو ئێوارەیەدا دەرفەت ڕەخساو بەرەو سنور و ئاوی سیروان بەڕێکەوتین، لەو ڕێگەدا پاسدارێکی ئێرانیمان پێگەیشت وتی (خەستەنەباشید) وتم عەلەیکەسەلام، دواتر لەباوکم پرسی خەستەنەباشید مانای چیە؟وتی مانای ماندونەبن، هەتا گەشتینە سەر ڕوباری سیروان شەو داهات، سیروان بۆ ئێمەی کورد ژیانەوە و سەیران و دیمەنی دڵڕفێن و ماسی و مەلە کردن و ناوی سەدان جگەر گۆشەمان و دونیایەک جوانی بوو، ئەو شەوە لێمان ببوبە مۆتەکەیەکی ترسناک، ئەژدیهایەک لمۆزی لە خوێنی جەستەمان سور کردبو، کەپوی بۆنی هەناسە تاسێنراوەکانی منداڵە پەشۆکاوەکانی هەڵەبجەی دەکرد و لە دەرفەتێک دەگەڕا لوشمان بدات، ئەو ڕۆژانە خاک وئاویش دوژمنی ژیان ودۆستی مەرگمان بوون، خوڕەی ئاوی بەهاری بێنازی سیروان هێندە زۆر بوو مرۆڤ لەڕۆژی ڕوناکیشدا لێی دەترسا، لەشکرە پەرتەوازەکەی ئیمام پردێکی شەق وشڕو کاتیی لەسەر ئاوەکە بەستبو، بەناچاری ولە تاو گیانی خۆمان بەسەریدا بەهەزار نزا و پاڕانەوە نەبادا چەپۆکانی سیروانیش جامی تورەیی

بـــڕژێنێتە ســـەرمان پەڕیـــنەوە ئەوبەر، گەیـــشتینەخاکی ڕۆژهەڵاتـــی کوردستان (ئێران)، لەو ڕێکردنە سەختەدا بۆئاسانی ڕێکردن باوکم ڕۆبەکەی دادە عەفیفەمی کردبوە تورەکەیەک و دارەوانی برامی تێدا کۆڵکێش دەکرد، لە بێ ئاگایدا قەراغی ڕۆبەکە گیرابویە مل و گەردنی دارەوان و خەریک بوو هەناسەی لێببڕێت و ملی دارەوانی بریندار کرد و لەهۆش خۆی چوو بوو، وتیان جێیبهێڵن تازە مردوە، باوکم کەمێک بیری کردەوە و بەخێرایی هەندێک ئاوی کرد بەدەمو چاویداو هەنـــدێک ڕایوەشـــاندو دارەوان کەوتەوە هەناســـەدان، بەشـــپرزەیی کەوتینەوە ڕێکردن و لەو شوێنەدا جۆرێک ئۆتۆمبێلی سوپای ئێرانیـان ئامـــادەکرد بـــو بـــۆ هاوکـــاری خەڵـــک، پێیـــان دەوت میـــک زەمینـــی، ژمارەیەکی زۆر سواری بوین و لەبەرزاییەکدا دابیەزاندین، خواردنی ســـەفەریی ســـوپای ئێرانیـــان بـــۆ هێنـــاین، کەبریتـــی بـــوو لەبـــرنج و پارچەیەک مریشک، لەو کاتەدا وەک دیاری خوا و خەڵاتی بەهەشت بـــو، ئەو خـــواردنە بۆمنـــدالەکان زۆر خـــۆش وبەچێـــژ بـــوو، چـــونکە دووڕۆژ بوخـــۆراکێکی ئەوتۆمـــان نەخواردبـــوو، منـــدالەکان بە هەڵپەپەلاماری خواردنەکەیان دەدا، چێژی خواردن تەنها برسیەکان لێی تێدەگەن، باشبو پاسدارێک دڵخۆشی کردین کەئێستە خواردنی تر دەهێنن، ئەو ئێوارەو بەپەلەپەل مریشک و برنجی بەهەشتمان نۆش کرد، سەرما و کزەیەکی ساردی تاقەت پڕوکێن، شـێ و تەڕو توشیی بـــارانی مەرگـــی ئـــێمە و ژیـــانەوەی زەوی بێـــزاری کردبـــوین، بەفـــری

چیاکان که سالانی پێشو بۆ ئێمه کەڤالی جوانی و مێرگی بازیمان بو، هەنوکه بۆته پیره ژنێکی جادوگەری بێ بەزەیی جەستەمان شەقار شەقاردەکات، لەم دراما خەم ئامێزەدا هەستاین ودوبارە بەرێکەوتین، هەر بە سەیارە میک زەمینیەکە رۆشتین بەسەر چەندین شاخ و بەرزایی و ناڕەحەتیدا، شۆفێرەکە هێندە بەخێرایی لێی دەخوڕی زەندەقمان چوبو، دوعا و یا ئەڵڵا یا ئەڵڵا مانبوو، گەیشتینە شوێنێک پێیان دەوت (مەڕەخێڵ) و دایان بەزاندین، وتیان ئێستە سەیارەی تر دێت بۆ گواستەنەوەتان، ماوەیەکی زۆرچاوەڕێمان کرد، ئێرانی گوتەنی (ئۆتوبوس) پاسی گەورەو چەندین گەڵابەیان هێنا، هەرخێزان و بنەماڵەیەک ئازا بێت و فریاکەوێت پاسێک یا گەڵابەیەک بۆ منداڵەکانی دابین بکات و ڕزگاری بێت، چونکە منداڵی زۆرمان پێبوو خەویان لێدەکەوت فریای پاسەکان نەکەوتین، هەرچۆن بوو منداڵەکانی ئێمە و مالی مامەم سواری گەڵابەیەک بوین، نزیکەی چەندین خێزانی تریش خۆیان فڕێ دایە ناو گەڵابەکە، بەئەستەم جێگەی پێم دەبوویەوە، گەڵابەکە کەوتەڕێ تا گەیشتینە ناو شارۆچکەیەک ناوی (باینگان) بوو دونیا ڕۆشنبوەوە، من وکوڕێکی تر بەناوی (عادلی دادە حەپسە) هەربەپێوە وەستابوین وشوێن نەبوو دانیشین، ئەوانیتر پەتوی سوپای ئێران و قەمسەڵەیان لەخۆیان پێچابوو خەویان لێ کەوتبوو، کزە باو هەوای ساردی ڕێ ڕۆشتنی گەڵابەکە هەردوو گوێی تەزاندبوم، سارد و سەرمای ئەو ڕۆژە

تاهەنوکە لەجەستەمدا ماوە، بەتەنیشت ئۆردوگای سەربازی رۆشتین و گەلابەکە نەوەستا، بەردەوام دەڕۆیشت تا گەیشتینە شارۆچکەیەکی تر بەناوی (ڕوانسەر)، دواتر کرماشان، گەلابە هەرناوەستێت، دواجار لە شارۆچکەی کەنگاوەر بەدوری ٨٠کم لە کرماشان گیرسایەوە، خەڵکی شارەکە ئەمبەر و ئەوبەریان لێگرتبوین، وایان دەزانی سەربازە دیلەکانی ڕژێمی بەعسین، گەورە و بچوکیان دەستیان بەرز دەکردەوە (مەرگ بەر صەدام، مەرگ بەر عێراق) وتم باوکە ئەوەچی دەڵێن؟ باوکم وتی وادەزانن دیلی جەنگین، ئەڵێن مردن بۆ صەدام مردن بۆ عێراق، سەرم سوڕمابو لێرەش وەک تەیری گول مامەڵە دەکرێین! ئەوکات لەئێران نزیکی (سیانزەبەدەر) بوو، سیانزە بەدەر لە ئێراندا لە ٢١ ی ئازار (یەکی نەورۆز تا ١٣ نەورۆز) تا سەرەتای مانگی نیسان پشووی فەرمیە، خەڵکی بۆ سەفا و سەیران ڕو لە دەشت ودەردەکەن و پشو دەدەنە ڕۆح و جەستەی شەکەتیان. بەڵام بۆ ئێمەی لە خاک و ماڵ وەدەرنراو بەو شێوە دزێوە پێشوازیمان لێکرا، هەتا هەموانیان خزاندە نێو (دەبستانی شەریعەتی) قوتابخانەی شەریعەتی سەرەتایی، پێنج خێزان بوین (مالی ئێمە، مالی مامەم، مالی شێخ کەریمی سازانی، مالی دادە ڕابیعەی خێزانی عەلی حسەین، مالی نەسرینی شێخ صادقی عەبابەیلیی) نزیکەی ٢٣ کەس دەبوین بەپیاو ژن ومندالەوە بۆ پشودان و خەو و خواردن خزاندینیانە یەک ژوور (پۆلێکی قوتابخانەکە).

پاش پشوودان هاتمه ناو گۆڕەپانی قوتابخانەکە، دەبینم سەدان خێزانی هەڵەبجەیی تێدایە، لەڕاڕەوەکان و پۆلەکان و گۆڕەپانی یاری منداڵان هەموی خەڵکی هەڵەبجە بوو، لەبەر زۆری ژمارەی خەڵکەکە، هیچ شتێک بەشی نەدەکرد و بەرنەدەکەوت، بەرپرسە ئێرانیەکان نەشیان دەهێشت کەس بەهیچ شێوەیەک لەقوتابخانەکە بچێتەدەرەوە. خۆیان دەهاتن بەئۆتۆمبێلی تایبەت بریندارەکانیان دەگواستەوە بۆ نەخۆشخانە و کەسێکیان لەگەڵ دەبرد، پاش چارەسەر وەرگرتن دەیانهێنانەوە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ دەیان بریندار چومەتە نەخۆشخانە.

ناوبازاڕی هەڵەبجە لە بەردەم دوکانی حاجی عەبدولڕەحمانی نوقڵەوە بەرەو دوکانی مەحموی سافە، پاش کیمیایی باران

ئەو قوتابخانەی تێیدا ماینەوە دوو نهۆم بوو، گۆڕەپانێکی بچوکی هەبوو تەنها گۆڕەپانی یاری باسکە بوو، هەندێکجار لەگەڵ گەنجەکاندا یاری باسکەمان دەکرد، پێم باشە ئاماژە بەچەند شتێک بکەم کەلەناو قوتابخانەکەدا ڕوياندا:

- ماوەی بیست و یەک ڕۆژی ڕێک هەمومان وەک زیندانی ماینەوە، خواردنمان بریتی بوو لە پەتاتەو و پەنیر و نانی وشک، هەندێجار کەمپوتیان دابەش دەکرد (معلبات)، بەڵام زۆربەی ژەمەکان سیب زەمینی (پەتاتە) بوو، هەرچۆن بو بە تکاو داواکردن لە (ئاغای مەهدی فەڕ) کە هاتوچۆی قوتابخانەکەی دەکرد و پێدەچو بەرپرسی ئەو قوتابخانەیە بێت، هەندێک برنجی وشکی هێنا، براژن پرشنگ لە تەنەکەیەکی پەنیر کە وەک تەنەکەی ڕۆنی خۆمان بوو برنجێکی ساز کرد، ئەو ژورە لەو ئێوارەدا ژیانێکی تری گوزەراند لەتاو دڵخۆشی منداڵەکان بەبرنجە حەیاتەکە، ئێرانییەکانیش یەک جار برنجیان هێنا ئیترکردمان بە جەژن.
- هەفتەی یەکەمی مانەوەمان بوو ڕۆژێک پاسیان هێنا بۆمان، بەسەرە گروپ گروپ دەیان بردین بۆ حەمامەکانی کەنگاوەر، خەڵکەکە جلو بەرگ وپۆشاکەکەی لە ساردی حەمامەکە دادەنا، کەمێک لەخەڵکەکە هەرچی پارەو پول و ئاڵتونی هەبوو لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرت و جێی نەدەهێشت، چونکە وەک وتم چەندین خێزان لەژورێکدا دەماینەوە و ڕۆژەکەشی ڕۆژی نەداری و نەبوونی بوو،

بەڵام بەرپرسە ئێرانیەکان هەموو جلوبەرگەکانیان لەساردی حەمامەکاندا هەڵگرتبو، پێیان دەوت (لباسهایی شیمیایی زەدە) (پۆشاکی کیمیایی بەرکەوتو) وەک جلوبەرگی خەڵکی گەڕ و گول، بەبێ پرس و ڕەزامەندی خەڵکەکە هەمویان سوتاندبوو، هاوار و بێزاری لەناو خەڵکدا بەرز بویەوە، زۆرێک زیانی گورچک بڕی لەو هەنگاوەش بەرکەوت، گریانی بوو بۆ پارە و پولی سوتاوی، گریانی بوو بۆ مااڵی سپی کە بۆ ڕۆژی ڕەش پاشەکەوتی کردبوو، بەڵام کار لەکار ترازا و ئەشکێکی بێهودە لە سەر گۆنا خلۆر بوویەوە.

خەڵکی شاری کەنگاوەر بە بڵندگۆ هەڵمەتی پۆشاک کۆکردنەوەیان ڕاگەیاندبو بۆ کوردهایی شیمیایی زەدە، لەو پۆشاکە کۆن و درواوانەیان بەسەردا دابەشدەکردین، بە ئارەزوی خۆشت نەبوو، هەرچی بەردەست بکەوتایە دەبوو بیپۆشیت.

- ڕۆژێکی تر ئافرەتێک لە ڕاڕەوی قوتابخانەکەدا دەستیکرد بەگریان و هاوار کردن، بە پەلە بەهانایەوە چوین، هەنسک و فرمێسکی گەرمی بۆ شەهید بونی مااڵی باوکی بو، پێنج کەس هەمویان بە کیمیاییەکە شەهیدببون، پیاوێکی بەساڵا چوو دڵخۆشی دایەوە و چەند خێزانێکی پێشاندا لەهەر بنەماڵەیەکیان (١٨ - ٢٠)کەسیان شەهید ببو، ئیدی سەبوری بۆ هات و مەرگ لەگەڵ دراوسێدا نەهامەتی لەبیربردەوە، هەر لەو ڕاڕەوەدا پیاوێکی پیر دوا

هەناسەکانی مەرگی دەدا، باوکم بەخێرایی ڕۆیشت و یاسینی مەرگی بەسەردا خوێند، پاشان کابرا هەناسەی چکی کرد.

• هەندێک هەڵەبجەیی و خەڵکانی تر کە سالانی پێشوو (هیجرەتیان!!) کردبوو بۆ ئێران دەهاتن سەردانیان دەکردین و سۆراخی کەسوکاری خۆیان دەکرد، لەیادمە ڕۆژێکیان جەنابی مامۆستا مەلاعەلی عەبدولعەزیز هاتبوو بۆ بەسەرکردنەوەی خەڵکە لێقەوماوەکە و دڵدانەوەمان، چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو، هاتە ژورەکەی ئێمەو خەڵکی لەدەوری کۆبونەوە، یەکێک لەپرسیارەکان دەربارەی چەک هەڵگرتن دژی بەعسیەکان بوو، مامۆستا لەوێدا وتی : هەرکەس بەعسی بێت دەبێت بکوژرێت، لە پێشدا ئەو بەعسیە بکوژن کە نوێژدەکات، ئەمە بویە هاندەر بۆ زۆر کەس کە پەیوەندی بە حزبە کوردیەکانەوە بە هەموو جۆرەکانیانەوە بکەن.

• ڕۆژێکی تر کاروانێک پاسیان هێنا و بە زۆری زۆرداری چەندین خێزانیان خزاندە ناویانەوە و گواستنیانەوە بۆ ئۆردوگای کرمان، زۆر خێزان هاواریان دەکرد کە نارۆن و کرمان دورە، بەڵام بەزەبری هێز چەندین خێزانیان نارد. شایانی باسە زۆر جار بەرپرسی باڵای حکومەتی ئێران بە تەنها و بەبێ پاسەوان دەهاتن کە نەمان دەناسین و بۆکاری تایبەتی خۆیان دەهاتن و دەڕۆیشتن، جارێکیان لە گەنجێکم پرسی ناوی (موارادی) بوو، وتم :ئەو پیاوە کێیە وا بەبێدەنگی هاتوو خەریکە دەچێتە دەرەوە؟وتی :ئەوە مەسئولی

ئیتلاعاتی ئەم کەنگاوەرە یە. بەم شێوەیە ژیانمان گوزەراند، لە ڕۆژی ٢٢ هەمدا گواستینیانەوە بۆ ئۆردوگای (سەرابی فەش) نزیک کەنگاوەر، پاشتر بە وردی باسی ئەم ئۆردوگایە دەکەم.

ئۆردوگای هەڵەبجەییەکان لە ئێران:

پاش ئاوارەبونی زیاتر لە ٧٠ هەزار مرۆڤی هەڵەبجەیی و شارۆچکەکانی دەوروبەری، کوردان و هاوڵاتیانی ئێران زۆر بەباشی بەهانامانەوە هاتن، دواتر دەزگا بەرپرسەکان دابەشیان کردین بەسەر شارەکاندا، ناوی ئۆردوگاکان ئەوەی لەیادم مابێت بریتی بون لە: (ئۆردوکاگەی ئیمە ناوی سەرابی فەش بو نزیک شاری کەنگاوەر، ئۆردوگایەکی تریان هەر لەم شارە کردەوە بەناوی گەلیاران، ئۆردوگای شاری سونغور، ئۆردوگای شاری هەرسین نزیک کرماشان، دوو ئۆردوگا لەشاری کامیاران کە دەکەوتە نێوان کرماشان و سنە، شایانی باسە ئۆردوگای شەهرەکی کامیاران پێشتر زۆرینەی موهاجیرەکان! لەوێ نیشتەجێ کرابون، ئۆردوگای کرمان دورترین ئۆردوگابوو، هەردوو ئۆردوگای هەزار خانی و دەربەند دزڵی لە نزیک شاری مەریوان، ئەوەی دوەمیان پێشتر پێشمەرگەی حزبە کوردیەکانی لێ نیشتەجێکرابوو، ئۆردوگای دێهگولان، ئۆردوگای سەریاس نزیک پاوە و ئۆردوگای جوانڕۆ...هتد)

گواستنەوەی خەڵک بۆ ئۆردوگای سەرابی فەش بەردەوام بوو، هەتا نزیک بوونەوەی مانگی ڕەمەزانی ئەوساڵە واتە دەوروبەری ١٩٨٨/٤/١٥ زۆرێکمان لەو ئۆردوگایە نیشتەجێ کراین، ڕۆژانە خەڵکی لە شار و ئۆردوگاکانی تر‌ەوە دەهاتن بەدوای خزم و منداڵە ونبوەکانیاندا دەگەڕان، زۆر جار لە بڵندگۆی ئۆردوگاکەوە هاواریان دەکرد کە فڵان کەس خزمێکی هاتوە بۆ دیدەنی، ئەگەر لەم ئۆردوگایەیە بابێت بەدەم خزمەکەیەوە، ڕۆژێکیان کە ناخۆشترین و دڵتەزێن ترین ڕۆژەکان بوو، ئەوەبوو منداڵێکی یەک ساڵانەیان لە نەخۆشخانەوە هێنابوو، کە کێ منداڵێکی یەک ساڵانی لێ ونبوە بەڵکو بێت بەهانای ئەم منداڵەوە و بیناسێتەوە، دوبارە ئازیەتباری باڵی کێشا بەسەر ئۆردوگاکەدا و دەنگی گریان بەرز بوویەوە، جارێکیتر دوو خێزان لەسەر منداڵێکی چوار ساڵان کێشەیان بۆ دروست بوو، خێزانێکیان دەیوت برازای ئێمەیە و دایک و باوکی شەهید بون، خێزانەکەی تر دەیانوت نەخێر خزمی ئێمەیە و دەیناسینەوە، دواتر نەمزانی ئەنجامی ئەم کێشەیە بەکوێ گەیشت، ئەمەو دەیان چیرۆکی تری تراژیدی و مەرگ ئامێز ڕوی دەدا.

- هەندێک شتی تر لە ئۆردوگا ڕویاندا بەخێرایی یاداشتیان دەکەم، وەک هاتنی (خامنەئی) سەرۆک کۆماری ئەوکاتە بۆ ئۆردوگا، تەنها بۆ بەسەرکردنەوە و هیچی تر بە هێلیکۆپتەرێک هات و پاسەوانێکی لەگەڵدابوو، هەروەها تیپێکی سرودی شاری پاوە هاتن و

هەندێک سرودی لاواندنەوەی کارەساتی هەڵەبجەیان پێشکەشکرد، هەروەها مامۆستا مەلا لوقمان کە ئەوکاتە ڕابەری بزوتنەوەی جوندوڵڵا بو سەردانی ئۆردوگاکەی کردین و لە مزگەوتەکەدا وتارێکی خوێندەوە و ژمارەی شەهیدەکانی کارەساتی هەڵەبجەی بەزیاتر (٧٦٠٠) ئەژمارکرد بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستیدابون.

- باوکم و مامۆستا جەمال بێداری شاعیر لە بڵند گۆی خێمەی سەرپەرشتی ئۆردوگاکەوە هەموو ڕۆژێک شیعریان دەخوێندەوە وبە شیعری لاواندنەوە و تراژیدی مەرگەساتەکەیان دەنەخشاند و خەڵکێکی زۆر هۆگری گوێگرتنیان ببون، ئەم شێوازە لە هونەر لەوکاتەدا داهێنان بو ببونە بڵندگۆیەکی ڕۆشنبیری ئۆردوگاکە. مامۆستا جەمال بێدار دەڵێت: (لەدەوروبەری ١٠ی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا شەوێکیان گوێم لەدەنگی چەند کەسێک بو کە لە بڵندگۆی خەیمەکەی سەرپەرشتی ئۆردوگاوە شیعریان دەخوێندەوە، یەکێک لەوانە مامۆستا ڕەسول بو، بەڕاستی شیعرەکانیم بەلاوە جوان و دڵگیربون)[1]، لە پارچە شیعرێکدا باوکم دەڵێت:

---

[1] یاسین ڕەسول عوسمان، دیوانی باوەخەمان، چاپەمەنی پەیڤ سلێمانی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕ٦/ خوێنەر بۆئاشنابون بە شیعرەکانی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دیوانە شیعرییەکەی.

شیوەنی هەڵەبجە

ئەوا نەورۆزەبولبول خەندانە مژدەی کۆتایی سەختی زستانە
عالەم ڕۆیشتوی بەرەو ئاسمانە سەدەی بیستەمیش ڕووڵەنەمانە
هێشتا ژێردەستی بەشی کوردانە
بڕیاربوچەکی ئەتۆم نەمێنێ نابێ، هیچ کەسێ بەکاری بێنێ
ئەی بۆچی بەعس کورد ئەسوتێنێ
شاری هەڵەبجە چی بو تاوانی جگە لەباوەڕبەخوا و قورئانی
قادسیەی شومی بەهیچ نەزانی بۆیە بە خەردەل لێیداو فەوتانی

لەم کاتانەدا ئێران گەلاّبە و لۆری تەرخان دەکرد بۆ هەڵەبجەییەکان تا بڕۆن لە هەڵەبجە شتومەکی مالەکانیان بهێنن، بەڵام ئێمە سەرەمان نەهات و سەیارەیان پێنەداین هەتا پاش شەهیدبونی باوکی ڕەحمەتیم کەدواتر بەدرێژی ئاماژەی بۆ دەکەم.

لەسەرابی فەش چی ڕویدا؟

حەڵڵیەتی خوێن ڕشتنی مرۆڤی کورد بەگشتی لە (ئێرانی پەناگای هەموو موستەزعەفانی جیهان !!) لەکەمپ و ئۆردوگای سەرابی فەش بەتایبەت وبیدەنگی هەڵبژاردن بەرامبەر ئەو تراژیدیایە تاوانێکی بەرجەستەیەڵەسەری دەدوێین، وەک شاهیدحاڵێک و بەشدار و کارەکتەرێکی سەرەکی ئەو نەهامەتیە بەسەر خێزانە هەڵەبجەییەکاندا هات کارەساتەکە دەگێڕینەوە.

کەنگاوەر قەزایەکە نزیکەی (٨٠کم) لە ((کرماشان)) دووربوو، سەرابی فەش یەکێک بوو لەکەمپەکانی نیشتەجێکردنی هەڵەبجەییەکان، چەند کیلۆمەترێک لەشاری کەنگاوەرەوە دوربو، (فەش) گوندێکی بچوک وسەرچاوەیەکی ئاوی هەبوو پێیان ئەوت ((سراب فش)) سەرچاوەی فەش، ئەم کەمپە لەپشتیەوە شاخێکی بەرز هەبوو، لەبەشی خۆرئاوایەوە دووربوو لەئاوەدانی، لەڕۆژهەلاتەوە باخوباخاتی گوندنشینەکانی ((فەش)بو، دەوری ئۆردوگاکە بەتەل و بنکەی پاسەوانی (ژاندارمری) یەکان گەمارۆ درابو، لەدەروازەی ئۆردوگاکە زاڵگەیەکی تۆندی ناحاڵی هەبوو تەنها و تەنها (نەمیشە) (نابێت) یان دەزانی، هەرکەس بهاتایە بۆ سەردان کردن یان گەڕان بەدوای کەسێکی بزر بوویدا یا خود دابەزێتە بازاڕ، دەبوو بەو زاڵگەیەدا و وەرەقەی مۆڵەت (بەرگەی مەرەخەسی) پێبوایە (ورود و خروج افراد اکیدا ممنوع است!!) (هاتن و چونە دەرەوەی خەڵک بەدڵنیایەوە قەدەغەیە) جێبەجێ دەکرا، کەس بێ پرسی ژاندارمری و ئاغای سەرهەنگ (ئەفسەر) بۆی نەبوو هاتووچۆ بکات، هەرکەس سەرپێچی بکردایە سزا دەدرا، چەندجارێ لەسەر ئەم ڕۆتینیاتە لەنێوان خەڵک و ژاندارمریەکاندا شەڕ ڕوویدەدا، کاتێک بەرپرسێک دەهات شکات دەکرا لەڕەفتاری دزێوی زۆرێک لەژاندارمرییەکان، بەرپرسە ئێرانیەکان بەپاساوی (اونها ضد انقلاب هستند) ئەوانەی ئەو ڕەفتارانە دەکەن دژی شۆرشی ئیسلامین و دەیانەوێت ئێران ناشرین

بـکەن، سـکالا کارانیـان فەرامـۆش دەکـرد، زۆرێـک لەژانـدارمریەکان بەجنێـو و قـسەی ناشـرین مامەڵەیـان دەکـرد و بازارپـیانە چاویـان دەبڕیيە ژن وکچە هەڵەبجەییەکان، بەگۆرانی و ڕابواردنەوە گەمەیـان بەئازارەکانمان دەهات (ای دخترکوردی، دلی ما بوردی....رفتی هلبجه مـا نەبـوردی) واتە : (ئەی کـچە کـورد، دڵـی ئـێمەت بـرد، ڕۆشـتی بـۆ هەڵەبـــجە ئـێمەت نەبـــرد) منـــیش لە تـــۆڵە کـــردنەوەدا ئەم دێـــرەم دروستکردبوو بە ژاندارمریەکانم دەوت (ای دختر فارسـی، ایست بـاز رسـی) گەر نـاڕەزایەتییەک بەرامـبەر ڕەفتـار و کـاری ئیدارەی کەمـپ هەبوایە پێیان دەوتین : (گەربەدڵتان نییە بگەڕێنەوە بۆلای صەدام!!)

مانگی گوڵانە و دنیـا لەو دەڤەرەدا گەرمـای پۆشـیوە، ناوخێمەکان تـین و هـــاڵاوێکـــی زۆر ناخۆشـــی لێـــبەرز دەبـــوویەوە، خەڵکـــی بـــۆ قوتـاربوون لە گەرمـا لە بەردەم خێمەکاندا کەپریـان دروسـتدەکرد بۆ پـــشووی نیـــوەڕوان، بـــۆ دروســـتکردنی کەپـــر دەبـــوو لەبـــاخی گوندنشینەکانی فەش داریان بکڕیایە، وەک وتمان لە بەشی ڕۆژهەڵات باخی پڕ دار و درەختـی گوندنشینەکان تەنها ٥٠ مەترێک دوور بوو، بەڵام گەر لە زاڵـــگەکەوە خەڵکـــی بچوونـــایە بـــۆ دارکـــڕین دەبـــو کیلۆمەترێکیان ببڕیایە بۆیە خەڵکی ڕێگە کورتەکەیان هەڵدەبژارد و ژاندارمریەکان هەندێکجار ڕێیان دەدا و هەندێکجار ڕێگریيان دەکرد.

خوشك و براكانم له ئۆردوگای سەرابی فەش پاش بێناز بونیان له سۆزی باوك

چنوری خوشكم ، شاخەوان ، پشتیوان ، فەهمی ، دارەوان

بەداخەوە کە شڕەخۆر لەکۆڵ ئەم میللەتە نابێتەوە، دووکەس دەڕۆنە باخی گوندەکە بۆدار دزین، خاوەن باخ پێیان دەزانێت و دەیکاتە هات و هاوار و ژاندارمرییەکان ئاگادار دەکات و دزەکان دەگرن و لێدانێکی زۆریان دەکەن، پاشان هەر لەوێدا بەدەست ماچکردن و تکا و پاڕانەوە لەدوو دزەکە خۆش دەبن و دەیانگێڕنەوە ئۆردوگا، ئەم دوو دزە داخ لەدڵ دەبن و شەقو تێهەڵدانی زۆریان خواردوە، هەستی بێزاری و بریندارى لاوان لەناو بازاڕی ئۆردوگاکەدا دەقۆزنەوە، درۆیەک دەکەن کە ژاندارمرییەک دەستدرێژی کردوەتە سەر کچە منداڵێکی کورد، ئەم قسە وەک کیمیاییەکە و بەخێرایی بڵاودەبێتەوە، بێوردبونەوە لەکێشەکە شەڕ و پشێوی دەستپێدەکات، خەڵکی پەلاماری زاڵگەکە و سەرهەنگ و ژاندارمرییەکان دەدەن، ئەوانیش لە دەستپێکدا هەندێک تەقەی ترساندن دەکەن، پیاو ماقوڵانی هەڵەبجە وخەڵکێکی دنیادیدە هەوڵی کپکردنەوەی ئاژاوەکە دەدەن، ژاندارمریەک بەناوی (بهرام) لێدانێکی زۆری بەردەکەوێت، چونکە پێشتر ڕەفتاری ناشرینی زۆری کردبوو و گەنجەکان زۆر لێی بێزاربون، سەرهەنگ تەلەفون دەکات بۆئاسایشی کەنگاوەر کە فریایان بکەون وهەڵەبجەییەکان تەنگیان پێهەڵچنیون وخۆپیشاندان دەکەن و دروشمی دژ بەجمهوری ئیسلامی دەڵێنەوە، دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لەچەکدار دێنە ئۆردوگا و بێ لێپرسینەوە و بە دواداچون ڕاست وچەپ دەستدەکەن بە تەقەکردن لە خەڵکەکە، (بهرام)ی داخ لە دڵ

کەوکـوژیی لێـی دادەنیـشێت لەگەڵیانـدا دەسـتدەکات بەتەقەکردنـی ڕاستەوخۆ بۆکوشتن، دەیـان گوللە دەکەن بەنـاوخەڵکی بێتـاوان و ژن و منـــدال و خێوەتگـــاکەدا، لەو ڕۆژەدا ١٩٨٨/٥/٧ بەرامـــبەر ٢٠ی ڕەمەزانی ١٤٠٨کۆچی، دووکەس (مامۆستاڕەسوڵی بـاوکم، کوڕێک بە نـاوی محمـد) شـەهید و حەوت هـاوڵاتـی تـر بریـندار دەکەن، بـاوکم لەهەوڵـی کپکردنەوەی شـەڕەکەدا فیشەکی بەردەکەوێـت و (مـحەمەد) یش گەنجێکی بێبـاوک و تاقانەی دایکی و خەڵکی گوندی لامەرکەزی بوو لەبەردەم خێمەکەیاندا لەبەر دەستی دایکیدا شەهید دەکرێت.

پاش چەندین سەعات ئەمبوڵانس دێت بـۆ گواستنەوەی بریندار و شـەهیدەکان بـۆ نەخۆشـخانە، لەزاڵـگەکەدا دووبـارە ژانـدارمریەکان هێـرش دەکەنە سـەر شـەهید و بریـندارەکان و دەدرێـنە بەر قۆنـاغە تفەنـگ. لەڕۆژی دوایـشدا دەیـان کەس دەسـتگیرکران، بـۆ زیـاتر لە هەفـتەیەک گەمـارۆی ئابووریـیان خـستەسەر ئۆردوگـاکە.پاش هێـور بوونەوەی بارودۆخەکە (فەرماندار) قائمقامی کەنگاوەر (مـحەمەد ڕەزا قلیوەنـد) هەسـتی بەگەورەیـی هەڵەی ئاسایـشی شـارەکەی کـردو بڕیاریدا لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا، تەواو وەک لیژنەکانی حکومەتی هەرێـم، بـۆ دیـزە بەدەرخـۆنەکردنی تاوانەکەیـان، ئەم قائیمقـامە لە ئۆپەراسـیۆنی چـل چـرا، بەدەسـتی ئەو چەکـدارانەی نـاونراون موجاهیـدینی خەلـق کـوژرا، هەردوو خێـزان شـکاتمان بەگـشتی و بەتـایبەت دژی (بهرام)تۆمـارکرد، بەنهێنی و بەزووتـرین کـات"بهرام"

گواستراوەتەوە بۆشوێنێکی نەزانراو، وتیان کەسێک بەناوی بەهرام لەنێو ژاندارمری ئێمەدا بووبی نەبووە و نیە! پاشان رۆژێکی تر بەرپرسێکی تر بانگی کردین پێیان دەوت "بەخشدار" وتی: ژاندارمرییەکان تەقەیان بەرەو خەڵکی نەکردووە و بەرەو ئاسمان تەقەیان کردووە، ئیتر ئەم دووکەسەچۆن شەهیدکران کێشەی جەناب ئاغای بەخشدار نەبوو! پاشان بەڵێنیاندا وەک پێشمەرگەی حزبەکان لە "بنیاد شهید"حسابی شەهیدیان بۆبکەن وخوێنیان بدرێت وکۆمەکی خێزانەکانیان بکرێت بەڵام هەرقسەبوو[1]، مەبەستیان کپکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان بوو تا نەهێڵن سکاڵا بگاتە سەر وخۆیان و هیچ نەکرا بۆ خێزانەکان.

[1] هەرلەمیانەی لێکۆڵینەوە لە شەهید بوونی ئەو دوو پەنابەرە هەڵەبجەییەدا لە نوسینگەی ئایەتوڵڵا عەلی مونتەزیریەوە-کە جێگری خومەینی بوو وەلێ ناڕازی بوو لە سیاسەتی دەوڵەت و لە ژێر چاودێریدابوو لە قوم – کەسێکی یاسایی گەیشتە ئوردوگای سەرابی فەش و دوای پرسیار کردن لە چەند کەسێکی ناو کەمپەکە (مامە) م یان بۆ دەستنیشان کردبوو وەک واریسی شەهید بۆ وەرگرتنی زانیاری و ڕایان سەبارەت ڕووداوی شەهید بونەکە، مامەم دەڵێت پتر لە ٥ لاپەڕەی A٤یان پرکردبۆوە لەپرسیارو وەڵام و وردەکاری ڕوداوەکە، نمایندەی مونتەزیری بەڵێنی پەیگیری تەواو و گێرانەوەی مافی شەرعی و یاسایی بۆ هەردوو بنەماڵەکە پێدابوو لەسەر زاری ئایەتوڵڵاوە، ئەمەش پاش مانگێک لە کارەساتەکە بەدەردی بەڵێنەکانی تر چوو.

دوو جار گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە

گەڕانەوەی یەکەم :

لەدەستپێکی مانگی ڕەمەزاندا بوو زیاتر لە مانگێک پاش کارەساتی کیمیایی بارانەکە، لەگەڵ چەند پێشمەرگە و لایەنگرێکی بزوتنەوەی ئیسلامیی سەردانی هەڵەبجەم کرد، لەو کاتەدا هەرکەس پیاوێکی بەتەمەن یا ئافرەتێکی بەتەمەنی جێماوی هەبوایە سەیارەیان بۆدابین دەکرد بۆ گواستنەوەی پیرە مرۆڤەکەو شتومەکەکانی، خزمێکمان وتی نەنکم لە ژێر زەمینی ماڵێکدا جێهێشتوە لە ڕۆژی کیمیاییەکەوە کەس هەوالّی نازانێت، ڕۆیشتین بینیمان پیرەژنەکە لەژێر زەمینەکەدا ماوە و بانگمان کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە و زۆر سەرم سوڕما، پیرە ژنێکی پەککەوتە، ماوەی زیاتر لە مانگێک بەبێ ئەوەی کەسێک خزمەتی بکات و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات چۆن ماوە لە ژیاندا؟! ڕۆیشتین و گەڵابەیەکیان دابین کرد بۆ خزمەکەمان، منیش ڕۆیشتم بۆ ماڵی خۆمان سەیر دەکەم هەرچی کەل و پەلی باش و بەنرخمان هەیە لەلایەن هەندێک پاسدار و پێشمەرگەی شڕە خۆرەوە تاڵانکراوە، وتیان بەرپرسێکی یەکێتی لە مزگەوتی بامۆک دەستی گرتوە بەسەر شتە دزراوەکاندا، ڕۆیشتم و بەرپرسەکەم نەبینی، پێشمەرگەیەکم بینی و داوای کەل و پەلەکانی ماڵی خۆمانم کرد، وتیان ناونیشانی کەل وپەلەکانتان بنوسن خۆمان دەنێرین بە دواتاندا و شتەکانتان دەدەینەوە، بەڵام هەر ئەو بانگکردنە بوو، دواتر

هەواڵپرسیم کرد وتیان سەرکردایەتی یەکێتی لەسەرگەڵو بەرگەڵو لەلایەن ڕژێمەوە گیراوە و شت و مەکەکانمان ناردوە بۆ سەرکردایەتی نوێمان! هەر لە گەڕانەوەمدا سەردانی ماڵی خاڵو نازمم لە دەربەندی دزڵی کرد، لەوکاتەدا چەندین پێشمەرگەی هەموو حزبە کوردیەکانم بینی دونیایەک تاڵانی هەڵەبجە و ماڵ و دوکانی خەڵکییان حەشاردابوو، ژنێکی هەڵەبجەیی ناوی حەلیمەیە دەڵێت (زۆرشتمان بینی دەستی ئافرەتیان بڕیبو بۆ بازنەکانی، بە بیانوی جۆراو جۆرەوە ماڵی خەڵکیان دەدزی، پێش کارەسات ڕێگەیان لە خەڵک دەگرت کە لەشار دەربچن، بەڵام دوای کارەسات خەڵکیان بەزۆر لە شار دەردەکرد بە بیانوی ئەوەی کەناوچەی قەدەغە کراوە و نابێ کەسی تیابێت، بۆ ئەوەی خۆیان دزیەکە بکەن، دوکانی باوکم بەرپرسێکی یەکێتی لە هەڵەبجە تاڵانی کرد بەبەرچاوی خۆمانەوە، باوکم پێی وت ئەوە ماڵەکەی منیشت دزی بەڵام بۆکوێی دەبەی هیچی پێ زیادناکەی، حەلیمە زیاتر دەڵێت (ئەمڕۆ ئەمڕۆیە سبەی قیامەت دوکانی کەمالی جەلال کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیابو کە شتیان دەدزی یەکێکیان ناوی مژدە بو کە پارتی بو)[1] ، کەمال هەڵەبجەیی دەڵێت (من خۆم مەیتم دیوە کە بۆ گوارەکەی گوێیان بڕیبو، کەسانێکی زۆر

[1] هونەر حمەڕەشیدو عیرفان ئەحمەدو نزار ناشاد، کێ بانکەکەی هەڵەبجەی بڕی، گوڤاری لڤین،ژمارە٨٧، ١٥ ئازاری ٢٠٠٩ ل ١٦

هەبون كە خەڵكى ئەم ناوچە نەبون و گوێیان نەدەدا بەوەی كەكێ مردوە و كێ نەمردوە تەنیا دزییان دەكرد)[1]، دكتۆر فایەق گوڵپی زۆر شت دەربارەی دزی و تاڵانی بانكەكەی هەڵەبجە دەڵێت، هاوكات دەڵێت (هەروەها نەژاد ناوێكیش كە پارتیەو خەڵكى كەركوكە زۆر شتى لەسەرە كەنازانم ئێستە لەكوێیە)[2] ، پێشمەرگەیەكى پارتى بۆخۆمى-نوسەر- گێڕایەوە- پێشمەرگەیەكى حزبەكەیان كەنازناوى (نەجدە) نەژاد بوو، پێش كارەساتى هەڵەبجە نان نەبوەبیخوات، ئێستە سەیارەیەكى پیكابى دەبڵ كابینەى كڕیوە بە ١٣ هەزار دیناری سویسرى!!

١- لەگەڵ پێشمەرگەكاندا گفتوگۆى تۆندم دەكرد دەربارەى دزى و تاڵانى هەڵەبجە، پاساویان ئەوەبوو، خۆخەڵكەكە مردون ئێتر بۆ ئێران شمەكەكان ببات، زیاتر باسیان لەكیمیایى بارانەكەى بەعس دەكرد، منیش دەمگوت ئازارى تاڵانكردنى مااڵى خەڵكى ستەمدیدە هیچى كەمتر نیە لە كیمیایى بارانەكە، شایانى باسە گەلێك دەنگۆى شیرى منداڵان دزین و دەست برینى ئافرەتان بۆ خشڵ و زێڕەكانیان و تەنانەت دەستدرێژى سێكسى بۆ سەر ئافرەتە شەهیدەكان بڵاو بوبویەوە، پیاوێكى هەڵەبجەیى بەناوى عەلى دەڵێت: (ئەوانەى دزییان

---

[1] هونەر حمەڕەشیدو عیرفان ئەحمەدو نزار ناشاد، كێ بانكەكەى هەڵەبجەى بڕى، گوڤارى لڤین،ژمارە٨٧، ١٥ ئازارى ٢٠٠٩

[2] هەمان سەرچاوە.

دەکرد ڕۆژانە ڕێگەیان پێدەگرتم، چونکە لەو ماوەیەدا لە هەڵەبجە مامەوە و نەچومە ئێران زۆر ڕقیان لێم بو بۆیە لە فرسەتێک دەگەڕان بمکوژن، دەیانزانی ڕۆژێک دێتە پێش هەموو خیانەتەکانیان ئاشکرا دەکەم، باوەڕتان هەبێت لەگەڵ ئەو هەموو دزیەی کردویانە لەم شارەدا زەلام هەبوە چووەتە لای ئافرەتی مردوو کاری خراپی لەگەڵ کردوە)[1]، حەلیمە دەڵێت (لەکۆلانی بانقەکەدا بوین ڕۆژێ پێش کارەساتی هەڵەبجە سەیارەیەکی سەر بەتالی سپی قاسەی بانکەکەی هەڵەبجەیان تێکرد و بەتانییەکی سەوزیان پێدا و ڕۆیشت، کە هەموی پێشمەرگەی چەکداربون کە بەئاربیجی دەرگای بانکەکەیان شکاندبو)[2]، ئەم دەنگۆیانە تراژیدیاکەی سەد هێندەی تر سەخت و دژوار و بەسۆز و بەئازارتر دەکرد، لەو کاتەوە بڕوام بە حزبی کوردی نەماوە و هەرگیز بڕوایان پێناکەم

گەڕانەوەی دووەم:

جەژنی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٨٨ و پاش شەهیدبونی باوکم بوو، لە هلال ئەحمەری ئێرانەوە کە پیاوێک سەرپەرشتی دەکرد ناوی (ئاغای مونفەریدی) بوو، ئاگادار کراین ئۆتۆمبیلێک بۆ سێ ماڵمان

[1] هونەر حمەڕەشیدو عیرفان ئەحمەدو نزار ناشاد، کێ بانکەکە هەڵەبجەی بڕی، گۆڤاری لڤین،ژمارە٨٧، ١٥ ئازاری ٢٠٠٩ ل ١٦

[2] هەمان سەرچاوە

تەرخانکراوە بۆ هێنانی شتو مەکەکانمان، مالّی مامە حەسەنم و ئێمە و مامە صادقم و هەروەها مالّێکی تر، ئەو ڕۆژە کەوتینە ڕێ لە پاوەوە بۆ دەڤەری دووئاو، پاشان بۆ نەوسود، دواتر شۆشمێ، پاشان تەوێلّە و ئەنجا بیارە و دواتر بۆ هەلّەبجە، جارێکی تر لەهەلّەبجە چیمان دی؟ هەرچی مالّ و حالّی خەلّکییە دووبارە لەلایەن پێشمەرگەی حزبەکان و پاسدارەکانەوە تالانکراوە، کەمێک لەو شتانەی جاری پێشوو لەدزەکان بەجێماوە و پارەی نەکردوە، ئەمجارەئەوانەش دزرا بوون، ئەوەی ماوەتەوە و نەیان دزیوەکەمێک شرپە نوێن و شتومەکی بێسودی مالّمان بوو تەنها کتێبخانەکەیان نە دزیبوو چونکە هەرگیز ئەهلی کتێب نەبوون، * ئێمەش ئەوانەمان بارکرد، پاشان سەردانی مالّی مامەکانمان کرد ئەوانیشمان بارکرد و دواتر ڕۆیشتین بۆ مالّێکی تر و بارمان کرد، پاشان زانیم مالّی هاوسەری دووەمی مامە حەسەنمە و ژنبراکەی مامەمان لەگەلّ بوو، لەحەوشەکەیاندا دار قەیسییەک هەبوو بەروبومێکی زۆری گرتبوو لێی نەکرابوە وە لەو حەوشەیەدا تێر قەیسیمان خوارد، بەسێ چوار مالّی - تێر و پۆشتەی پێش کیمیایی بارانەوە - سەیارەیەکی ئێرانی کەپێیان دەوت (خاوەر) بۆمان پرنەکرا لەشتومەکی مالّەکانمان و بەشێکی بە بەتالی مابۆەوە، پاشان لە ڕێگە لەنزیک مالّی سەید لەتیفی نانەوا و لەسەر سوچێکدا قاچێکی قرتاوی مرۆڤێکم بینی پێدەچوولە بۆردومانەکەدا قرتابوو بێت، زۆر تێکچوم و یەکەمجاربوو شتی

وابیینم و تووشی شۆک بووم و دوور کەوتمەوە، دواتر بەهەمان ڕێگەدا گەڕاینەوە بۆ کەنگاوەر و ئێرانییەکان شتومەکەکانیان خستینە مەخزەنەوە و دواتر بردمانە نێو ئۆردوگا، شایانی باسە لەم گەڕانەوەیەدا بۆ هاوکاری کردنمان سەمیر بەغدادیمان لەگەڵ بوو.

گەشتێک بۆ دەربەند دزڵی:

ڕۆژێک سەمیر بەغدادی زۆر بیتاقەت بوو، هەواڵپرسیم کرد وتی: من لێرە سەلامەتم و مااڵی باوکم لە بەغدا هەواڵم نازانن، ئەمەوێت هەر چۆن بێت هەوڵێک بدەین هەواڵێک بنێرمەوە بۆ بەغدا پێیان بڵێم سەلامەتم، پێکەوە بۆ ئەو مەبەستە کەوتینە ڕێ بۆ مااڵی خاڵۆنازم (نازم خورمااڵیی نانەوا) کە پێشمەرگەی پارتی ولە ئۆردوگای دەربەند دزڵی نیشتەجێبون، گەیشتینە ئەوێ بەسەرهاتی سەمیرم بۆ خاڵۆم گێڕایەوە، خاڵۆم وتی باشە هەوڵێکی بۆ دەدەین، شەو لەمااڵی خاڵۆم گفتوگۆمان دەکرد دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە و دەرهاوێشتەکانی و تااڵنی و فەرهود کاریەکانی پێشمەرگە، ئەم سەمیر بەغدادیە زۆر سەرسەختانە داکۆکی لە ڕژێمی بەعس و سەدام دەکرد، بەبێ گوێ دانە ئەوەی ئێمە هەموو دژبریندارین و خودی سەمیرمان لەگەڵ بوە و سەدام کیمیایی بارانی کردین و هەزارەها مرۆڤ شەهید و بریندار بوون، هەروەها بیری لەوە نەدەکردەوە لە مااڵی پێشمەرگەیەکی دێرینداید، خاڵۆم زۆر تورە و بێزار بوو هەستایە وە بۆی وتی وەڵاڵ

لەبەر خـاتری قەبـرەکەی مەلا ڕەسـوڵ نەبـوایە ئێـستە ئەم کـردی بەقوربـانی دوو فیـشەک، پاشـان ڕوی کـردە مـن و وتـی ئەمە چـیە هێناوتە؟ هەندێک دڵخۆشـی خـاڵۆمم کـرد و هێوربـوویەوە، سـەرەڕای ئەوەش سـەر لە بەیـانی ڕۆژی دوا تـر وێنەیەکیمـان گرتـوو لە گەڵ ناونیشان و تەلەفونی مـاڵی باوکی سـەمیر لەبەغدا، خـاڵۆم بە ڕێگەی تـایبەت نـاردیەوە بـۆ مـاڵی ڕونـاکی کچـی کە ئەو کـات لە گەڕەکـی سـابونکەرانی سـلێمانی نیـشتەجێبوون، ڕونـاکی خـاڵۆم پەیوەنـدی کردبـوو بە مـاڵی بـاوکی سـەمیرە وە، مـاڵی بـاوکی سـەرەتا بڕوایـان نەکرد بـوو، بەڵام کە ناونیشانی تەواویـان پێدرا بـوو دایکی هـاتبووە سلێمانی بۆ مـاڵی ڕوناکی خـاڵۆم و وێنەکەی سەمیریان پیشانی دایکی دابوو زۆر گریا بوو سوپاسی کردبوون.

هاتنی مامۆستا تەهای برام :

دیرۆک و بەسەرهاتی تەواو کردنی خوێندنی زانکۆی تەهای برام داستانێکە لە کۆڵنەدان و ماندو نەبوون، سەرەڕای نەبوونی و نەداری و خەم و خەفەت، بەڵام لێبـڕاوانە پـاش چەنـدین هەوراز و نـشێو خوێنـدنی، زمـانی عەرەبـی لەکـۆلێژی ئـاداب تەواو کـرد، هەنـوکە مامۆستایەکی بلیمەتـی زمـانی عەرەبییە، تەهـای برام سـاڵی خوێندنی ١٩٨٧ -١٩٨٨ یەکەم سـاڵی خوێنـدنی بـوو لەبەشـی زمـانی عەرەبـی زانکۆی بەسرە، هەتا پێش ڕودانی کارەساتی کیمیایی بارانەکە مانگانە

باوکم پارەی خوێندنی بۆدابین دەکرد، بەڵام لە مانگی ئازارەوە ئیتر بێکەس و بێ خەمخۆر مابویەوە و وەک سەرگەردانی لێهاتبوو، نەیدەزانی ئیمە ماوین یامردوین، بەناچاری گەڕابوەوە بۆ سلێمانی و موچەی دوو مانگی باوکمی وەرگرتبوو، دواتر بۆئەوەی هەواڵمان بزانێت و بماندوزیتەوە لە ڕانیەوە بەڕێ کەوتبوو بەرە و ئێران، لەم کاتەدا شکستی هێزەکانی یەکێتی و ئاواڕە بوونی زیاتری خەڵکی لەبەرەنجامی شاڵاوی بەناو ئەنفالیش بڕستی لە خەڵکی بڕیبوو، پێشمەرگەکانی یەکێتی زۆرێکیان بەرە و ئێران هەڵهاتبوون، ئێران هەموویانی برد بوو لە ئۆردوگای (زارعان، لە شاری خوی، پارێزگای ورمێ) نیشتەجێی کردبوون، تەهای برام بە ناسراوێکدا نامەیەکی بۆ ناردبووین کە هاتوەتە ئێران و لە ئوردوگای ناوبراوە و پێویستە موعامەلاتی بۆ بکەین تا بگوازرێتەوە سەرابی فەش، بۆ دڵنیابوون بەسەفەرێکی چەند ڕۆژە گەیشتمە ئۆردوگای ناوبراو و پاش ماندوو بوونێکی زۆر دۆزیمەوە، دوای هەواڵ پرسین یەکەم پرسیار وتی باوکم چۆنە؟ منیش نەمویست بەکارەساتەکەی سەرابی فەش بزانێت، وتم زۆر باشە و سەلامت لێ ئەکات و ئەڵێت خەمی نەبێت هەموومان سەلامەتین و موعامەلاتی گواستنەوەکەی بۆ تەواو دەکەین، ئەو ڕۆژە مامەوە و ڕۆژی دواتر گەڕامەوە شاری کرماشان و موعامەلاتی گواستنەوەم بۆ کرد، پاش نزیکەی مانگێک بە پاسێک لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکدا هاتنە ئۆردوگاکەمان ودوو بارە پاش بەخێرهاتن یەکسەر هەواڵی باوکمانی پرسی ئیتر بوو بەگریان و کارەساتەکەمان بۆ گێڕایەوە و پرسەی باوکمان نوێ بویەوە.

ڕوداوەکانی دواتر:

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٧ هێرشێکی سەربازی گەورەی سوپای عێراق دەستپێکرد بۆ ڕزگارکردنی شارۆچکەی فاوی عێراقی لە ژێر دەستی لەشکری ئێران و سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراوی وەدەستهێنا، ئەم سەرکەوتنە بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە جەنگی هەشت ساڵەی عەرەب– فارسدا، دواتر بوە هۆی ڕەزامەندی ئێران لەسەر بڕیاری (٥٩٨) ی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بە وەستانی جەنگی عەرەب- فارس، لەم کاتەدا جەنگی ڕژێمی عێراق دژ بەکورد و هێزی پێشمەرگە تونـد بوبـۆوە، شـالاوی ئەنفالەکـان گەیـشتبوە تڕۆپکی جینۆسـایدکردنی نەتەوەی کـورد، وەک پێـشتر لە بەشـی ئامادەکارییەکانی ئێران و هێزەکوردیەکان بۆ کارەساتەکە ئاماژەم بۆ کـردوە، سـەرکەوتنەکانی سـوپای عێـراق بە هاوکـاری وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و وڵاتە عەرەبیەکان بە سەر سوپای فارسدا هێندەی تر سەدامی هار و چاو سوور کردبوو، ئێرانیش بۆی دەرکەوت بوو کە ئاکامی جەنگەکەی باش نابێت و بە ناچاری ڕەهبەرەکەیان کە ناوی خومەینی بوو لە بەرواری ١٩٨٨/٧/١٨ ڕایگەیاند وەک ئەوەی پیاڵەیەک ژەهر بخواتەوە ناچار بووە بڕیاری وەستانی جەنگی واژۆ کرد، پاشان بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٩٨٨/٨/٨ ئاگر بەست و کۆتایی جەنگی عەرەب– فارس ڕاگەیەنرا، لەعێراق بوو بە ئاهەنگ گێڕان، لە ئێرانیش ڕەوتی ژیان ئاسایی بوو، ئێمەی

هەڵەبجەییش کەوتبوینە نێوان چەکوش و سندانی عەرەب و فارس، ڕژێمی بەعس پاش سەرکەوتنەکانی و لە ١٩٨٨/٩/٢٦ هەردوو بڕیاری (٧٣٦ و٧٣٧) ی تایبەت بە لێبوردنی گشتی لە کوردەکان ڕاگەیاند، ئیتر هێدی هێدی خەڵکی هەڵەبجە کەوتینە گەڕانەوە بەرە و عێراق، بەئومێدی گەڕانەوە

بۆ هەڵەبجەی زێدی باوباپیران، کاروانی تریٚلە و گەڵابە و لۆری کەوتنە گواستنەوەی ئیمەی هەڵەبجەیی، لە ١٢/ ١٩٨٨/١٠ حکومەتی ئێران لۆریەکیان پێداین ومالّمان بارکرد و هاتینە سنوری نەوسود و شۆشمێ - تەویلّە.

پاش کارەساتی هەڵەبجە:

* گەڕانەوە بۆ عێراق و بڕیاری ٧٣٦-٧٣٧

*پێشوازی عەرەبەت و ئۆردوگای پیرەمەگرون و باینجان

ڕاگواستن بەرە و گردەچاڵ و بەرحوشتر

گەڕانەوە بۆ سلێمانی

*هەندێک بابەتی تر لەسەر هەڵەبجە کە لەگوڤارو

ڕۆژنامەکاندابڵاوم کردۆتەوە

*کۆتایی

پاش کارەساتی هەڵەبجە:

*گەڕانەوە بۆ عێراق و بڕیاری ٧٣٦ و ٧٣٧:

وەک ئاماژەم پێکرد ڕژێمی بەعس بڕیاری ٧٣٦ و٧٣٧ تایبەت بە لێخۆشبوون لەهەموو کوردەکانی دەرەوەی عێراق و تەواوی سەربازە فیراری کوردەکان دەرکرد و شەپۆلی گەڕانەوەی کورد بۆ ئامێزی عێراق وبەعس دەستیپێکرد.

لۆریەکەمان گەیشتە سنوری نێودەوڵەتی شۆشمێ – تەوێڵە، لە دیوی عێراقدا زیلی سەربازی ئامادە کرابوو بۆ گواستنەوەی خێزان و شەمەکەکان، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر کەل و پەلەکانمان بارکردە ئۆتۆمبێلە سەربازیەکانی سوپای عێراق و لەسەرپردەکەی تەوێڵە ڕایان گرتین، لەلایەن ڕەفیق حزبیەکانەوە فۆرمی تایبەتی بۆ هەموو خێزانێک پردەکرایەوە، هەر لەوێدا کابرایەکی کوتاڵ فرۆشی هەڵەبجەیم بینی بە هێواشی قسەی بۆ ڕەفیق حزبیەکە دەکرد، کە ئەو فورسان بوە لە یەکێک لەفەوجەنیشتمانیەکان، ئەم خۆسوک و ڕیسواکردنە دادی نەدا و وەک ئێمە ڕاپێچ کرا، من وەک سەربازی فیرار خۆم ناساند و بێدەنگ هاتمەوە بۆ لای خوشک وبراکانم، سەمیربەغدادی چیرۆکی خۆیی و ناو و ناونیشانی فەوج و وەحدەکەی گێڕایەوە بۆ ڕەفیق حزبیەکە، ئەویان جیا کردەوە، دوای ساڵێک کاتێک من سەرباز بووم سەمیرم لەبەغدا بینی بۆی گێڕامەوە کە پاش ئەوە بردویانە بۆ لێکۆڵینەوە و زیندانیان کردوە و بڕی یەک هەزار دیناری سویسری ئەوکاتەیان غەرامە کرد بوو لەبری چەکە (ئار، بی، جی) یەکەی، گوایە دەست دوژمن کەوتووە، ماوەیەکیش زیندانی کرابوو، پێم وت ئۆخەی ئەوە ئەو بەعسە بوو کە بەرگریت لێ ئەکرد.



(دفتر خدمه)ی سەربازییەکەم کە هەردو بریاری ٧٣٦ و ٧٣٧ ی تێدایە

زیلی سەربازی کەوتەڕێ و بەبۆچونی خۆمان دەڕۆینەوە بۆهەڵەبجە، نزیک نیوە ڕۆ گەیشتینەبارەگای حزبی بەعس لە شارۆچکەی عەربەت.لەوێ دووبارە فۆرمیان بۆ پڕکردینەوە، ڕەفیق حزبیەکان دەیانوت هەرکەس پارە و تمەنی ئێرانی پێیە بیست تمەن بە دیناریک بۆی دەگۆڕینەوە، مامە پیرەیەک لە پێش منەوە بوو چوار سەد هەزار تمەنی پێبوو دایە دەستیان، منیش بە دوای مامە پیرەدا ٢٠٠ هەزار تمەنم پێبوو لێیان سەندم، دواتر زانیمان دەستێکی تەڕیان پێدا هیناوین ویەک فلس نابینین، لەبەر ئەوەی سەربازی فیرار بووم منیان لە خێزانەکەمان جیا کردەوە، مرۆڤ دڵی تەنگدەبوو گریانی بۆ ئەو نەهامەتی و مـاڵ وێرانیە دەهات کە چاوەڕێی دەکردین، مولازم خالیدی بەرپرسی ئەمنی هەڵەبجەی پێش کیمیایی باران هاتەلای من بە گاڵتە پێکردنەوە وتی (ها کاکە یاهو اقوی عراق لو ایران) (هاکاکە عێراق بەهێزە یا ئێران)چاوەڕێی وەڵامی نەکرد وجێی هێشتم، لەڕاستیدا منیش نەم دەویرا هیچ بڵێم، پاشان سەربازێک دەستی گرتم و وەک تاوانبار سواری پاسێکی کردم، پێیان وتم کە خێزانەکەتان دەبرێنە یەکێک لەدوو کۆمەڵگەی ئامادەکراو بۆیان (پیرەمەگرون، باینجان) لەم کاتەدابەدڵتەنگی دانیشتبووم لە پاسەکەدا پیاوێکیان هێنا، ئەویش وەک من سەربازی فیرار بوو ناوی کاک وەهبی بوو، لە کورسیەکەی بەردەمی منـدا دانیشت، لەو بەرەوە کۆیلەیەکی بەعس ناوی [redacted] بوو بە بەدلەیەکی درعی سەربازییەوە و بە دوو

نۆتی شەجاعەی سەدامەوە و بە خۆ بادانێکی پڕ لە خۆبایی بونەوە هات، کاک وەهبی لێی پرسی کاک [redacted] ئەوە چیە؟ (مەبەستی دوو نۆتە شەجاعەکە بوو) [redacted] بێ سێ و دوو بە لووت بەڕزییەوە وتی (ئەوەشەرەفە شەرەف، گەوادی نی یە) ئیمەش هەموو بیدەنگ وەک دیلی جەنگ دانیشتبووین، محەمەدی مامە حەسەنم بۆی گێڕامەوە کە هەر ئەم [redacted] کاتێک هەڵەبجەییەکان کە بە گەڕاوە (نازح) ناویان تۆمارکرابوو، سەردانی فەرمانگەکانی بەعسیان کردبوولەعەربەت بۆ وەرگرتنی زەوی لە شارۆچکەی (هەڵەبجەی تازە) دەیان جنێوی سووکی ئاراستەکردبوون کە بڕۆن پێشمەرگە لەگوڵان زەویتان پێ بدات هەی دایک و خوشک.....) وەک گوتم لەساڵی ٢٠٠٦ ئەم پیاوەم لە هەولێر بینی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو وەک جاران خۆی بادەدا !! پاشان وەک دەست بەسەر بەڕێ کراین بۆمەعەسکەر سەلام، سەیردەکەم هەزاران سەربازی فیرار لەمەعەسکەر سەلام بەسەرگەردانی دێن ودەچن، پاش چەند کاتژمێرێک چاوەڕوانیی بێهودە، بە بڵندگۆیەک وتیان هەموو بڕۆنەوە و بەیانی سەعات هەشت لێرەبن، بەپەلە و پرتاو هەرچۆن بوو خۆم گەیاندە ئوردوگای پیرەمەگرون و بە دوای خوشک وبراکانمدا دەگەڕام، زۆر گەڕام نەمدۆزینەوەو زۆر بێزار و بێتاقەت بووم وامدەزانی ئەوانیش ئەنفال کراون، هەڵەبجەییەکم بینی وتی:کۆمەڵێک ماڵی تری هەڵەبجەیی لە ئوردوگای باینجان دانراون

برۆ لەوێ بگەڕێ، گەیشتمە باینجان و سەیردەکەم هەزارەها خێزانی هەڵەبجەیی لەو دەشتەدا فڕێ دراون وپێیان وتبوون ئەوە زەوی ڕایخەن و ئەوەش ئاسمان بیدەن بەخۆتاندا، هیچ پێداویستییەکی سەرەتایی ژیانی ئاژەڵیشی تێدا دابین نەکرابوو، ژن و پیاو و منداڵ هەموو لەودەشتەدا پێداویستییەکانیان بەڕێدەکرد و ناچاری خەریک بوو شەرمی نەدەهێشت، ئێوارەیەکی درەنگ خوشک وبراکانم دۆزیەوەو شایەتومانێکی بەحەقم هێنا، شەوێکی تاڵ و دژواری تری ژیانمان بەبێنازی بەڕێکرد، بەیانی ڕۆژ بۆوە دووبارە ڕوومکردەوە مەعەسکەر سەلام و وەک دیل وبەسەر شۆڕی و مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی دابڕاو لەهەموو بەهایەکیان لەگەڵ دەکردین، لەبەر خۆر هەتا نیوەڕۆ دەماینەوە وهیچیان نەدەوت، تەنها چاوەڕوانی نەبێت، زوو زوو ئەفسەرێک بەپلەی نەقیب دەهات و سەیرێکی دەکردین و دەیوت (انتم بشر لو بقر)، (ئێوە مرۆڤن یا مانگا) کەسیش وەڵامی نەدەدایەوە، پاش نیوەڕۆ و دوای تەواو بوونی دەوام دەهاتمەوە بۆلای خوشک وبراکانم، نزیکەی مانگێک لەم مەعەسکەر سەلامە بەو شێوە نامرۆڤانەیە دەیانهێناین و دەیانبردین، دواجار بۆ ماوەی یەک ساڵ ڕەوانە (سەوق) کردن بۆ خزمەتی سەربازی دواخراین وله هاتوچۆی بێهودەی مەعەسکەر سەلام کەوتین و پشوویەکی کورتم دا.

گوڵە ژاکاوەکانی بۆنی ڕەیحانە:

باوکم لە هۆنراوەیەکدا و پاش وەفاتی دایکم بێنازی چنور و شاخەوانی برام وێنادەکات، ئەو پەیڤانە ڕێک دەڵێی لەچرکە ساتی بێکەسی کەمپی باینجاندا نوسراوە، دەڵێت:

شاخە هەتیوە، کەوتە دەرماڵان
چنور کزۆڵە لە ناو منااڵن
بە سکێ تێرین بە دە سک برسی
دایە بۆچ توخوا لێمان ناپرسی
تاسە لەبن دەس ماڵە و ماڵ ئەکەین
پەنا بۆ دۆست و بۆ دوژمن ئەبەین
بە ئاهی دەروون بە فرمێسکی چاو
بە ژەمێ تێر و بە دە نا تەواو

لە ماوەی ٣ مانگدا وەفات کردنی دوو خوشک و شەهیدبونی باوک و ماڵوێرانی و تااڵنکران و دەستبەسەریی باینجان و نەبوونی و هەژاری و قات و قڕی، هێندەی ئازاری سوکایەتی کردنی دۆست و خزم و ناسرا و سەخت نەبوو لە هزر و دڵدا، زامێکی ساڕێژ نەبووە، هەندێک لەخزم وکەسە نزیک وناسراو و دۆستەکان کە جێ و ڕێیی فراوان و باری ئابوری زۆر باشیان لە سلێمانی هەبوو، هەڵوێستێکی خزمانە و مرۆڤانەیان بەرامبەر ئەو خوشک و برا بێنەواو دەرەتانانەم نەبوو، ئەگەر لە ماڵێک یا شوێنێک پێمان بگەیشتنایە سوکایەتی و

قسەی ناشرینیان ئاراستە دەکردین، تێنەدەگەیشتم بۆچی و لەبەر چی؟ خۆ ئێمەی بێ باوک و دایک زیانمان بۆکەس نەبوە، هەروەها باوکیشم بە هەموو تەمەنی ئازاری هیچ مرۆڤێکی نەداوە، وەک مرۆڤی نەخۆش و گەرو گول مامەڵەمان لەگەڵ دەکرا، هێندەم بیرە ڕۆژێک لە مەعەسکەر سەلام گەڕامەوە بۆ بە سەرکردنەوەی کەل و پەلەکانمان لە کەمپی باینجان، بینیم چنوری پانزە سالانەی خوشکم و شاخەوانی نۆ سالانی برام لەناو شمەکەکان دانیشتبون، وتم ئەوە چی دەکەن لێرە؟ وتیان دەریان کردین، تەنانەت ئامێزی خۆشەویستان دڕک وخار بوو، ئامێزێک کە هەتوانی بریندی جەستەی هەبوو، لە بری هەتوان مستێک خوێ، کەشکۆڵێک دڕک ودال بۆ خنکاندنی بەرائەتی پەپولە، لە شەوێکی دەیجوردا وەک پەروانە وەدوی ڕۆشنایی بخولێتەوە، وەک پەپولە بەنیازی کلی چاوەکانت، بەڵام باڵەکانت بسوتێنن، هاواری بریندی دڕک ودال ئاسودە بەخشتر بوو لە تێکشکانی هیواکان، ئەو قەسوەتی دڵە چیە چێژ لەئازارەکانت ببینێت؟! ڕێز نەگرتن و سوکایەتی کردن، لەگەڵ هاوکاری نەکردن و ڕاشکاوانە دەرکردن سیمای ڕۆژەکانی گوڵە ژاکاوەکانی بۆنی ڕەیحانەبوون، تا ئەمڕۆ فرمێسکەکانی چاوەکانم وشک نەبونەتەوەو وشک نابنەوە، ئەمڕۆ کە ٣٠ ساڵ بە سەر کیمیایی بارانداتێپەڕ دەبێت، دوو گوڵەژاکاوی پڕ بەرائەت و هەتیو کەدێتە بەرچاوم، هەمیشە گریانی بەکول فرمێسکی گەرم، هەنسک پەنگ دەخواتەوە و هۆن هۆن

دەگریم و دەگریم، بەڵێ ڕاشکاوانە دەڵێم دەگریم!!-گریان لە کلتور و نەریتی کوردەواریدا بۆ پیاو نەنگی و نەشیاوە، بەڵام وانیە زۆر جار فرمێسکە گەرمەکان ئاسودەیی دەبەخشنە گیان و مرۆڤ- پشوودەدات – بە ناچاری ڕومانکردە مااڵی ڕونـاکی خـاڵۆ نـازمم لە گەڕەکـی سـابونکەران، نزیکەی هەفتەیەک لە ماڵیان بـوین، بەڵام ئەوانیش بێ شوێن بوون و خوا هەڵناگرێت بەناچاری جێمان هێشتن، ڕومانکردە ماڵی کچێکی خاڵی دایکم، ماڵیان لەگەڕەکی شـەهیدانی سـەرچنار بـوو، نزیکەی چەند شەوێک ماینەوە، ئەویش خۆی بێوە ژن و بژێوی سێ منداڵی لەئەستۆدا بوو، ویژدانم قەبوڵی نەدەکرد هەموو ڕۆژێک نانی ئەو منداڵانە بخـۆم، زۆریـش بـۆ ئـیش دەگەڕام، بەڵام ئـیش وخـانوی کرێ نەدەدرا بە هەڵەبجەیی لە ترسـی ڕژێـم، ناچـار مـاڵی ئەوانیشمان جێهێـشت، ڕومـانکردە مـاڵی خـاڵی گەورە و بـرای دایکمـان و چەنـد شـــەوێک لە ماڵیـان بـوین، چەمۆڵەکـان لەجەســتەی پەپـولەگیرکراو لەوێـش وەدەرنـراین، ڕومـان کـردە مـاڵی خزمێکـی تـر، ئەوانـیش تەنهاچەنـد ڕۆژێکـی کەم تەحەمولیـان نەکـردین! ئەم بە ناوخزمـانە هەموویـان کاتێک بـاوکم مـابوو بـاری داراییمـان بـاش بـوو هەمیشە بەڕێزەوە دەست لە سەرسنگ بوون بۆ باوکم، کەچی لەو کاتە دژوار و سەختەدا پشتیان کردە جگەرگۆشـە بـێ نازەکانی، ئیتر چارەسـەرم نەمـا و بەردەوام بەدوای ژورێکـدا دەگەڕام بـۆ کـرێ، بەڵام نەبـوو، ڕۆژانەش دەڕۆیشتم سەردانی کەل وپەلەکانم دەکرد لەباینجان، ماڵی

مامه حەسەنم و پورە هەڵەبجەییە دەست بەسەرەکانم لە کەمپەکەدا چاودێری شتەکانیان دەکردین، ڕۆژێکیان لەکەمپەکە بووم و بەرپرسێکی بەعسی هاتوو دەستی گرت بە سمێڵیەوە وتی: ئەم سمێڵە هی پیاو نەبێت بەیانی دەبرێنەوە بۆ هەڵەبجە، کەس نەڕواتە دەرەوە و لێرەبمێننەوە، ئەم بەڵێنە وەک هەواڵێکی خۆش بڵاو بوویەوە، بەڵام بڕوام پێ نەکرد و بەپەلە کەمپەکەم جێ هێشت، خوشک و براکەم دوو بارە لە مااڵی خاڵۆزاکەم بوون لە سابونکەران، بەیانیەکەی هێزێکی زۆری سوپای عێراق ڕۆیشت بوون و گەمارۆی کەمپەکەیان دابوو، دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕیزیان بەستبوو، خەڵک هەر دڵی خۆش بوو دەبرێنەوە بۆ هەڵەبجە، ماڵەکانیان هەموو بارکرد و بڕیاریان دابوو بەیەک قافڵە بکەونە ڕێ، دڵخۆشیەکە زۆری نەخایاند و سەرقافڵەی سەیارەکان ڕویان کرد بووە کەرکوک، ئیتر هەموو خەڵک بە ژن و پیاوەوە دەستیان کردبوو بە گریان، چونکە مەترسی ئەنفال کردن وەک تارمایی باڵاپۆشی هەمووان بوو، بەتایبەت کەسەیارەکان ڕویان کردە کەرکوک وایان زانیبوو بەرە و نوگرەسەلمانە، کاتێک سەیارەکان لە کەرکوکەوە بەرە و هەولێر کەوتبونەڕێ خەڵکەکە ئومێدێکیان پەیداکردبوەوە کە بەرەو نوگرە سەلمان نیە، سەیارەکان لەهەولێرەوە بەرەو عەینکاوە ڕۆیشتبوون، دواتر لە دەشتێکی کاکی بەکاکی لە باکوری ڕۆژئاوای هەولێر، کە دەکەوتە نێوان هەولێر و موسڵ ئەو خەڵکەیان فرێدا بوو، وتبویان

ئەوە ئەرز ڕایخەن و ئەوەش ئاسمان بیدەن بە خۆتاندا، ئەو شوێنە پێی دەوترا (گردەچاڵ) دواتر هەندێک هەڵەبجەیی تریان برد بوو بۆ ئۆردوگایەکی تر بەناوی (بەرحوشتر) کەل وپەلەکەی مالّی ئیمەش لەگەڵ کەل و پەلی مالّی مامەحەسەنم و پورەکانمان بارکرابوو، گوازرانەوە گردەچاڵ وخەمێکی تریش زیادی کرد. پارچەیەک قوماش نەمابوو بەکاری بهێنین لەکاتی پێویستیدا، لەگەڵ و خوشک و براکەم لە سلێمانی ماینەوە، لەکاتێکدا موختارەکان و پیاوەکانی بەعس هەر مالێکی هەڵەبجەییان لە شوێنێکدا بەدی بکردایە خەبەریان لێدەدا و ڕاستەوخۆ ڕادەگوێزران بەرەو گردەچاڵ وبەرحوشتر، هەڵوێستێک کە هەمیشە شایەنی نرخاندنە هەڵوێستی مالّی شێخ ڕەئوفی باراوی باوکی براژن پرشنگ و هونەرمەند تەها باراوی بوو، واتە خەزوری مامەصادقم، سەر باری ئەوەی مالّی مامە صادقیشمیان بە شەش منداڵەوە لە خۆ گرتبوو[1]، ئەم خانەوادە میهرەبانە، بۆ نزیکی شەش مانگێک ئیمەیشیان لەو ڕەوشە دژوارەدا لە ژێر زەمینەکەیاندا جێکردەوە، هاوکات هەڵوێستی جوامێرانەی کاک مەحمودی حاجی ئابڵاخی کە هاوەڵزاوای مامەصادقم و پیاوێکی بە هەڵوێست و ناودار

[1] مالّی مامەم لەگەڕانەوەیاندا لە ئێرانەوە بەنهێنی لەوی لایاندا بوو بە هاوکاری و هەڵوێستێکی جوامێرانەی شوفێرێکی سەربازی عەرەب، کاتێک بە زیلەکەی لە تەوێلەوە گواستبونیەوە بۆعەربەت و لەوێشەوە لەجیاتی بۆ باینجانیان بیات لەگەڵ مامم ڕێکەوت بوو لە سلێمانی دایبنا بوون.

و ناسراوی سلێمانی بوو، له ئوتێلەکەی خۆی بەناوی ئوتێل (سۆلاڤـ) که دەکەوتە شـەقامی کـاوە لەسـەر و سـینەما دڵشاد کـاری بۆ مـن و مامەیشم دابینکرد، هەڵوێستێکە هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

هەر لەو سـاڵەداو لە ڕۆژی عەرەفەی جەژنـی قوربـان وەزیـری بەرگری عێراق عەدنـان خەیـرووڵڵا [1] هێلیکۆپتەرەکەی کەوتە خوارەوە و گیانی لە دەستدا، دەوترا بە پیلانی خودی سـەدام کوژراوە، چونکە هەستیکردوە عەدنان خەریکە پێگەی ئەو لە نـاو سـوپای عێراقدا لاواز دەکـات، بـۆیە پاکتـاوکردنی پێویـست بـوە، پیاوەکـانی ڕژێـم دوکـان بەدوکـان و شـوێن بەشـوێن دەگەڕان و بەزۆر دەبـوو هەمـوو کەس پەڕوێەکـی ڕەش هەڵواسـێت، وەک گوزارشـتکردن لە دڵتەنگـی و بەشـداری پرسـەی وەزیـری بەرگـری، پەڕۆی ڕەش هەڵنەواسـیت هەڵدەواسرایت، سلێمانی و شەقامی کاوە ڕەشپۆشیی بە بااڵدا پۆشـی، لەم کـاتی دل ناسـکیەدا مـامە صـادقم داواکـاریەکی بۆنوسـیم، بەڵکـو مەسـئول فەرعـی حزبـی بەعـس لە سـلێمانی بەزەیـی بەم منـداڵە هەتیوانەدا بێتەوەو فەرمان دەر بکات موچەی خانەنشینی باوکمـان بۆ

---

[1] عەدنان خەیرولا تولفاح ١٩٤٠ – ١٩٨٩، خاڵۆزاو ژنبرای سەدام حسەینی دکتاتۆر، سالی ١٩٦١ کـۆلێژی سـەربازی تەواو کـردوەو بەشـداربوە لەکودەتـای ١٩٦٨، سـاڵی ١٩٧٨ بـۆیە وەزیـری بەرگـری عیـراق هەتـا لە ١٩٨٩/٥/٤و لەهێلیکـۆپتەرە تایبەتەکەیـدا کەوتە خـوارەوەو مرد، دەنگۆ هەبو کە حسین کاملی زاوای سەدام بەفەرمانی سەدام کوشتویەتی.

سەرف بکات، ئەوکات کابرایەکی عەرەب بەناوی (رەفیق ئەسوەد) مەسئول فەرعی حزبی بەعس بوو لە سلێمانی.

عەرزوحاڵەکەم برد و لە پرسگە وتیان سبەی وەرەوە بۆ دیدەنی رەفیق ئەسوەد، زۆر دڵخۆشبوم دیارە رەزامەندی خانەنشینی مامۆستایی باوکمان بۆ سەرفدەکرێت، بە تایبەت بە گوللەی ژاندارمری ئێرانی و لە ئاوارەیدا شەهید کراوە، هاوکات لە عەرز و حاڵەکەدا داوایشمان کرد بوو بەفەرمی مۆڵەتمان بدەن وەک خێزانی شەهید بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی، چونکە مانەوەمان لە سلێمانیدا بە شێوەی قاچاخ بوو!. بۆبەیانی دادەعەفیفەم و پێنج منداڵی هەتیو وەک هەنگی بێناز ڕۆیشتینە مااڵی زەردەواڵە و ژوری ڕەفیق ئەسوەد، لەجێگەکەی خۆی بە مرچ و مۆنی وتی (نعم) (بەڵێ) بەعەرەبیەکی تێک شکاو باسی بەسەرهات و گوزەرانی خۆمانم کرد و داوام کرد موچەی خانەنشینی مامۆستایی باوکم بۆ ئەو منداڵە هەتیوانە سەرف بکرێت، هێندەخۆشبوو کە قسەکانم تەواو کرد، زۆر خراپ توڕەبوو، چۆن توڕە بوونێک!! زۆر باش لە یادمە دەستی بۆ خوشک وبرا بچوکەکانم درێژ کرد و وتی (احنه ننطی دماء مثل الانهار وانتو گاعدین هناک بایران، والله لو ما قرار العفو مال السید الرئیس چان قصیت رؤوسهم مثل الخیار) (ئێمە لێرە ڕووباری خوێنمان دەبەخشی و ئێوەش لە ئێران بۆ خۆتان دانیشتون، وەڵاڵا بڕیاری لێخۆشبونەکەی سەرۆکی فەرماندە نەبوایە ئێستە سەریانم وەک خەیار لێدەکردەوە)

هێندە دەنگی بەرزکردەوە دوو پاسەوانەکەی بەردەرگاکەی بەپەلە هاتنە ژورەوە، لە دڵی خۆمدا ووتم ئەرێ وەڵڵا تیاچوین، بە بێدەنگی و بەسەرکزی کراینە دەرەوە.هەروەها وتیشی هەر ئێستا بگەڕێنەوە بۆ کەمپەکەتان لە گردەچاڵ پێش ئەوەی بە قۆڵبەستکراوی بتان نێرمەوە. ئەوکاتە ئێمە بەناوی دانیشتوی گردەچاڵەوە داواکەمان واژۆ کردبوو.

بڕیاربوو هەموو ئەو سەربازە فیرارانەی بەبڕیاری ٧٣٦ و ٧٣٧ دواخرابوین، پەیوەندی بکەینەوە بە تەجنیدەکانەوە و پەلکێشی خزمەتی سەربازی بەزۆر بکرێین، بیرم کردەوە پێش ئەوەی مانگی ١٠ی ساڵی١٩٨٩ بێت، باشترین چارەسەر بۆخۆم و خوشک و برا بچوکەکەم ئەوەیە ئێمەیش بڕۆینە گردەچاڵ، لەلایەک کەم مەسرەف تر و لەلایەکیتر دەچینەسەرکەل وپەلەکانمان و ئەو پارچە زەویەی ڕژێم دابوی بە هەر خێزانێک و خوشک و براکەشم لە نزیک ماڵی پور و مامە حەسەنم دەبن، لە هەموو ڕوبەکەوە ئەوێ بۆ خوشک و براکەم باشتربوو، هەموو خەڵک لە گردەچاڵ هەڵدەهات وخۆی دەدزیەوە، بەڵام هەژاری و بێکەسی و بێدەرەتانی و بێ موچەیی ناچاری کردین بە پێی خۆمان ڕوبکەینە مەنفا، لە مانگی تەموزی ١٩٨٩ خوشک و برا هەتیوەکەمم برد و بەرەو گردەچاڵ بەڕێکەوتین، تەهای براشم بە نەبونی و هەژاری و کاسبی کردنی نێوان بەسرەو سلێمانی ڕوی کردبویەوە بەسرە بۆ ساڵی دووەمی خوێندنی، ساڵی سێیەمی کرد بە مۆڵەت و نەیخوێند، لەبەر نەبونی لە گردەچاڵ

مـابوەوە، منـیش لەمـانگی ١٠ /١٩٨٩ ڕاپێچـی سـەربازی کـرام، بـۆ مەرکەز تەدریـب مەشـاتی کەرکـوک، بـۆ ئەوەی ئەڵقەیەکـی تـر لە زنجیرەی ڕۆژە ڕەشـەکانی ژیـانم دەست پێبکات، پێش ئەوەی باسـی ڕاپێچـی سـەربازی بـکەم حەزدەکەم بەوردی باسـێکی گردەچـاڵ بگێڕمەوە.

گردەچاڵ ! برا دۆزەخی برینی هەڵەبجەییەکان:

هەنـدێکجار کـات وشـوێن لە یـادەوەری مرۆڤـدا بایەخێکیـان نـیە، هەنـدێکجاری تـر زەمکـان (زمـان و مکـان) بـرین لە دڵ و زەخـم لە نەست و جەستەی مرۆڤدا جێدەهێڵن لە یادەوەریدا زامێکی بە سـوێیە و ئەسـتەمە سـارێژبێت. هەر چرکەسـاتێک بکـولێتەوە یـابکولێنرێتەوە فرمێسکەکان دەبـارێن، ئەشـکەکان بەخـۆڕ لە چـاوان دێنە خـوارەوە. هەنـدێکجاری تـر زەمکـان بیـرەوەری منـداڵی و گەمەی کـوچە و کۆڵانەکان و ساتێکی بێ ئەزمونی هەرزەکاری و دیمەنە پڕ خەندە و پێکەنینەکانمـان یـاد دەخەنەوە. هەر (زەمکـان) کـات و شـوێنێک و هەریەک بە شـێوازێک لە هـزر و یـادەوەری مرۆڤەکانـدا تـام و بـۆن و یادەوەری و چێژی خۆی هەیە.

گردەچاڵ و بەرحوشـتر بە دوری نـزیکەی ٢٥کم دەکەونە باکوری خۆرئـاوای هەولێری قەڵا و منـارەوە، بـۆ گوندنشینانی ئەو دوو لادێ کوردەواریـیە ئازیزە، بۆخەڵکە زێدە نازدارەکەی خاکی نیشتمان و بـاب وباپیران و زێدی دەیـان گەڵە پیـاوە، - ڕەشید ئاغـا گەورەی گوندەکە

بـــوو- تەپوتـــۆزی گونـــدەکە هەتـــوانی بریـنـــی خەڵکـــی دەڤەرەکەن، یادەوەری تووڵەڕێ و کۆڵانەکانی نادەن بە قەسـری قەیسەری. وەلێ بـۆ منـی هەڵەبجەیـی بەزۆر ڕاگـوێزراوی لە زێـدی بـاب و بـاپیران هەڵکەنـراو، کیمیـایی بـاران کـراوی جەرگبـڕاو، مـاڵوێران و دەسـت بەســـەر، ســـێخناخە لەیـــادەوەری بەعـــسیەکان وشـــۆڤارو جاشـــی خۆفرۆشی ناوخۆیی، دۆزەخێک بوو مەرگی دەباراند، وشکە سـەرمای زسـتانی و گەرمیـی تـاقەت پڕوکێنـی هـاوینی بێـزار کەر بـوو، ئـاخر دەمەو ئێـوارەیەکی پـایزی کـورد و ســـەرماوەزی ســـاڵی ١٩٨٨ ی نەهـامەتی هەڵەبجەییەکـان، لەگەڵ کزەبـایەکی ســاردی بێبەزەییـدا، بەعسیەکان ئیمەیان ڕاپێچکرد بەرە و دەشتێکی کاکی بەکاکی پڕ درک وداڵ و لەشـەوێکی نـووتەک و یەڵـدای هەزار و یەک شـەوەدا، وتیـان ئەوە زەوی ڕایـخەن و ئەوە ئاسـمان بیـدەن بەخۆتانـدا، هێـدی هێـدی کەتیشکی خۆر شەوی ڕاماڵی و ڕۆژبویەوە هێندەی چاوەکان بڕبکەن بـۆ مـن دەشـتێکی بێبەزەیـی بـوو. ئەوکـات کە شـاڵاوی ڕاگـوێزران دەسـتیپێکرد بەرەو گردەچـاڵ، ڕۆژی دواتـر هەڵەبجەییەکـان یەکتریـان دەدۆزیەوە و لەیەکتریان دەپرسی ئێرە کوێیە؟ هەندێک ترسـی نـوگرە سەلمان ئەژنۆی شکاندبون، پیـاوێکی وریـا هەندێک دڵخۆشـی خەڵکی کردبو کاتێک لە ئۆتومبێلە سەربازیەکانەوە سەیری ڕێگەکەی کردبوو بەرەو کەرکـوک و باشـوریان نەبـردون بـۆنی هەولێـری کردبـوو، بەئومێـدی خـاکی ئیبنولمـستەوفی هێـوری کردبـونەوە. وەک ئامـاژەم

پێکرد ئێمەیش پاش چەند مانگێک بەناچاری ڕومانکردبوە گردەچاڵ، پێش ئێمە لەو شوێنەدا سەدان ماڵی تر و خەڵکی تر فڕێ درابوون و دەستبەسەر کرابون، لەڕۆژانی دواتردا کە تێکەڵی لەگەڵیاندا دروست ببـو بۆمـان دەرکەوت کـوردانی گونـدەکانی (پیرشـیاو) ی دەڤەری شـــیروانی مەزن لە بـــارزان و هەردوو هـــۆزی (ڕێکـــانی) و (دۆسـکی)ەکـان- قادرئاغـا سـەرگەورەی ڕێکانیەکـان و سـەلیم ئاغاسـەرگەورەی دۆسکیەکان - و لە شـالاوی بەعس قوتاریـان ببـو، بەڵام ئـێمە هەر پێمـان دەوتـن (بادینیەکـان) بەشـی زۆری ئەم خەڵکە بادینیانە لە کەمپی (جێژنیکان) دەستبەسەربون و هەندێکیان هێنرابونە گردەچاڵ، جـێگەی دڵخۆشـیمان بـون و هـاوخەم و هاوسـۆز و بـوینە هاوکەمـپ نـشینیش، کە قـسەت لەگەڵ دەکـردن ئەوانـیش بە چـپە و لەترسـی شـۆڤارە نێوخۆییەکـان دەیـان چیرۆکـی مەرگ ئامێزیـان بـۆ دەگێـڕاینەوە، هەرچەنـدە لە شـێوەزاریان بـاش تێنەدەگەیـشتین، بەڵام زۆر هەوڵمـان دەدا لێیـان نزیـک ببیـنەوە، مەلاعەبـدول و تەیبەخـانی خێزانـی بۆیـان گێـڕامەوە کە ئەوان تێکەڵـی سـێ خێزانیـان کـردوون پیاوێکی ڕیش سپییان ناسیوە بە ناوی (حـاجی مـحەمەد) تەنها خۆیی و بـــوکێکی و دوو منـــداڵی لە مەرگ قوتاریـــان بـــوە و لە پیـــر شیاویەکانیش (میر عـومەر سۆفی سڵێمان و سۆفی دەرویش حەمە ئەمین وئەحمەد میرۆ حەمە ئەمین) ڕزگاریـان ببـو، هەرچـی پیـاو و گەنجی تریان هەبوۆ جیاکراونەتەوە و بێسەر و شوێن کراون و تەنها

پیاوی پیر و ئافرەتەکانیان قوتاریان بوە، گوند و مەڕ و مالاتیان سوتێنراوە و تاڵانکراوە، دوو ئافرەتی تر کە هاتوچۆیان هەبوە لەتەک مالّی مەلا عەبدول بەناوەکانی (بەسرە، رومێسە) وتم باشە ئەم ناوانە چیە؟ وتیان وەڵڵا ئێتر ناوەکانیان وابوە، تەنها ئەو ژنانە و منداڵە وردەکانیان ڕزگاریان بوە لەشاڵاوی بەعسیەکان، جیاوازیەکی جەوهەری ئەوان لەگەڵ ئێمە ئەوە بوو باری دارایی زۆرێکیان زۆر باشتر بو هەروەها قوتابخانە و خوێندن بۆ منداڵانیان فەراهەم کرابو، بەڵام ئاوارە هەڵەبجەییەکان ئەو دەرفەتەشیان نەبوو تا لەسااڵی داهاتوودا لەتەک منداڵانی ئەوان منداڵانی ئێمەش تێهەڵکێش کران و درێژەیاندا بە خوێندن، بەداخەوە ئەو کات خامەمان نەبوو ئێستەش یادەوەری کۆمەک ناکات هەندێک چیرۆکی نەهامەتی زیاتری ئەوانیش یاداشت بکەین، هەتا چاوەکان بڕ بکات سیمی سەربازی چوار دەوری کەمپەکەی تەنیبوین، لەدەروازەی کەمپەکەدا بەخێرایی مەرکەزێکی پۆلیس و ئەمن و حزبی بەعس دانرابوو (مولازم سەعد و نائیب زابتێکی پیاوخراپ بەناوی مونیر موسڵاوی) بەرپرسی کەمپەکەبون، بێگومان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکەکەدا و بۆ ئاگاداربون لە هەموو جموجوولّێک و کۆڕ و کۆبونەوەیەک، بۆ گرتن و زیندانی کردنی ئەوانەی بە نوزە و بەکزیش دەنگی ناڕەزاییان لێبێت، تا ڕاپێچی لێکۆڵینەوە و بێسەر و شوێن بکرێن، پێویستیان بە جاش و خۆفرۆش و شۆڤاری نێوخۆیی هەیە، دار ئەڵێت -ئەگەر تەور کلکی لەخۆم

نەبێت نامبڕێتەوە - سەرەڕای کیمیایی بارانی هاوشارییەکان کابرایەک [redacted] قبوڵی کرد بەتەزکیە و نوسراوی ئەو بڕۆینە بارەگای حزبی بەعس بۆ ئەوەی مۆڵەتی دابەزینە هەولێر وەرگرین و زاڵگەکە ڕێگریمان لێنەکات، بەعسیەکان بۆیان دەنوسین (یسمح للمواطن العائد فلان ابن فلان بالنزول الی بلده اربیل لمدة کذا ساعه او یوم من اجل تامین بعض احتیاجاته) (هاوڵاتی گەڕاوە بۆ نیشتمان فلانی کوڕی فلان دەتوانێ بڕواتە شاری هەولێرەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک یا ڕۆژێک، بۆدابینکردنی هەندێک لە پێویستیەکانی). پاشان زۆر بەزویی دەهاتینەوە نەبادا شۆڤارەکان نان و پیازی پێوەبخۆن، لەنزیک ماڵە نایلۆنەکەی ئێمە پیاوێک توانای مادی باشتربو توانیبوی بەشی دواوەی گەڵابەیەک بکڕێت و لەپارچە زەویەکەدا هەڵیگێڕابۆوە و دەستیکردبوو بە هەڵکەندنی بەشی ژێرەوە، کەرۆیشک ئاسا خۆیی و منداڵەکانی دەچونە ژێری و بێترسی سەرما و دوپشک و مار و مێرو دەخەوتن و ئەو زستانەیان بەڕێکرد چەند بەختەوەر و لێزان بوو ئەو پیاوە، هەموو ئێرەییمان پێدەبرد، کاک ئەولقادری (عبدالقادر) خزم و هاوسەری پورەقەدریمان بە بەرد و کڵۆخۆڵ و بەئەزمونی ژیانی گوندنشینی و بەخێرایی و لەماوەیەکی کەمدا ژورێکی ڕاستکردەوە بۆ خێزانە حەوت نەفەریەکەی، پیری و دانایی و ئەزمونی پێشوی ژیان لێرەدا گەلەک بەکەڵک بوو، فێریان دەکردین پوش و پەڵاش کۆکەینەوە و قوڕ

بترشـــێنین و جـــوان تێکەڵـــی بکەیـــن و بیـــشیلین و بە کەرەســـتە سەرەتاییەکانی ژیان و سەردەمی چاخی بەردین خشتی قوڕ دروست بکەین و هەریەک کولانەیەک دروست بکەین و لە زەمهەریری زستان پـارێزراوبین، گوندنشینەکانی گردەچـاڵ دەیـانوت ٤٠ سـاڵە بەفـر لەم نـاوچەیە نەبـاریوە، ئەم زسـتانە سـەرما و بەفرێکـی سـەختتان لەگەڵ خۆتـان هێنـاوە، خەڵکـی هەولێـری زێـدە ئـازیز پەیتـا پەیتـا بە نهێنـی و بەئاشـکرا و بەڕەزامەنـدی مەرکەز و شـۆڕش پێداویـستی نەمـردن وەدەسـتگرتن بە ژیانەوەیـان دەگەیانـدە هەڵەبجەییەکـان، هەڵوێـستی مەردانە لە بیرەوەریـدا ڕەگ دادەکوتێـت. پـاش بەرچـاو ڕونبـونەوە، هەنـدێک خـانەوادەی هەڵەبجەیـی تەنهـا بە پۆشـاکی بەریـان و پـارەو پولیـانەوە و بەیاسـاغی ڕێـگەی هـات ونەهـات و گەڕانەوەیـان بـۆ سـلێمانی دەگـرتەبەر، دیمەنەکـان و بەسـەرهاتی هەر خێزانێکـی گردەچاڵ نشین تراژیدیایەکە بۆ فیلمێکی سینەمایی و درامایەکی درێژ دەست دەدات. لە گردەچـاڵ مامۆستا حسەین کاکەیی کۆچی دوایی کرد، هەموو هەڵەبجەییەکان بەشداری بەخاک سپاردن و پرسەکەیمان کـرد و منـدااڵێکی شـێخ جەلالـی خەرپـانی کەوتە ژێـر تـایەی شـۆفڵی چـاککردنی جادەکـان و کـاک سـەعدی لە کارەسـاتی وەرگەڕانـی ئۆتۆمبێلەکەیدا وەفاتی کرد، پرسـەکان دەرفەت بـوون بـۆ کۆبونەوە و گریان و هاوخەمی زوخاوی دڵ دەرکردن.

خوێندکارەهەڵبجەییەکان لە ناوەندی گردەچاڵ ٢١ /٣/١٩٨٩ ناوی ماموّستاکان.
بلوز سورەکە بەلقیس، ناتق موسلاّوی، شەزا ، اشواق ، نەمام

بەرەبەیانی یەکەمین ساڵیادی کیمیایی باران بوو چەندین پاس و ئوتۆمبێل بەڕیز و وەک کاروانی سەربازی بەرەو کەمپەکە ڕۆیشت بوون، منداڵ و ژن و پیاوە خاوەن ناموسەکان پرمەی گریان قوڕگی تەنیبون، هەموو ترسی ئەنفال کردن و بارکردن بەرەو نوگرەسەلمانی بێبەزەیی ئەژنۆی شکاندبون، خەڵکەکە پاش بینینی دەستبەسەرکراوانی ناو پاسەکان زانیبویان کە ڕژێم چەند ڕۆژێک پێش یەکەم ساڵیادی کیمیایی بارانی هەڵەبجە و لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٩ و لەترسی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و دروست بوونی کێشە، هەڵمەتێکی ڕەشبگیری لەناو سلێمانی و دەوروبەری ئەنجام دابوو، هەرکەس کارتی شوناسەکەی ناوی هەڵەبجەی تێدا بوایە بێ لێکۆڵینەوە ڕاپێچی زیندانیان دەکرد، گەر هەزار و یەک سوێندی بخواردایە و پاساوی بهێنایەتەوە کە هەڵەبجەیی نیە و باوک و باپیریشی لەگەڵ ڕژێم بوون نەیدەخوارد و ڕاپێچیان دەکرد، دواتر دەست ڕۆیشتوەکان و خوا پێداوەکان ئازاد دەکران، موختارە کۆیلەکانی گەڕەکەکان مال بەماڵ دەگەڕان و دەتوت کێوماڵ دەکەن، وەک جاشەکان چۆن بۆ پێشمەرگە دەگەڕان، بەڵام کێومااڵی موختارەکان بۆ ماڵە هەڵەبجەییەکان بوو کە کرێچی بوون یا خەڵکی دڵسۆز و کورد پەروەری شار دااڵدەی چەند مااڵێکی هەڵەبجەییان دابوو. بۆ ئافەرینێک و دوو عانە پۆلیس و ئەمن و ئیستخباراتیان دەبردە سەرماڵەکان و بەزۆرە ملێ ڕاپێچی زیندانیان دەکردن. ئەو

ئۆتۆمبێل وپاسانە ئەو هەڵەبجەیە هەڵهاتوانەی دەستی ڕژێمیان تێدابوو کە لەسلێمانی گوزەرانیان دەکرد، شەوێک لە زیندانی تەسفیرات مابونە وە و دواتر بە دەست بەسەری گوازرابونەوە گردەچاڵ و بەرحوشتر، چەند ڕۆژێک مانەوە و بەشداری نەهامەتیەکان بون، بەڵام هێدی هێدی و بە نهێنی گەڕانەوە بۆ سلێمانی، ئاخر ناهەقیان نەبوو ژیان لە گردەچاڵ و بەرحوشتر ئازار بەخش و پرنائومێدی بوو. ساڵێک وشەش مانگ بەنەهامەتی و دەستبەسەری لەو کەمپەدا، بەبوون ونەبوون و بەبرسێتی و قات و قڕی و بەگریان و پێکەنینی فرمێسکاوی بەبێ بۆنی وەنەوشەو گوڵی مێخەک و نێرگز و باخی میر و گوڵانی شێخ وەلی و جوانی دڵڕفێنی باڵامبۆ و شنروێ وئامێزی گەرمی کانی عاشقان و کانی قولکە و کانی شێخ وگەڕەکەکانی مامۆستایان و سەرا و پیرمحەمەو، ساڵێک وشەش مانگ هەموو ڕۆژێک سەختتر لەڕۆژەکەی ترمان تێپەڕاند. مامە صادقم لە کۆپلەیەکی هەڵبەستیدا لە ناملکەی هەستانەوەدا وەک لاواندنەوەی هەڵەبجەیە دەست بەسەرەکانی گردەچاڵ دەڵێت:

کرێکاری بێ ئیش، بێ پوڵ و مایە
جوتیاری ماندوی پاڵەوانم ڕۆ
سەدان قوتابی بێ دەرس و دەورم
نایلۆن نشینی بیابانم ڕۆ

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی بۆ بکەم بەکورتی، پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، حکومەتی عێراق دەزگایەکی پێک هێنا بەناوی (الهيئة العامة المختصه بحل المنازاعات الملكية العقارية) (دەزگای گشتی پسپۆڕ بۆ بەدواداچون و چارەسەری کێشەکانی موڵکایەتی و زەوی و زار) بەڵام حکومەتی هەرێم لە مایسی ساڵی ٢٠٠٦ بە دواوە کەڵکەڵەی خستە سەرئێمەی هەڵەبجەیی کە دەستبەسەری گردەچاڵ و بەرحوشتر بووین، بڕۆین سکاڵا تۆمار بکەین و داوای قەرەبوو کردن و ئەو زەویانەی گردەچاڵمان کە ڕژێم کرد بووی بە ناومانەوە بکەینەوە، ڕۆیشتین و ناومان لە قائمقامیەت و ناحیەی بەحرکە هەبوو، دۆکیومێنت و بەڵگەی پێویستمان خستەڕوو مامەڵەکانیان لێ وەرگرتین و وتیان خۆمان پەیوەندیتان پێوە دەکەینەوە، هەریەک ژمارەیەکی تایبەتیان پێداین و کۆپیەکی مامەڵەکانمان وەرگرت و بە دڵخۆشیەوە گەڕاینەوە کە حکومەتەکەمان ڕۆڵە کیمیایی باران کراو و دەستبەسەرەکانی لە یادنەکردوە، بەڵام وەک شتەکانی تری ئەم بەناو حکومەتە بێ بەرنامە وبێ ئەمەک و بێ باک و لە بەها و بەڵێنێک داڕنراوەی خۆمان، چیرۆکی قەرەبووی گردەچاڵیەکانیشی کردە حکایەتی مێژ و هیچ ئەنجامێکی نەبوو، تا ئەمڕۆ کە ئازاری ساڵی ٢٠١٨ یە لێمان نەپرسراوەتەوە، نەک قەرەبوو نەکراینەوە بەڵکو زامەکانیان سەختتر کردوین.

هەنسک و فرمێسکی چیرۆکەکانی گردەچاڵ بەردەوامن و برینێکی بەسوێی نەست و یادەوەری هەڵەبجەییەکانە و تەنها مەرگ لە یادەوەریماندا دەیسڕێتەوە، نەوەکانی ئەمڕۆ بێئاگا و بێخەبەرن، کاتێک باسی نەهامەتیەکانیان بۆ دەکەین تەنانەت تاقەتی گوێ گرتنیشیان نیە، چونکە دەسەڵاتداران هێندەدرۆیان داوەبەگوێیاندا متمانەیان بە مەرگەساتە ڕاستەقینەکان و شاهید حاڵەکانیش نەماوە. هێندە ماوەتەوە بڵێین گردەچاڵ و بەرحوشتر لاپەڕەیەکی تری سەختی پاش کیمیایی بارانی هەڵەبجەن ودەبێت نەهێڵین فەرامۆش بکرێت و پێویستە لە تەواوی ڕەهەندەکانی ژیاندا وەک هۆڵۆکۆست و هیرۆشیما و ناکازاکی، وەک مەرزەبۆتو و حەلەب و حەما وەک دێرزور و دێر یاسین، وەک کەمپێکی نەهامەتی شوناس و ئامادەگی کارای هەبێت.

ڕاپێچی سەربازی :

مانگی ١٠ی /١٩٨٩ هەموو ئەو گەنجانەی کە بەبڕیاری ٧٣٦ و ٧٣٧ تەئجیل کرابوین بانگ کراینەوە بۆ خزمەتی سەربازی، لەگەڵ هاوەڵەکانم سەردانی (تەجنید) مان کرد، ئەوەندە قەرەباڵغ بوو دەتگوت ڕۆژی حەشرە، هەرچۆن بوو (دەفتەر خدمە) کانیان لێوەرگرتین، بەرەو (مرکز تدریب المشاه، کرکوک) سەنتەری مەشقی پیادەی کەرکوک ڕاپێچ کراین، ئەم هاوڕێیانەم لە گەڵدا بوو (کاک

شاهۆ، مامۆستا سالم، مامۆستا نوعمان) لەو نەهامەتیەدا چونکە سێ هاوەڵی خۆمم لە گەڵدا بوو تا ئەندازەیەکی باش جێگەی دڵخۆشیم بوو، پاش چەند ڕۆژێک ڕۆیشتین بۆ شوێنی ناوبراو، هەزارەها سەربازی تری لێ بوو، لە (فصیل) فەسیلێکیشدا هەر پێکەوەماینەوە، هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر ٥ ی بەیانی تا ٢ پاش نیوەڕۆ مەشق و ڕاهێنان و سوکایەتی و بێ ڕێزیمان بەرامبەردەکرا، کام کەسە زۆر شارەزا و زرنگ بوایە لە بەردەم عەریفێکی نەفام و نەخوێندەواری سوپادا نرخی نەبوو، عەریفەکە هەموو جارێک دەیوت (هەرچیت پێیە لە دەرەوەی (معسکر) سەربازگە فڕێی بدە و بە تەنها وەرە، مەبەستی شەهادە و عیززەتی نەفس...هتد) بوو، پەندێکی باو هەبوو (خریج مریج، کلە یشرب بالابریج) واتە دەرچوون و بڕوانامە ناخوات، هەمووی لە مەسینەدا ئاودەخواتەوە، کۆمەڵێک مامۆستا و پیاوی بەڕێزی هەڵەبجەیی و کۆمەڵێک گەنجی ترمان لە گەڵدا بوو، ئەوەی لەیادم بێت (مامە حەسەنم، مامۆستا شێخ غفوری عەبابەیلێیی، مامۆستا ئەنوەر ئەورەحیم، مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز ئێناخی) هەندێک جار بەهۆی ئەم پیاوە بەڕێزانەوە ڕێزی هەموانیان دەگرت، پاش مانگێک مانەوە لەو مەرکەز تەدریبە و چەندین ڕوداوی خەندە ئامێز لە هەناوی گریاندا و لە کاتی مەشق کردندا ڕوویدەدا، وەک خوێی چێشت بۆ ئەم تراژیدیای ئاوازی مەرگە و بۆ خۆشی ئاماژە بەهەندێکیان دەکەم.

(دەبوو هەموو سەربازێک سەری پاک بتاشێت واتە سفری بکات، کەسمان پابەند نەدەبوین بەبڕیارەکەوە، ڕۆژێکیان ئەفسەرێک بەپلەی نەقیب هات، قژی زۆری سەربازەکانی بینی بڕیاریدا سەری هەمووی پاک بتاشێت، داوایکرد سەرتاشی وەحدەکە کەرەسەکانی سەرتاشین بهێنێت، بڕیارێکی زۆر ناخۆش بوو، کەسیش نەیدەوێرا قسەبکات، چونکە تاڵاوی بەندبوون و چیرۆکە پڕ سوکایەتیەکانی نێو بەندیخانە هەمووسانی ترساندبوو، ئەفسەرەکە سەرتاشی بانگ کرد، بەڕیز دانیشتین من و کاک شاهۆی ڕەحمەتی لەتەنیشت یەکدابوین، سەرتاشەکە سەری یەکەم کەسی تاشی و کاک شاهۆ بەسوێند و قورئان خواردن کە ڕۆیشتەوە خۆی سەری چاک دەکات تەنها ئەمڕۆ وازی لێ بهێنن، لەگەڵ ئەفسەرەکەدا گفتوگۆی دەکرد، ئەفسەر گوێی نەگرت، لەو کاتەدا ئەفسەرەکە خۆی مەکینەی سەرتاشینەکەی گرت بە دەستەوە سەری بتاشێت، هەرکە نزیکی سەری کردەوە مەکینەکە شکا، بەم شێوەیە وازیان لێهێناین، بەڵام بەڵێنیان لێ وەرگرتین بەیانی هەموو سەرمان بتاشین، بە کاک شاهۆم وت ئۆخەی ئەمجارە شانس و ناوچاو باشی تۆ منیشی گرتەوە و بوبە پێکەنین، چونکە کاک شاهۆی ڕەحمەتی بەختی لە ژیاندا لە ئێمە باشتربوو.

ڕوداوێکی تر مامۆستا سالم لە بۆردومانی هەڵەبجەدا قاچی بریندار ببوو، ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی مستەفا چەمران لە کەنگاوەر چارەسەری وەرگرت تا چاک بۆوە، هەرچەندە شوێنەواری

بریندارى بە خراپى بە قاچیەوە مابوو، وەک ئێمە تۆپ تۆپێنى دەکرد و عەیبى نەمابوو، بەڵام بۆ ئەوەى خۆى ڕزگار بکات لە مەشق کردن قاچى پیشانى عەریفەکە دابوو، عەریفەکەش بانگى نەدەکرد بۆ تەدریب و دەیکردە خەفەر قاعە، ماوەیەکى زۆر بەو شێوە بۆى چوەسەر و خۆى لە تەدریب دەدزیەوە، ئێمەش پاش دەوام وعەسران دەچوینە یاریگەى مەرکەز تەدریب تۆپ تۆپێنمان دەکرد، مامۆستا سالمیش دەهات وەک ئێمە جلى یارى لەبەردەکرد و یارى دەکرد، ڕۆژێکیان ئاگاى لێ نەبوو عەریفەکەمان لەسێبەرێکدا و نزیک یاریگاکە وەستا بوو، مامۆستا سالم وەک گوللە بەڕاکردن و بەجلى یارییەوە هاتە ناو یاریگاکە، عەریفەکە چاوى پەڕییە تەوقى سەرى، بەیانى خستیە ڕیزمانەوە بۆ تەدریب کردن و مامەڵەیەکى تۆندى لەگەڵدا دەکرد، ئەمانە و چەند شتێکى ترى خۆش ڕویدا بەڵام هێندە بەسە.

پاش تەواو کردنى مانگەکە گوازراینەوە بۆ مەرکەز تەدریبى (موسەییەب) لە نزیک بەغداد بە مەبەستى دابەش کردنمان بەسەر یەکە سەربازییەکاندا، یەک مانگ لەو سەربازگەدا ماینەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم قورسترین و دژوار ترین ڕۆژگار و شەوەکانى ژیانم بەسەر برد، بەهۆى هەژارى و نەبونى مادییەوە، لە شەو ڕۆژێکدا یەکجار نانم دەخوارد، ئەویش نانى مەعەسکەربوو، لەو ماوەیەدا نەمتوانى سەفەر و سەردانى خوشک و براکەم لە گردەچاڵ بکەم،

پێنج شەممان و هەینی هەموو سەربازەکان بە مۆڵەت دادەبەزین بو سەردانی ماڵەوە و دایک وباوکیان، من وەک تەیرێکی نابوت بەناو ئەو مەعەسکەرە گەورەدا دەهاتم و دەڕۆیشتم، ئەو ڕۆژانەش چێشتخانەی وەحدە خواردنی دابەش نەدەکرد، جارێکیان هاوڕێیەکم پرسی تۆ بۆچی ناگەڕێیتەوەو دەمێنیتەوە؟ نەیدەزانی پارەم پێ نیە و نەمدەهێشت کەسیش بزانێت، دەمگوت ماڵمان لە دەرەوەی هەولێرە و دورە ئەو ماندوێتیە ناهێنێت بۆ دوو شەو بڕۆیت و بگەڕێیتەوە، هاوڕێ سەربازەکانم کە دەهاتنەوە هەر یەک گوێنیەک نانی تیری وناوساجی و کولیچە و زۆر شتی تریان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، تەنها من کەس نەبوو هەوالێیشم بپرسێت، ڕوخسارم ڕەش داگیرسابوو جەستەم باریک و خەریک بوو ناوقەد و کەمەرم دەپچڕا، بێزار و دڵ شکاو، بێلانە و بێ دڵسۆز چەندین شەو بە برسێتی سەرم دەنایەوە، ئاخ و حەسرەتم بۆ ئامێزی گەرمی دایک و باوک بوو، سەرباری برسێتی ونەبوونی، خەمی خوشک و برا هەتیوەکەی گردەچاڵ ژیانی کردبومە دۆزەخ، دوو دیناری سویسری ئەو کاتەم پێمابوو، بیرم کردەوە ئیشێکی پێبکەم، دابەزیمە شارۆچکەی موسیبەب بەدوو دینارەکە کێک و بسکیتم کڕی و خستمە کارتۆنێکەوە و هێنامەوە بۆناومەعەسکەر، شەوان پاش نوێژی عیشا کە هەستم دەکرد سەربازەکان برسیبان دەبێت، بە هێواشی و نهێنی دەگەڕام و هاوارم دەکرد، بسکیت، شەکلەمە، شەکلەمە، فەسیل فەسیل دەگەڕام و

بریندارى بە خراپى بە قاچیەوە مابوو، وەک ئێمە تۆپ تۆپێنى دەکرد و عەیبى نەمابوو، بەڵام بۆ ئەوەى خۆى ڕزگار بکات لە مەشق کردن قاچى پیشانى عەریفەکە دابوو، عەریفەکەش بانگى نەدەکرد بۆ تەدریب و دەیکردە خەفەر قاعە، ماوەیەکى زۆر بەو شێوە بۆى چوەسەر و خۆى لە تەدریب دەدزیەوە، ئێمەش پاش دەوام وعەسران دەچوینە یاریگەى مەرکەز تەدریب تۆپ تۆپێنمان دەکرد، مامۆستا سالمیش دەهات وەک ئێمە جلى یارى لەبەردەکرد و یارى دەکرد، ڕۆژێکیان ئاگاى لێ نەبوو عەریفەکەمان لەسێبەرێکدا و نزیک یاریگاکە وەستا بوو، مامۆستا سالم وەک گوللە بەڕاکردن و بەجلى یارییەوە هاتە ناو یاریگاکە، عەریفەکە چاوى پەڕییە تەوقى سەرى، بەیانى خستیە ڕیزمانەوە بۆ تەدریب کردن و مامەڵەیەکى تۆندى لەگەڵدا دەکرد، ئەمانە و چەند شتێکى ترى خۆش ڕویدا بەڵام هێندە بەسە.

پاش تەواو کردنى مانگەکە گوازرانەوە بۆ مەرکەز تەدریبى (موسەییەب) لە نزیک بەغداد بە مەبەستى دابەش کردنمان بەسەر یەکە سەربازییەکاندا، یەک مانگ لەو سەربازگەدا ماینەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم قورسترین و دژوار ترین ڕۆژگار و شەوەکانى ژیانم بەسەر برد، بەهۆى هەژارى و نەبونى مادییەوە، لە شەو ڕۆژێکدا یەکجار نانم دەخوارد، ئەویش نانى مەعەسکەربوو، لەو ماوەیەدا نەمتوانى سەفەر و سەردانى خوشک و براکەم لە گردەچاڵ بکەم،

پێنج شەممان و هەینی هەموو سەربازەکان بە مۆڵەت دادەبەزین بو سەردانی ماڵەوە و دایک وباوکیان، من وەک تەیرێکی نابوت بەناو ئەو مەعەسکەرە گەورەدا دەهاتم و دەڕۆیشتم، ئەو ڕۆژانەش چێشتخانەی وەحدە خواردنی دابەش نەدەکرد، جارێکیان هاوڕێیەکم پرسی تۆ بۆچی ناگەڕێیتەوەو دەمێنیتەوە؟ نەیدەزانی پارەم پێ نیە و نەمدەهێشت کەسیش بزانێت، دەمگوت ماڵمان لە دەرەوەی هەولێرە و دورە ئەو ماندوێتیە ناهێنێت بۆ دوو شەو بڕۆیت و بگەڕێیتەوە، هاوڕێ سەربازەکانم کە دەهاتنەوە هەر یەک گوێنیەک نانی تیری وناوساجی و کولیچە و زۆر شتی تریان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، تەنها من کەس نەبوو هەواڵیشم بپرسێت، ڕوخسارم ڕەش داگیرسابوو جەستەم باریک و خەریک بوو ناوقەد و کەمەرم دەپچڕا، بێزار و دڵ شکاو، بێلانە و بێ دڵسۆز چەندین شەو بە برسێتی سەرم دەنایەوە، ئاخ و حەسرەتم بۆ ئامێزی گەرمی دایک و باوک بوو، سەرباری برسێتی ونەبوونی، خەمی خوشک و برا هەتیوەکەی گردەچاڵ ژیانی کردبومە دۆزەخ، دوو دیناری سویسری ئەو کاتەم پێمابوو، بیرم کردەوە ئیشێکی پێبکەم، دابەزیمە شارۆچکەی موسیبەب بەدوو دینارەکە کێک و بسکیتم کڕی و خستمە کارتۆنێکەوە و هێنامەوە بۆناومەعەسکەر، شەوان پاش نوێژی عیشا کە هەستم دەکرد سەربازەکان برسییان دەبێت، بە هێواشی و نهێنی دەگەڕام و هاوارم دەکرد، بسکیت، شەکەمە، شەکەمە، فەسیل فەسیل دەگەڕام و

دەمزانـی هـاوڕێ نزیکەکـانم لە کوێـدا دادەنیـشتن بەو شـوێنانەدا نەدەڕۆیشتم، پێم ناخۆش بوو بزانن پارەم پێنیە و برسیمە، بەم شێوە ئەو چەند هەفتەیە خۆیشم بسکیت وشەکلەمەم دەخوارد و پارەیەکی باشیشم کۆکردەوە بەشی هاتوچۆی دەکرد بگەڕێمەوە بۆ گردەچاڵ. مانگ زیاتر بوو نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ لای خوشک و براکەم، کاتێک پارەم پەیداکرد بۆ گەڕانەوە ئەوکاتە گواستنەوەمان بۆ وەحدەیەکی تر هاتە پێشەوە و بویە خەمێکی تر، دابەشکردنمان دەستیپێکرد و من و شاهۆ و نوعمان نێردراین بۆ بەشی (الهندسة الالية الكهربائية) لە فەیلەقی حەوت، مەعمەل هەژدە، لەمەوقعی بەسرە، مامۆستا سالم گوازرایەوە بۆ عەممارە و بەفرمێسک و گریان لەیەک جیابوینەوە، لێرەدا پێم باشە هەڵوێستێکی جوانی مامۆستا ئەنوەر ئەو ڕەحیم عەنەبی هاوڕێی دێرینی باوکم بگێڕمەوە، هات و بەدڵێکی پڕ گریانەوە سەرەڕای ئەوەی خۆیشی بێ موچە بوو لە وەزیفە فەسڵکرابوو دەستیکرد بە گیرفانیدا بە پێنج دیناری ئەوکاتە هاوکاریم بکات، زۆر هەوڵیدا لەگەڵم سودی نەبوو، زۆرسوپاسم کرد و وەرم نەگرت، بەدڵی تەنگەوە خوا حافیزیم لێکرد وسواری پاس کراین وسەعات ٣ی شەو گەیشتینە ئامرییەی مەوقعی بەسرە و قیادەی هەندەسەی ئالی کەهرەبائی فەیلەقی حەوت.

لە مەعمەل هەژدەی مەوقعی بەسرە جێگیرکراین و موچەکەمان بوو بە ٤٢ دینار و لە و دژواریەدا مەبلەغێکی باش بوو، لەشوعبەی

ئاسنگەران دامەزراین، لە ڕاستیدا ئیشێکی ئەوتۆمان نەبوو، تەنها کات کوشتن و مەسرەفێکی زیادەی حکومەت بوو لە خۆراکی ڕۆژانە و جل وبەرگی سەربازی و زۆر شتی تر. سەربازە عەرەبەکان چونکە ئەزمونیان هەبوو لە سەربازیدا گروپ و جەماعەتیان هەبوو وەک بانـد هاوکاری یەکیان دەکرد، بە هاوکاری ئەفسەری ئیداری دزی یاساییان دەکرد و ئەشیای سەربازگەکەیان دەدزی و کەس نەیدەوێرا قسەبکات، تەنانەت زۆرجار خۆراکی سەربازەکانیش کە پێی دەوترا (تعیین الجنود، برنج و ڕۆن و شەکر و گۆشت و مریشک و...هتد) یان بەدزی دەبردە دەرەوە، ئامری وەحدەکەمان ناوی (مقدم ضیاء) بوو زۆر کوردی خۆش دەویست، حاڵمان بەم شێوەیە گوزەران.

ڕۆژێک هاوڕێیەکی دەڤەری هەورامانم کە سەرباز بوو لەگەڵمدا وتی موچەکەت چەندە؟ وتم ٤٢ دینار، وتی بۆ ئەوەندەیە؟ وتم نازانم! وتی کە ئەمجارە ڕۆشتیتەوە نامەیەکت دەدەمێ بۆ کوڕێکی هەورامی ناسـراوم لە سـلێمانی لە ئەسـحابە سـپیە (وابـزانم نـاوی سـەرکۆ بوو)کوڕێکی سورکارە، بڕۆ بۆ لای بـا پشتگیرییەکت لە تەجنید بۆ بکات کە تۆ بۆ خزمەتی ئیحتیات سەوق کراویت موچەکەت دەبێتە ١٢٠ دینـار، بەگـوێم کـرد و هـاتمە سـلێمانی و کـابرا بە ٧٥ دینـار پـشتگیریەکەی دەکـرد، پـشتگیرییەکەم لـێ وەرگـرت پـارەی خـۆیی وەرگرت و هـاتمەوە وەحدەکەم و بردم بۆ قەڵەمی وەحدە، کوڕێکی عەرەب تـازە ناسـراویم لە گەڵیدا پەیدا کرد بوو نـاوی (ڕائد) بـوو،

پشتگیرییەکەی وەرگرت و ئەو مانگە ١٢٠ دینارم وەرگرت و بوژامەوە، ماکسیەک و قەمسەلّەیەکم بۆ خوشک و براکەم کڕی و گەڕامەوە بۆ سەردانیان بۆ گردەچاڵ و هەفتەیەک مامەوە، مامۆستا تەهای برام ئەو ساڵەی کرد بوە مۆڵەتی نەخوێندن و لەگردەچاڵ نانەوایی دەکرد، ژیان بە مەمرە و بژی دەڕۆیشت، لەگەڵ هەموو مۆڵەتێکدا دەستم کرد بوە کاسبی کردنیش، کە دەڕۆیشتمەوە بۆبەسرە پاکەتی جگەرەی سۆمەر و قەڵەم جافم دەبرد لەبەسرە دەمفرۆشت و لەو سەرەوە مۆزم دەهێنا، لەڕاستیدا ئەم کاسپیە لەمامۆستا تەهای برامەوە فێربوم، ئەویش ساڵێکی خوێندنی بەو شێوەیە بەڕێکردبوو.

کۆتایی گردەچاڵ و گەڕانەوە بۆ سلێمانی:

ڕژێمی بەعس بڕیاری دووەمی لێخوشبونی بۆ کوردان دەرکرد، بەهەڵەدا نەچوبم بڕیارەکە ژمارە ١٦٠ بوو، هاوکات هەڵەبجەییەکانیشی سەربەستکردبوو، کەدەمانتوانی لەگردەچاڵ نەمێنینەوەو ئازادانە بگەڕێینەوە سلێمانی، هاوکات مالّی خاڵۆی خۆشەویستم (خاڵۆ نازم) لە ئێران گەڕانەوەو هاتنەوە سلێمانی، ئەم گەڕانەوەیەی مالّی خاڵۆم ئومێدی گەورەو خەمێکی قورسی ژیانی لە کۆل سوک کردم، چونکە خاڵۆژنم ژنێکی میهرەبان و بەڕێز بوو، خۆشیان دەویستین و خۆشمان دەویستن و لە گەڵ منداڵەکانیدا

شیرمان خواردبوو، زۆرلە خوشک وبرا تێکەڵ تربووین، هاوکات موچەکەشم بوبوو بە ١٢٠ دینار ئیتر ژیان بەباشترەگوزەرا، لەگەڕەکی سابونکەران لەگەڵ مالّی خاڵوم خانویەکی دوو نهۆمیمان بەکرێ گرت، مانگی بە ٩٠ دینار، قاتی سەرەوە بۆ ئێمە و خوارەوە بۆ مالّی خاڵوم، مانگانە ٣٠ دیناری لەسەر من و ٦٠ دیناری لەسەر خاڵوم بوو، خاڵوم دەستیکردەوە بەنانەوایکردن و منیش بەخەمی کەمترەوە دەگەڕامەوە بۆسەربازی.

داگیر کردنی کوەیت :

ڕۆژی ١٧ ی تەممووزی ١٩٩٠ سەدام لە ٢٧ هەمین ساڵیادی سەرکەوتنی کودەتاکەیان وتارێکی خوێندەوە، لە کافتریای وەحدە هەموو گوێمان لێگرتبوو، هەڕەشەی مل پەڕاندنی لە کوەیت دەکرد بەرامبەر ڕزق بڕین،

ڕۆژی دواتر واتە ١٨ی تەممووز دابەزیمە شارۆچکەی زوبێر، بەچاوی خۆم سەدان تانک و زرێپۆش و زیلی سەربازیم بەدیکرد بەرە و سنوری کوەیت دەڕۆیشتن و تەحەشودات دەستی پێکرد، بەڵام پێیان دەوتین مانۆڕی سەربازی ئەنجام دەدرێت و هیچ نیە، لەم کاتەدا دەستکرا بەگواستنەوەو نقڵکردنی هەموو سەربازەکان، من گوازرامەوە بۆ بارەگای فەیلەقی حەوت، کاک شاهۆ بۆ وەحدەیەکی تر، مامۆستا نوعمانیش بۆشوێنێکی تر، من و کاک شاهۆ شوێنمان

باشبوو، مامۆستا نوعمان گیرۆدەی دەستی ئامر وەحدەکەی ببوو، زۆر ئازاری دەدا، بە تایبەتیش نوعمان تاقانەی دایک و بەهەتیوی و پیاوێکی ناسک بەخێوکرابوو.

سەرلەبەیانی ١٩٩٠/٨/٢ لە مەلا بانگدانەوە دەنگی فڕۆکە و هێلیکۆپتەر ئاسمانی بەسرەی تەنی بوو، کە ڕۆژ بویەوە زانیمان سەدام فەرمانی کردوە و کوەیت داگیردەکرێت، گوێمان لەڕادیۆکان دەگرت، ڕادیۆ وتەلەفیزیۆنی عێراق دەیوت (لقد خسف الله بقارون الكويت) ڕادیۆی کوەیت هاواری لەعەرەبەکان دەکرد کە کوەیت دوو چاری داگیرکاری دەبێتەوە و بێن بە هانایەوە، بەڵام کات گەیشتە نیوەڕۆ هەموو شت تەواو بوو، کوەیت لە چەند کاتژمێرێکدا داگیرکرا، ڕۆژانی دواتر سەربازەکانی سوپای عێراق کە کوەیتیان داگیرکردبوو دەستیان دابویە تالان کردنی مال و حاڵی کوەیتیەکان، هەزارەها ئامێری مال و سەیارە و ئاڵتونیان هێنابوو بەئاشکرا دەیانفرۆشت، تەنانەت لەسەر ڕێگەی نێوان زوبێر -بەسرەو ڕێگەی نێوان سەفوان- بەسرە بازاڕی تایبەتی ئەو کەرەسانەیان دانابوو کەدیمەنێکی تری دزێو بوو، کارەساتی تالانکردنی هەڵەبجەم هاتەوە یاد و زۆردڵتەنگ بووم.

بەسەرهاتێکی ناخۆش تر:

لە ناو سەربازگەکاندا فۆرمێکیان دابەشکرد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەی سەرباز و نەتەوە و ئاینزاو...دەیان پرسیاری تری تێدابوو، یەکێک لەخاڵەکان بریتی بوو لەوەی ئایا چۆیتەتە دەرەوەی عێراق؟ بۆ کوێ وچەند لەوێ بویت و بۆچی چویت؟ من و کۆرێکی تری هەڵەبجەیی کەناوی سەروەت بوو، فۆرمەکەمان پرکردەوەو هەردوکمان نوسیبوومان هەڵەبجەیین و ڕۆیشتوینەتە ئێران لە کاتی هێرشەکەی ئێران بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە، دواتر بە بڕیاری لێخۆش بوون گەڕاوینەتەوە، بەڵام لە بڕگەی عەشیرەتدا من نوسیبووم (بەرزنجی)م، سەروەت نوسیبووی (کۆکۆیی) م، پاش چەند ڕۆژێک ئەفسەری ئیستخباراتی فەیلەق بانگی کردین، وتی ئێوەچۆن هاتونەتە بارەگای قیادەی فەیلەق، بەو پەڕی بەرائەتەوە وتمان لە نقلەکاندا هاتوین، ڕۆژێکی تر بانگیان کردم وتیان بەیانی تۆ بە یاوەری سەربازێک دەبێت بچیتە مودیریەتی ئیستخباراتی عەسکەری لە بەغدا، سەرلەبەیانی سەربازێکی بەغدادییان لەگەڵ ناردم، نەوەک هەڵبێم لە دەستی دەمانچەیەک و نوسراوێکیشیان پێدابوو، نیوەڕۆ کەوتینە ڕێ بەرەو بەغدا، سەربازەبەغداییەکە وتی : بۆچی دەتنێرن بۆ ئیستخباراتی عەسکەری؟ وتم وەڵاڵا نازانم، بەسەرهاتی شەهیدبوونی باوکمم گێڕایەوەو وتم لەوانەیە بۆ ئەو مەبەستە بێت، سەربازەکە بێخەم بوو ترسی نەما، ئێوارە کە گەیشتینەبەغدا دەوام

نەمابوو، سەربازەکە وتی، من دەڕۆمەوەبۆ ماڵەوە وبەیانی لەژێر ئەم پردەی نەهزە مەوعیدمان بێت یەکتر ببینین، سەعات ٨ پێکەوەدەڕۆین بۆ ئیستخبارات، نوسراوەکەم لێ وەرگرت و ئەو ڕۆیشت، منیش ژمارە تەلەفونی سەمیر بەغدادیم لە لابوو، تەلەفۆنم بۆ کرد، ماڵیان لە (بەغداد جدیدە) بوو، دەمویست مالێ باوکی سەمیر ببینم و بەڵکو قسەیەکی خۆش وسوپاس کردنێک و میواندارییەکی شایستەم بکەن، چونکە مالی مامە صادقم دالدەی کوڕەکەیانی دابوو ببونە هۆی ڕزگار بوونی سەمیر، منیش زۆر ڕەفیقی تەنگانەی بووم لە ئێران، هەروەها شارەزای بەغدا نەبووم و پێشبینیم دەکرد مالی باوکی سەمیر ناسراویان هەبێت لە دەزگاکانی بەعس و کارێکی باشە لەو تەنگانەدا ئاگادارم بن، سەمیر ناو نیشانی پێدام وهاتمە (بەغداد جدیدە) و بەردەم (جامع السامرائی) و لەوێ بینیم، هەتا ئەم کارەم کرد وسەمیر هات بە دەممەوە کات گەیشتە ٩ی شەو، ڕۆیشتمە ماڵیان لە ژورێکدا دانیشتم دایکی بەخێر هاتنی کردم و باوکی هەر لە دورەوە بەخێر هاتنێکی ساردی کردم، وەک ئەوەی سالێکە لە ماڵیاندا بژیم و منیش بەوە زۆر بێتاقەت بووم، برایەکی هەبوو ناوی قەیس بوو گوێم لە دەنگی بوو نەهات وهەر بەخێرهاتنی نەکردم، وتم سەمیر برسیمە و نانم نەخواردوە! وتی وەڵڵا کەیفی خۆتە هیچمان نیە! وامزانی بەیادی گاڵتەکانی ناو خێوەتەکانی کەنگاوەر و سەرابی فەش وا دەڵێت؟ وتم سەمیر وەڵڵا بەڕاستمە نانم نەخواردوە و

برسیمە، وتی وەڵڵا بەڕاستمە هیچی وامان نیە بیهێنم! زۆر بێزار بووم و ڕۆشتینە بازاڕ شتێکم خوارد، بە ناچاری گەڕامەوە ماڵیان و یەکێک لەشەوە دزێژەکانی تەمەنم زۆر بەدڵشکاوی بەڕێکردو هەرچیم دەکرد ڕۆژ نەدەبویەوە، بەیانی کە ڕۆژبوەوە ئەوان هێشتا نوستبوون بە خێرایی هاتمەدەرەوە، پێش کاتژمێر ٨ هاتمە شوێنی دیاریکراو لەگەڵ سەربازە بەغداییەکەی دوێنێ تا یەکتر ببینین و بڕۆینە مودیریەتی ئیستخباراتی عەسکەری، کات گەیشتە نزیک ٩ی بەیانی سەربازی مەئمور هەر نەهات، وەک وتم نوسراوەکە لای خۆم بوو، تەکسیەکم گرت بۆ ئیستخباراتی عەسکەری، بەسەر پردی ئەئیمەدا و لە کۆتایی پردەکە و لە دەستپێکی ناوچەی کازمیە داببەزاندم و ئیستخباراتی پیشاندام، ڕۆیشتمە پرسگەی ئیستخبارات ونوسراوەکەم دایە دەستیان، زەردەخەنەیەکی هێواش هاتە سەرلێوم، سەربازی پرسگەکە وتی بەچی پێدەکەنیت؟ وتم وەڵڵا نازانم ! وتی وەڵڵا یەکەم کەسی بێتە ئەم دائیرە و پێبکەنێت !نوسراوەکەی بردە ژورەوە و هاتەوە وتی :سەربازە مەئمورەکەت لە کوێیە؟ بەسەرهاتم بۆ گێڕانەوە، وتیان یەعنی بە پێی خۆت هاتویت؟ وتم بەڵێ، دووبارە وتیان ئەی سەربازە مەئمورەکە کوا؟ دووبارەم کردەوە بۆیان کەمەوعیدمان هەبوە و نەهاتوە و ئەوا خۆم هاتووم؟ کابرا زۆر سەری سوڕمابوو!بردمیان لە ژورێکدا نزیکەی ٣ سەعات چاوەڕێم کرد و هیچیان لەگەڵم نەوت! (کتابێک) یان دایە دەستم و وتیان

برۆرەوە بۆ وەحدەکەت، بەدڵخۆشی هاتمە دەرەوەو بە دەرفەتم زانی نوسراوەکەیان مۆری سوری ئیستخباراتی پێوەیە و زاڵگەکان ناوێرن بیکەنەوەو سەیری بکەن و ئەگەر وتیان ئەم نوسراوە چیە؟ دەڵێم بە مەئموریەت دەرچووم، بڕیارمدا هەفتەیەک مۆڵەت بەخۆم بدەم و بۆ پشوو گەڕامەوە بۆماڵەوە، پاش هەفتەیەک چومەوە وەحدەکەم ئەفسەری تەوجیە سیاسی و ئەمنی مەعەسکەر بانگی کردم و بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە، تێر پێکەنی، وتی ئەو سەربازەی مەئموریەتی جێ هێشتوە و تۆش بەو بێ گرفتی و دڵپاکیەتەوە ڕزگارت بوە، دەنا وەڵڵا تۆ بە دەستگیرکراوی نێردرابویت.خوای گەورە لەو بەڵا سەختە ڕزگاری کردم، وەگەڕنا بەرگەی سزا و تەعزیبی ئەو ستەمکارانەم نەدەگرت. پاش من سەرەی سەروەت کۆکۆیی هاتبوو، ئەم کوڕە بەسە زمانە ٢٥ ڕۆژ و شەو لە ژێر تەعزیبدا بوو، بە هۆی ئەوەی وتبووی کۆکۆیم و لەگەڵ هەموو تێ هەڵدانێکدا هەواڵی قادر کۆکۆییان لێ پرسی بوو؟!ئەویش هەر بە نازانم و نایناسم وەڵامی دابونەوەو دواتر ئازاد کرابوو.

گەڕانەوە بۆ داگیر کردنی کوەیت :

پاش گەڕانەوەی هەردووکمان (من و سەروەت) لە ئیستخباراتی عەسکەری، بە ماوەیەک لە سریەی مەقەڕفەیلەق دوو بارە

گـوێزراینەوە بـۆمەعمەل هەژدەی مەوقعـی بەسـرە، کە پێـشتر لەوێ سـەرباز بـووین، کـورد و هەڵەبجەییـان بەهـیچ شـێوەیەک لە مەقەر فەیـلەق قبـوڵ نەدەکـرد، نەیانـدەزانی چـۆن ئەو هەڵە بە سـەریاندا تێپەڕیـوە، ئامرەکەمـان گـۆڕا بـوو بەئەفـسەرێکی تـر، دەیویـست بمگوازێتەوە بۆ (بەهـو) چێشتخانەی ئەفسەرەکان، چـونکە بیستبووی نـانەوایی دەزانـم وکـوردم و نـوێژ دەکەم، حەزی لە دەسـتپاکی و ڕاستگۆیی کوردەکان بوو، بەڵام من حەزم لێ نەبوو نەڕۆیشتم، زۆر لـێم تورەبـوو، منـیش سەرسـەختانە ملەجێرەم دەکرد، چـونکە لە نێـو ئێمەی سەربازی کورد دا شـورەیی و نەنگی بـوو ببیتە موراسیل* و چێـشت لێـنەری ئەفـسەرەکان، ئەفـسەرەکە ڕقـی لـێ هەڵگـرتم و هەڕەشەی گواستنەوەی بۆ گۆڕەپانی مەرگی لێکردم.

لەم کـاتەدا سیاسـەتی نێـودەوڵەتی زیـاتر تـوند ببـوەوە بەرامـبەر ڕژێم و داوایان دەکرد سەدام سوپاکەی لەکوەیت بکشێنێتەوە، نەتەوە یەکگرتوەکـان بە بڕیـاری ژمـارە (٦٦١لە ٤ ئـابی ١٩٩٠)[1] گەمـارۆی ئابورییان بە سەر عێراقدا سەپاند و فشارێکی ئەوتۆی لە سـەر ڕژێم

*موراسیل :ئەو سەربازەیە کە خزمەتکاری ئەفسەربوو، هەرلە گۆڕەوی شۆردن و پێڵاو بۆیاخ کردنەوە هەتا جل ئوتو کردن و زۆر شتی تری بۆ ئەفسەرەکە دەکرد لەپێناو واجب نەگرتن و ئیجازەی زیاتر.

*نەتەوە یەکگرتوەکان لە سالی ١٩٩٠ تا سالی ٢٠٠٠ زاینی، ٥٣ بڕیاری دژی عێراق دەرکرد.

نەبوو، تەنها هاوڵاتیان زەرەرمەندی سەرەکی بوون، گرانی و برسێتی و قات و قڕی دەستی پێکرد و نرخی خۆراک زۆر بەرز ببوبەوە.

سەدامیش سوور بوو لە سەر ئەوەی کوەیت پارێزگای ١٩ هەمینی عێراقە و بەشێکە لە خاکی عێراق، زیاتر لە ٣٠ دەوڵەت بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سوپای پڕ چەکیان هێنایە خاکی سعودیە و خۆیان بۆ گورزی سەربازی ئامادەدەکرد، سەدام گرنگی ئەوتۆی پێنەدەدان، یاخود وای نیشانی عێراقیەکان دەدا کە هیچ بە خەیاڵیدا نایەت، گوێشی پێنەدەدان، لەم بگرە و بەردەدا بە فەرمانی ئامری وەحدەکەم کە ڕقی لێ هەڵگرتبووم بە هۆی ئەوەی نەچوومە (بەهو) ی ئەفسەرەکان، بڕیاری تۆڵە کردنەوەی جێبەجێکرد و گوازرامەوە بۆ بیابانی سەماوە، بەرامبەر سعودیە لە بیابانی حەفرولباتن، ڕۆژی دواتر فەرمانی گواستنەوە یان دایە دەستم و ناونیشانی وەحدەکەم وەرگرت، سوپاس بۆخوا لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەسرەم بە دوو چاو نەدیوەتەوە، ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/١٩ بە ڕێکەوتم بۆ وەحدە تازەکەم، ڕۆژی ١٢/٢٠ گەیشتمە سەماوە و دواتر بە ڕێکەوتم بۆ گوندێک بەناوی (بوسەیە) لە بیابانی حەفرولباتن، (بوسەیە) گوندێکی وشکی ناو بیابانێکی بێ بەزەیی بوو، جگە لە لم ودڕکی حوشتر خۆرە هیچی ترت تیا بەدی نەدەکرد، پاش نیوەڕۆ سەربازێکی وەحدەکەمان کە ئیسعافێکی پێبوو، هات بوو بۆ گوندەکە هەندێک پێداویستی بکڕێت، وتیان ئەوە ئیسعافی وەحدەکەیە و لە

گەڵی بڕۆ، سڵاوم لێکرد و خۆمم پێ ناساند، وتی وەرە لە گەڵم دەتبەم بۆ لای ئامری وەحدەکەمان، ڕۆیشتم بۆ لای ئامر وەحدەکەم، پاش خۆناساندن یەکەم پرسیار وتی، بۆچی نقڵیان کردویت بۆ ئەم بیابانە، نەموێرا بڵێم ملەجیڕەم لەگەڵ ئامر وەحدەکەم کردوە کە پلە سیەربازیەکەی عەقید بوو، ئامری ئەم وەحدەتازەیەم پلەکەی نەقیب بوو، ئەگەر بەو ملە جیڕەمی ب زانیایە یەکسەر دەیناردمە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بۆ کوژران، بە هەر حاڵ وتی بڕۆ ئەوراقەکانت تەسلیم بکە با موچەت بۆ ببەستن ودواتر بڕۆ بۆ مەفرەزەی وەحدەکە شوێنەکەیان لە گوندی (بوسەییە) دایە زۆردڵخۆش بووم، چونکە لەم بیابانە ناخۆشەدا زیاتر لە دوو سەعات بگەڕێیتەوە وەک دەستکەوت وابوو، ئێوارە گەیشتمە گوندەکە سەیردەکەم بیرێکی ئاوی تایبەت بە گوند نشینەکان بۆ ئاودێری حوشتر و مەڕو مالاتیان هەیە، بەڵام سوپا دەستی بە سەردا گرتبوو، تەنکەری ئاوی سەربازی دەهات وئاوی دەبرد بۆ وەحدەکانیان، گوندەکە پڕبوو لەسەربازی بێدەرەتان و هەموی تازە نقڵ بوەو کەس وەحدەکەی خۆیی بۆ نەدەڕزایەوە، دەمەو ئێوارە وتیان لە پشت ئەو خانوەوە خێمەیەک هەیە کوردی تێدایە بڕۆ بۆ لایان بەڵکو ئەمشەو جێگەت بکەنەوە. سەرمای ئەو بیابانە تاقەت پڕوکێن بوو، برسێتیش بڕستی لێبڕیبوم و پەنام برد بۆ خێمەکە، سەیرم کرد دوو سێ کوردی لێیەوجێیان نەکردمەوەو دەریان کردم، سەرمامە و برسیمە و بێحاڵ و بێزارم و

به زوڵم گوازراومەتەوە بۆ ئەم بیابانە وشکە، یەکەمجار بوو لەژیانمدا هێندە بەزەیم بە حاڵی خۆمدا بێتەوە، لە گەڵ کۆمەڵێک سەربازدا ئاگرێکی گەورەمان کردەوە و لە دەوری کۆبوینەوە، دار ودڕک نەما بوو بیسوتێنین وسەرمای ئەو بیابانەش یەکجار سەخت ودڕندە بوو هەرگیز لە چیاکانی کوردستاندا ئەو سەرمایەم نەدیبوو، بە ناچاری وتم ئەڕۆمەوە بۆ لای خێمەی کوردەکان هەرچیم کردبێت بە شەڕیش بێت ئەمشەو جێگەی خۆم دەکەمەوە، ڕۆیشتم وسەیردەکەم پڕبوەلە سەرباز ومنیش تکام لێکردن جێگەم بکەنەوەو ئەیانزانی سەرمای دەرەوە سەختە هەرچۆن بوو جێگەیەکی بچوکیان بۆکردمەوە و شەوێکم وەک سەگەکانی بیابانەکە بەڕێکرد، بەیانی ڕۆژ بویەوە ڕومکردە دوکانێکی بچوکی گوندنشینەکان هەندێک بسکیت و ڕاشی و (دبس)دۆشاوی خورما کڕی وخواردم، هەواڵی مەفرەزەکەم پرسی سەیر دەکەم کیلۆمەترێک دورەلە گوندەکە زۆر سوپاسی خوام کرد، لەمەفرەزەکەدا دووکوردی تری لێ بوو هەر زوو بوینە برادەرو هەمیشە بە چپە قسەی ئەوەمان دەکرد لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا ئاگادار و خەمخۆری یەکتر بین، یەکێک لەم کوردانە کوڕێکی سورکەلە بوو خەڵکی سورداش بوو، ئەوی تریان خەڵکی ماوەت بوو، بەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە، لە گوێنیەکانی (ساتر) دروستکردن دۆشەک و بەتانییەکم دروست کرد بۆ خەوتن و پشودان، هەر لە مەفرەزەکەدا کابرایەکی عەرەبمان لەگەڵ بوو، هەمیشە مات و مەلول

و بێزار و بێتاقەت دانیشتبوو، تاقەتی قسەکردن وهاوڕێیەتی کەسی نەبوو، زۆر جارئەڕۆیشتم بۆ لای و ئەمدواند، دواجارناخی دڵی بۆ کردمەوە، ئەم پیاوە لە ئەوروپا و لە خۆشترین شەقامەکانی هەنگاریا ژیاوە و بەڵام بە برینارێکی کت و پڕو سەرپێیی خۆی گەڕابویەوە عێراق و ئێستەلەم بیابانەدا تووشی خەمۆکی بوە و تاقەتی هیچی نیە، هەرچەند بیری لێدەکردەوە خەریک بوو شێت دەبوو، منیش تێر پێکەنیم لەگەڵ پێکەنینە خەمبارییەکەی ئەودا. ئەفسەری مەفرەزەکەمان کە پلەی مولازمی دووەم بوو هات و سەردانی کردین، زۆر تکام لێکرد بمخاتە ئەم وەجبەی ئیجازەکانەوە، چونکە زیاتر لە دوو مانگە ئینزار بووین و نەڕۆیشتومەتەوە، لەڕاستیدا وا نەبوو، بەڵکو برینارم دابوو کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەم بیابانە ڕزگارم بوو گەر سەریشم داناوە نەگەڕێمەوە بۆ سەربازی، پلانم دانا کەهاتمەوە لە گەڵ خوشک وبراکەم بە فیراری ڕوبکەمەوە ئێران، لەم برینارەدا سوربوم و لەو بیابانەدا کاتم دەکوشت، کزەبایەکی سەخت و تاقەت پڕوکێن عەرەبەکان پێیان دەوت (شەرجی) ڕوخسار و دەست وپلی شەقارشەقاردەکرد، پارەیەکی کەمم پێ مابوو دەمویست خەرجی نەکەم بۆ کاتی لێ قەومان و ڕاکردن لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا بۆ گەڕانەوەبەرەو سلێمانی پێم بێت، نزیکەی بیست ڕۆژ سەمونە وشکەی سەربازیمان بە ئاگر وهەڵمی ئاو نەرم دەکردەوە و لە گەڵ ڕاشی ودۆشاوی خورما (دبس) دەمانخوارد، هەندێکجار سەمونە

وشکەشـــمان دەســـت نەدەکەوت و دەڕۆیـــشتین لە بـــن دیـــوار و کەلاوەکانی (بوسەییە)دا پارچەسـەمونی کۆنە و پیسمان کۆدەکردەوە و نەرممـان دەکـردەوە ودەمـانخوارد. جەسـتەم وشـک و ڕوخـسارم ڕەش و نەخۆشی بەد خۆراکی شـەکەتی کردبووم و ئەمڕۆ و سبەی چاوەڕێی مەرگم دەکرد، ڕادیۆیەکی بچـوکی جۆری قیسارەم هەبوو شەوانە گوێم لە زەنگی بیگ بنی لەندەن دەگرت، بەردەوام هەڕەشـەی گـورزی سـەربازییان لە ڕژێمـی سـەدام دەکـرد، بەڵام سـەدام وەک ئەوەی دڵنیا کرابێت گورزی لێ نادرێت هەمیشە هەڕەشـەی کوشـتنی سـەربازە ئەمریکیەکـانی دەکرد و پاشەکشێ لە بەرنامەیـدا نەبـوو، لە ڕۆژی ١٩٩١/١/٤ مـوچەی مـانگی ١٩٩٠/١٢ م وەرگـرت و خـستمە گیرفـانم و چـاوەڕێی دەرچـوونی وەرەقەی ئیجـازەم دەکـرد، نیـوە شـەوی ٩/٨/ مـانگی کـانونی دووەم /١٩٩١ سـەیارەیەکی ئـۆرالّی سـەربازی هـاتە مەفرەزەکەمـان و نـاوی موجازەکانیـان دەخوێندەوە، خۆش بەختانە ناوی منی تێدابوو یەک هەفتە مۆڵەت درا بـووم، هێندە بەخێرایـی ڕامکرد بێرییەکەم لـێ جێمـا نەگەڕامەوە بـۆ هەڵگرتنەوەی، سوار بووم هەتا گەیشتمە ناو شاری سـەماوە ڕۆژ بوویەوە، گەیشتمە بەغدا ئـاهێکم پێدا هـاتەوە و کە گەیشتمەوە سلێمانی شـایەت ومـانم هێناو بڕیارمدا بە هیچ شێوەیەک گەر لە سێدارەش بدرێم فیرار بکەم و نەگەڕێمەوە، بڕیـار بـوو لە ١٩٩١/١/١٥ گـورزی سـەربازی لە ڕژێم بدرێت، ڕۆژی ١٩٩١/١/١٤ مۆڵەتی سـەربازیم تەواو بـوو، نەگەڕامەوە

بۆسەربازی و چاوەڕێم کرد، سەر لە بەیانی ١٩٩١/١/١٧ هێرش و گورزی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانان زۆر بەتوندی و دڕواری دەستی پێکرد و بەغدایان ئاگرباران کرد، دۆخی گشتی ڕژێم بە یەکجاری لە ناو خۆو لەسەر ئاستی دەرەوە شڵەقاو لاواز بوو، دەرئەنجام و لە ١٩٩١/٣/٥ ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمانی بە دوادا هات و ڕژێم لە کورستاندا بنکە و بارەگای پێچرایەوە و منیش لە فیراری و گەڕانەوە بۆسەربازی ڕزگارم بوو.

دوا پەیڤ:

گێڕانەوەی ژیاننامە و بیرەوەری بۆ دەرکەوتن وەک نەورەسێکی بێخەوش و پاڵەوان نیە، یاداشتکردنی ئەزمونەکانی ژیانە، بۆ پەند وەرگرتن و بەرچاو ڕونی هەنگاوەکانی ئایندەیە، بۆ ئاگادار بوونە لە گورگە چەمۆڵە ڕەشەکانی سەر ڕێگە، بێ بەشی لە سۆز و ئامێزی گەرمی دایک فێرت دەکات چۆن لە بەردەم پروشە وکڕێوەدا لانەیەک بۆ خۆ گەرمکردنەوە پێک بهێنیت، بێ باوکی فێرت دەکات پشت ئەستور بیت بەخۆت و بزانیت شەوانی ناسۆری ژیان هەرچەند درێژ بێت گۆنگی ڕۆژی نوێ دوا جار سەر هەڵدەدات، بەڵام بێ دایک و باوکی بۆ پەپولە پڕ بەرائەتەکان پشت شکێنن، سەمای مەرگە لە تاو بە سوێیی ئازارەکان، پەنجە نەرم کردنە لە گەڵ برسێتی و تینوێتی و نەخۆشی، دەردەکان پێکەوە وەک زریان و گەردەلول ڕۆحت شەکەت دەکەن، گرکانەکانی موسیبەت دەروازەکانیان دەکەنەوە، هاوکات

دەروازەیەکن بۆ بەهێز بوون، بۆ پشت بەستن بە خود و بێنیازی لە دێوەزمەکانی خەونی ژیان، بێ ناز بوون و بێبەش بوون لە هەر دوو ئامێزەکە فێرت دەکات ژیان ئاوازی مەرگە و کەس نیە گوێ لە گۆرانیەکانت بگرێت، بۆیە پێویستە خۆت هۆزانڤان و ئاوازیار و سترانبێژی ژیانی خۆت بیت، ئاوڕدانەوە بۆ دواوە بە تورەییەوە، ئاوڕدانەوەیەکە پڕ ژان وخەم وفرمێسک، لە هەمان کاتدا گوڕ دەداتە ئەژنۆکانم لە کاروانەکەدا بەردەوام بم و بەبە مەشخەڵێک بۆ جگەرگۆشەکانم بە دیدێکی ئەرێنیانەی ژیان دۆستی....

(الم یجدک یتیما فاوی، ووجدک ضالا فهدی، ووجدک عائلا فاغنی، فاما الیتیم فلا تقهر، واما السائل فلا تنهر و اما بنعمة ربک فحدث) سورە الضحی

(چما هەتیوێ بوی ئەو پەنای دای!دی گومڕایی و ڕێیی نیشاندای! لە هەژاری و کەمایەسی دەری خستی!سا تۆیش هەتیو مەڕەنجێنە، دەرۆزکەر مەتارێنە، تۆهەرباسی چاکەی پەروەردگارت بکە)

شەوی هەینی ۲۰۱۷-۱۲-۳۰/۲۹

پاشکۆکان

پیاسەی خامەیەک لە چرکەساتی شەهیدبونی هەڵەبجەدا* :

هەورامان و شرام سەری ماتەمی شنرۆی لە ئامێز دەگرن و دەست لەملانی بالامبۆ دەبن ولوتکەی سەرکەشی بەفری میری پێشیان دەکەوێت وچەپکێک گوڵی گوڵان و بۆنی ئەرخەوانی باوەکۆچەک هەڵدەگرن و ڕوومەتی بەهەناری سازان سوور بوی کانی عاشقان ماچ دەکەن و دەڕۆنە پیرمحەمەو پێش نوێژی یان بۆ بکات، خامەکۆڵ نادات و شەققەی باڵی دێت لە کوچە و کۆڵانەکانی هەڵەبجە دەگەڕێت و ئێسک و پروسکی شەهیدانی کۆدەکاتەوە و لە عەنەبەوە کەشکۆڵی خەمی هەڵدەگرێت و ڕۆحی مەلا عەبدولکەریم هەڵدەگرێت و لە گۆڕەپانی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندندا بۆینباخێکی جوان بۆ مامۆستا ڕەسوڵ و مامۆستا توفیق و هیواحیلمی دەبەستێت و تۆپێکی یاری دەداتە قاچە بلیمەتەکانی کاکە تەهای وەرزشکار گوڵێک لە دوژمنانی مرۆڤایەتی تۆمار دەکات و گوڵێکی ڕازاوە دەداتە بەرۆکی مامۆستا بەکری هونەرمەند و

---

*ئەم وتارە لە گۆڤاری خەزان، ژ مارە ٦، بەرواری ٢٠٠٣/٣/١٦ مەلبەندی پێنجی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتوو بلاو کراوەتەوە.

شیعرەکانی جەلال عازەبانی شەقامەکان گۆلاو پژێن دەکات و چاوی پاسەوانی و شەونخونی عومەری خاوەر لە قوتابخانەی سەرخێل ماچ دەکات و ماندو نابێت و ڕوو دەکاتە مالّی سەید لەتیفی نانەوا کاکە شاخەوانی ئیماندار وەڕێ دەخەن بەرەو مالّی حاجی مەولودی دوکاندار و لە حوزوری شێخ سەیفەدیندا پشوویەک دەدەن و ماندو نابن، منداڵە چاو گەشەکان و مامۆستا ئەدیبە و کچە داوێن پاکەکان وەگەڵیان دەکەون و دەچنە مالّی کاک موستەفای ئەحمەد بەهەشتی و دەبنە میوانی ئازیزی بەهەشت و لەحوزوری پەروەردگاردا دەبنە شاهید بە سەر تاوانی فیرعەونی سەردەم و نەفرەت لەو دەستە چەپەڵانە دەکەن کە سیانیدو خەردەل بە دیاری دەنێرن بۆ منداڵە بێتاوانەکانی هەڵەبجە و کوردستان و پێکەوە هەڵەبجە دەکەنە ناسنامەی کورد

فرۆکەوانەکانیش تاوانبارن* :

هەڵەیەکی کوشندەیە گەر کارەساتی هەڵەبجە لە شەهید بوونی پێنج هەزار مرۆڤدا قەتیس بکەین و سالانە بە فلوت و لاواندنەوە ئەو بیرەوەریە بەڕێ بکەین، چونکە هەڵەبجە زامێکی بەسۆی ویژدانی مرۆڤایەتی یە کە تاهەنوکە بێ دەنگن بەرامبەر ئەو مرۆڤ کوژانەی دەستیان هەبوە لەم تراژیدیایەدا، سالانە و ڕۆژانە هاوار کردن و کاس کردنی خەڵکی لەسەر ئاستی ناوخۆ بە تەنها تا ئەمڕۆ ئەو قەوانەیە بۆتە تەقلید لە دەرگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی و حکومی دا، بەڵام لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا هەنگاوی جدی و یاسایی نەنراوە بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەنجام دەران و هاوکارانیان و کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکانی چەکی کۆمەڵ کوژ، کە بە دادگایی گەیاندنی ئەو مرۆڤ کوژانە سەرەڕای ئاسودە بوونی ڕۆحی مرۆڤە شەهیدەکان و پشووی دەرونی گیانی کەسوکاری قوربانیان قەرەبوو کردنی مادی و مەعنەوی بۆ خەڵکی هەڵەبجە وە دەست دێت. تا هەنوکە کوردو دەسەلاتی کوردی نەیتوانیوە دۆسیەیەکی یاسایی تۆکمە ئامادە بکات و پێشکەشی دادگای دادی نێو دەوڵەتی بکات هەروەک ئەوەی فەلەستینی یەکان هەنوکە سەرقاڵینی بۆ دیوارە کۆنکرێتیەکەی

---

*ئەم وتارە لە گۆڤاری خەزان، ژمارە ٧، بەرواری ٢٠٠٤/٣/١٦ مەڵبەندی پێنجی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتوو بڵاو کراوەتەوە.[١]

زایۆنییەکان، تۆ بڵێ ی دەسەڵاتی کوردی و یاسا ناسانی کورد بێ ئاگابن لە یاسا نێودەوڵەتی یەکان و نەتوانن لە یەکێک لەو مەحفەلە دەولی یانەدا ئەنجام دەرانی ئەم مەرگە ساتە بەسزای ڕەوای خۆیان بگەیەنن، بێ گومان دەستەیەک لەوانەی کە دەکرێت دادگایی بکرێن و -یا وەک شاهیدێک دژی دکتاتۆر و عەلی کیمیاوی بەکار بهێنرێن، فڕۆکەوانەکانن کە ئەو مەرگەساتەیان خولقاند، بێگومان ئەوانیش بەرپرسن و ناکرێت چاوپۆشییان لێ بکرێت.

چونکە فڕۆکەوانەکان لە هەموو کەس باشتر هەڵەبجەیان دەبینی، کە تەنها خەڵکی بێ گوناهی تێدا بوو، دەیەها و هەزارەها مرۆڤیان دەبینی لە دەشتی عەبابەیلێ و عەنەبدا بێ دیفاعانە هەڵدێن و بێ پەنا خۆیان حەشار دەدەن. ئیتر بۆ دەبێت ژەهری کۆمەڵ کوژ ببارێتە سەر منالّی ناو بێشکە؟ ئایا نە دەکرا پشت هەڵکەن و فەرمانی دکتاتۆر بە جێنەهێنن و ئەو تاوانە ڕەشە ئەنجام نەدەن؟ بۆیە دەبێت دەسەڵاتی کوردی بەڵگە پێویستەکانی کۆکاتەوەو ناوی فڕۆکەوانەکان و ئەفسەرە بەرپرسەکانی فڕۆکە خانەکان بە تایبەتی فڕۆکە خانەی کەرکوک سازو ئامادە بکات بۆ دادگایی کردنیان یاخود وەک شاهیدێکی زیندوو دژی دکتاتۆر بەکار بهێنرێن.

فڕۆکەوانەکان گەر کەمێک دڵ و ویژدانیان هەبوایە خۆیان دەهاتنە سەر شاشەکانی تیڤی ڕاستی کارەساتەکەیان بۆ جیهان دەسەلماند، یان وەک فڕۆکەوانەکەی کە کارەساتی هێرۆشیمای خولقاند خۆیان دەکوشت، یاخود داوای لێبوردنیان لە هەڵەبجە و گەلی کورد دەکرد، کە ئەمە کەمترین هەستێکی مرۆڤانەیە، لە ڕەهەندێکی تر ەوە

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لەمەڕ خۆمان ئایا هەوڵیان داوە چاو پێکەوتن لە گەڵ ئەو بەرپرسانەدا بکەن کە ئاگاداری ئۆپەراسیۆنە سەربازی یەکانی ئەو کاتەن؟ پاساوێکی بێ مانایە گەر بوترێت تیرۆر دەکرێن، بۆیە ناوێرن بدوێن، گەر ئێمە نەگەڕێین و نەیان دوێنین خۆیان دەشارنەوەو هەڵدێن و بزر دەبن و بزر دەکرێن، دواجار کەم نین ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە ئەگەر سەدام و عەلی کیمیاوی ئەم بڕیارەیان دەرکردبێت کە هیچ گومان لەم ڕاستیەدا نییە، ئەوا ئەنجام دەرانیش کەم و زۆر تاوانبارن و پێویستە ڕاپێچی دادگاکان بکرێن ! بەڵام هەڵەبجە ئاوازی مەرگێکەو سالانە لە ٣/١٦/ دا لێدەدرێت بێ دۆست و بێ گوێگر و بێ خەمخۆر.

ابعدوه عن حلبجه* :

اثارة مسالة اعدام علي الكيمياوي في مدينة حلبجة زوبعة في الشارع الكوردي، فذوي العقلية القبلية الذين يرون الامور بخلفية عصبية و قبلية يرجون الاتيان به الي حلبجة واعدامه امام مراي ومسمع من الناس اشباعا لغريزة الانتقام التي تكسو عقليتهم ولاشعورهم فالانسان المتعصب القبلي لا يهمه شئ سوي الانتقام مهما كان الثمن ولكن لونظرنا الي المسالة منطقيا وبعقلية مدنية تهفو الي تحقيق العدالة وتطبيق القانون واحقاق الحق فان مسالة اعدام علي الكيمياوي في حلبجة تضر بقضية حلبجة وأهالي واحبة شهداء حلبجة، فمسالة استعمال الاسلحة الكيمياوية في حلبجة ليست مسالة مدينة او اشخاص، بل القضية قضية شعب ذاق كل انواع الذل والمهانة من اجل نيل الحرية والاستقلال، فحلبجة رمز مقاومة شعب ارادت الدكتاتورية مسحها من الوجود، وباعدام ذنب من اذناب الدكتاتور وتعليق جثته في حلبجة نسئ للقضية ونصغر القضية من مسالة دولية الي قضية محلية و داخلية بين شعب وحكومته، ان العقلية التي تحاول الاتيان بعلي حسن المجيد واعدامه في حلبجة عقلية يغلب عليها قصر النظر ولاتمتلك رؤيا واستراتيجية لقضية شعبها.

---

* نشر هذا المقال في جريدة الافق، العدد٢٠٩ الثلاثاء ٢٠٠٧/٧/٢٤

ان سيناريوهات اعدام علي الكيمياوي في حلبجة لا تتعدي ثلاث احتمالات او سيناريوهات اولها : الاتيان به في ليلة متاخرة وفي غفلة من اهالي حلبجة واعدامه، هذا السيناريو لا يغيير من المسالة شئ سواء اعدم في حلبجة او في مكان اخر

السيناريو الثاني : دعوة لفيف من شخصيات ومثقفي حلبجة لمشاهدة اعدام الجلاد، نري بان شخصيات ومثقفي حلبجة اكثر ذكاء ممن يريدون قذفهم في هاوية الانحطاط كي يباركوا شنق اي احد.

والسيناريو الثالث الاكثر احتمالا اعدامه علي مراي ومسمع من اهالي حلبجة المنكوبين المجروحين المظلومين، وقد يصعب علي الانسان ان يتمالك نفسه في تلك اللحظات العصيبة، عندئذ تظهر اهالي حلبجة في الاعلام العالمي وكانهم ذئاب متعطشون للدماء وقد نسيئ الي صورة الكورد امام الراي العام العالمي فنرتكب الخطا الذي ارتكبه البعض اثناء اعدام صدام، فالسيناريوهات الثلاث غير مقبولة علي الاطلاق. وعلي الصعيد الداخلي فان لعملية الاعدام افرازات سلبية جمة تجسيد لتقاليد العصبية القبلية التي تعشق الانتقام ويغلب علي تفكيرها الحقد والكراهية والغريب هذه المرة ان السلطة هي التي تبارك عملية الانتقام. واهالي حلبجة منذ سنين عديدة اكتووا بنار المناوشات القبلية والقتل والانتقام نولاتزال هناك قضايا انتقام عالقة لم تحل وهي بانتظار الخيرين ليحلوها، وفي نفس الوقت هناك عقليات قبلية تتربص لتنتهز فرصة لديمومة الجرائم، اهالي حلبجة لايريدون ولا يتمنون

الاتيان ب (علي حسن المجيد) لاعدامه في حلبجة لن تهنأ روح الشهداء واهالي الشهداء بتعليق جثته ليس مهما اعدام ذيل من اذيال الدكتاتورية بل المهم ان نتحدث عن الثقافة التي تربي وتنشئ العقلية الدكتاتورية فهناك المئات من المجرمين علي شاكلة علي حسن المجيد واري بان جلادي الفساد الاداري الذين ينهبون ثروات الشعب وحليب اطفال حلبجة ليسوا باقل جرما وبشاعة من المجرم علي الكيمياوي، فالظلم ظلم وان اختلفت الوسائل والنوايا والاهداف، جراح اهالي حلبجة وقضية حلبجة لن تندمل الا بالاعمار، حلبجة تعلمنا حب الحياة والاعمار والتسامح باعمار البيوت المهدمة وعادة الخدمات الاساسية والضرورية نعبر عن حبنا ووفائنا لشهداء حلبجة واهالي حلبجة بدلا من جثة المجرم فلناتي بثروات المجرمين والدكتاتوريين لنبني مدرسة ومستشفي وحديقة ومركزا علميا لشباب حلبجة ولنعالج جرحي الاسلحة الكيمياوية بصدق واخلاص. الجلادون والمجرمون ياتون ويذهبون ويقتلون فتلقفهم مزبلة التاريخ وتبقي الشعوب التي تحب الحياة وتعشق الحرية وتكرس مبدأ التسامح وتهتم بالعمران، هذا يخدمنا ويخدم قضيتنا وليس الانتقام والقتل.فرجاء ابعدوه عن حلبجة.

چیرۆک لەیادی هەڵەبجەدا :

پێناسی ستەم*

(لەخەونمدا تۆفان و گەردەلوولێکی ئێجگار بەهێز لە دامێنی شنرۆ وە بەرە و ئێرە دارەوەن و پوش و پەڵاش و تەپ و وشکی لولدا باڵی ڕەشی بەسەر شاردا کێشا، بەردی بناغەی خانوەکەمان ئاو بردی) ساتەکانی دوا هەناسە ئەمەی ووت، جەستە ساردبوەکەمان هەڵگرت هاڵاوێکی گەرمی لێ بەرز دەبۆوە، گریانێکی بەکوڵ لەگەروتدا تاسێنرابوو.

کڕێوەو سەرما بارگەی دەپێچایەوە، بەفرانبار دەس لەملانی ڕێبەندان بوو لە ماڵئاوایی کردندا، ڕەشەمێ پێگەی چۆڵ کرد بوو بۆ وەرزی نەورۆز و گوڵان، گوڵاڵەو وەنەوشە تازە گۆرانییان دەوت، بولبولەکان ئاوازی بەسۆزیان دەچڕی، زەوی بەرگی ژیانەوەی دەپۆشی، باخچە ڕازاوەکانی شار مژدەی ڕابونیان دەبەخشی، شار ژان دەیگرت و هەوڵی لە بار بردنی کۆرپەی درا، دوو ئەژدیهای

---

* ئەم ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری پەیامی ڕاستی ژمارە ٥٥ لە نیسانی ١٩٩٩ محرم ١٤٢٠ بەشی چیرۆک لا ٧٦، بڵاوکراوەتەوە.

شەرزە دەمیان داپچڕی بوو بۆ لوشدانی شار، بێبەزەییانە هەوڵی سوتماک کردنی درا، مەرگەساتێک لاشەی سوتاو و مرۆڤی تاساو و کوێر ئاوێزانن، گۆڕستانێک هەزارانی لوش دەدا، ئازاری سەخت و تونێتی و برسێتی و سامناک ترین شێوازەکانی مەرگ دەبینرا، شار خاموشە، بووەکان کردیانە لانە، مەرگ بەرۆکی هێندێکی نەگرت، شیو و دۆڵەکان و چیاو گونـدە خاپورکراوەکان ئامێزی میهرییان بۆ کردینەوە، بیرەوەرییەکی تاڵە لەمەی ئێستە گەلێک تاڵترە، سەمەرە لەوەدا بوو برادۆستیەکانی شارەزوور دمدمیان لەیاد کردبوو، هەندێک بەگڵ خۆیان دەشوشت نەک گڵاوی ئەمدیو بەرنە خاکی پاکی ئەودیو، لە نەستدا گورگ و مەڕ لەخاکی ئێرە پێکەوە ئاو دەخۆنەوە، ئەندێشەیەکی ئەفسوناوی ئامێز، پاوانکردنی مرۆڤەکان ئەرکی دەمامک پۆشەکانی ئەم دەڤەرەن، درۆ سیمای شارستانی ئەم مەملەکەتەیە، ئەوی ئێستا ڕوو دەدات خەونەکەی تۆیە بابەگیان، تەنانەت لە تاراوگەکەدا ڕەحمیان پێنەکردیت، جێ قامکی زۆردارەکان بەجەستە و پەیکەرە شەقاربوەکەتەوە دیارن، نەیانهێشت پرسینەت هەوا هەڵمژیت، وادەزانم خاک ڕێزت لێدەنێت، وەک دایکێکی بەسۆز لەئامێزی پڕ میهری گرتویت، تۆ لەخۆیدا دەتوێنێتەوە، ئەو لە تۆیەو تۆش لەئەویت، لەئامێزت دەگرێت بۆ ئەوەی چیتر نەبیتە نێچیرو خۆراکی گورگە کەڵبەدارەکانی مرۆڤایەتی، جەستەکەت بەدەم گورگەوە نەبێت، تەنانەت ئەو درندانە لەم حاڵەتەی تۆ تۆقیون، دڵنیام

ئێستە ئاسودەیت، ترست لەئاینـدە نـیە، گـورگ نەمـاوە، کاتێک گیـان بالاپۆشی جەستە ماندوەکەت بوو زوخاویـان دەکردە دیـاری، ژاکایت تۆ بۆ ژیـانێکی ئاسـودەیی باشیت، لەم جەنگەڵی تراویلکەیەدا نامۆیت نـامۆ، لە یـادمە بـۆت دەگێڕامەوە، (ڕۆڵە مـن ئەمـانە دەناسم ئەزمـونی سـاڵانی دێرینم دێتەوە یـاد، بەخوێنمـان تینـون، سـاڵانێک لە گەرمەی دۆسـتایەتیدا پـشتیان هەڵکـرد) بەهـۆنراوەیەکی پڕجۆشـی خـۆت مەرگەسـاتی دێرینـت دەوتەوە، تێنەدەگەیـشتم، هەتـا کەپـوم نەیـدا بەبەرددا بڕوام نەکرد،

چرکەکانی گیان ئاوابون بواریـان نەدایت: ئەگەر ئـابڕوی کوردانە قەیدی نیە تیـاچووم!! لێرەشـدا خۆنەویستیت کردە مەشـخەڵێک گیـان بەخشین لە پێناو بەها بالاکاندا شانازییە، بریـا وا دەبـوو شـڕە خـۆر و چەوت و چڵێس سیمای کوردان دەشێوێنن، پـاش کـاول کـاریەکە وەک قەلەڕەش و داڵ بەر بوونە جەستە شەکەتەکەی شار، سۆزیان بۆ ئەو کـۆڕپە نەسـوتا لەژێـر زەمینـەکەدا تاسـێنرابوو، هەنگاویـان بەسـەردا دەناو مەمکە مژەی شیرەکەیان بەتاڵان بـرد، لێرەش بەرۆکی گەلەکەم بەرنـادەن، ئـاژاوەو هەرایەکـی گەورەیـان دروستکرد لەپێناو دوو چڵ داری بێنـرخ، بەد لەکـورد نابڕێـت، نەڕەیەک بەئاگـای هێنـایەوە : گەر ئێرەتـان بەدڵ نیە بگەڕێنەوە (ئێرە تـاراوگەیە زیندانە یـا کەمپی پەنـا بەرانە، باسـتیل بەئێـرە دەچێـت، تەل و سـوپایەکی شـپرزە ئـابلۆقەی کەمپیـان داوە، تفەنگەکـان لە ئامادەباشـیدان نالەیـان بێـت کەخـۆر

هەڵدێت تیشکی بەسەر کەمپدا پەخش دەکات بێباکانە لەئازارەکان و ڕەوتی کاروانی خۆی تێک نادات، هێدی هێدی لەزاڵگەی هاتوچۆ لە دەروازەی کەمپەوە دەست پێدەکات، لەکەمپدا بازاڕێکی بچکۆلانە بە دی دەکرێت، لەبەشی ڕاستەوە خێوەتگەکە کراوە بە دوو بەشەوە، لە نّاو خێوەتگەکەدا هاڵاوی ناخۆش و بڵقی گەرمای گوڵان ئارامی دەوێت، بانگەواز بۆ کۆڕپە ونبوەکان و بێ بەشکراوەکان لەمیهری دایک دیمەنێکی تری ڕۆژانەی مەرگەساتەکەیە، زۆربەیان نائومێدانە دەمانەوە، کەجوڵەو ژیان دەکەوتە کەمپەکەوە، خەڵکی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەبازاڕەکەدا بە هەڕاج کردنی ماڵەکانیان دابین دەکرد، نەوەکانی کۆرش دەهاتن بەنیوە نرخ مەزەندەیان دەکرد و دەخەمڵاند، تەنانەت هەندێک جار بازاڕی دەیان ڕوانیە ژنە ڕەش پۆشەکانی مەملەکەتی خوێن، ناسۆرە ناسۆر، سەرهەنگە نابوتەکە دووبارە نەڕاندی : بەسانایی بە سەرتاندا تێناپەڕێت لێکۆڵینەوە دەکەین، ئەم لاشە ساردانە بگەیەنن نەخۆشخانە

پێویست ناکات ئێمە تۆڕی شکستمان بۆ خۆمان چنیوە، ڕێم بدەن دەمی پڕ بکەم لەخاکی گوڵان و باڵامبۆ، هەوارگەی باوباپیرانی لوتکە سەرکەشەکانی بەفری میریە، ئێوەو ئەرتەشی ئێوە هەڵەناکات تیرئەندازیتان بۆ ئاسمانکردوە، ئێمەی کورد سەر بە ئاشوبین سەرمان داوەتە بەر گوللەکانتان، چ نەبوە خوێنی دوو کورد ڕژاوەو بەس! مانگێک لەمەوبەر هەزاران گوڵی تەمەنیان ژاکا، سەدان

خانەوادە هەتیو کراون، ئێمەیش وەک ئەوان دەیان دایک جەرگ بڕا دایکـی ئـێمەش وەک ئەوان، دوا هەناســە لە گەرویـدا بـوو ســەری بەرزکردەوە : فرمێسکت بسڕە یەکەم کوردێک نیم بێتاوان بکوژرێم بمگەڕێنـنەوە شـارەکەم، بـۆنی گـوڵ و نێرگـز و وەنەوشـەی گـوڵان هەڵمژم بە ئاسودەیی ڕاکشێم، هەوای ئەم داگیر کەرە نوێیانە سینەی پیسکردوم، دەمەوێت پـاک ببمەوە، گڵکـۆی مـن پێناسـە بێت، سـڵاو لەئامێزی ه..ه...لە..ب..جە

سوپاس و پێزانین:

زۆر سوپاس و پێزانینی ئەم بەڕێزانە دەکەم کە هاوکارم بون هەریەک بەشێوەیەک لە سەرکەوتنی بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە و هاوکاریەکانی ئەوان نەبوایە بەم شێوازە جوانە دەرنەدەچوو:

١- کاک سەرخێڵ غەفار بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە

٢- مامۆستا ئاوات عومەر صالح بە هەندێک لە وێنەکان هاوکاری کردم.

٣- کاک ئومێد حەسەنی ئامۆزام.ماندوو نەبوو لەهاوکاری کردنم

٤- کاک فەهمی برام.بە بیرخستنەوەکان هاوکارم بوو.

٥- مامۆستا لەیلاهادی هاوژینم بە نوسینەوە و هەڵەچنی هاوکارم بوو.

٦- مامۆستا عەبدولڕەحمان (مەلا عەبدول) وهاوسەری بەڕێزیان.بەهەندێ لەبیرخستنەوەکانی گردەچاڵ هاوکارییان کردم

نووسەر لە چەند پەیڤێکدا:



-ساڵی ١٩٦٧ لە هەڵەبجەی شەهید لەدایک بووە.

-ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردوە.

- ساڵی ١٩٩٧- ١٩٩٨ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردوە.

-ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

-ساڵی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ ماستەر لە مێژوو، لە الجامعه الحرة في هولندا- مکتب کرکوک

-ئێستە سەرپەرشتیاری پەروەردەیە لە پەروەردەی ڕۆژهەڵات- سلێمانی

***خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:**

- الحرب الکورية ١٩٥٠ - ١٩٥٣، الاسباب والنتائج (ماستەرنامە)

-دیوانی باوەخەمان، کۆکردنەوەو ئامادەکردن

-مێـژووی شـــاری دەربەنـــدیخان لەدامەزرانـــدنەوە تـــا چرکەســـاتی ڕاپەڕین

-کەشکۆڵی ڕۆنامە نوسێک، کۆکردنەوە و ئامادەکردن

- بەهاوبەشی وەرگێڕانی بەشێک لە کتێبی (المراه والعمل السیاسی، رؤیة اسلامیة)

-هۆگری باوەڕداران، پاک نوسی و پێداچونەوە.

-خاوەنی دەیان چاوپێکەوتن و گوتار و لێکۆڵینەوەی تـرە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا.

Yassin R. Osman

The Tone of Death

A Halabjan's dance with the scent of apple

ئەم کتێبە:

بەرهەمێکە وەک بەڵگەیەکی دیکۆمێنتاری پشت بەست و بەیادگارو سەرنجەکانی شاهید حاڵێکی پڕهەستی هەناو قرچاو، دێتە هەڵسەنگاندن.کە چێژ لە نمایشی سادەی ڕاستیەکانیدایە .نووسەر قۆناغێکی کۆچی تراژیدی ئاساو زۆرە ملێی شارێکی کوردانی تۆمار کردوە. جێی خۆیەتی ئەم سەرهەڵگرتنەی هەڵەبجە بە خاک و خەڵکیەوە بە (کۆچی ناوادە) ناوزەد بکرێت، ئەگەر بە خامەی چەند سەربازێکی ونی تر پێکەوە تەواوی مەشهەدەکە نمایش بکرێت، ئەوا کۆچەکە وەک داستانی کارەساتێکی نەتەوەییمان دێتە ئەژمار کە لە سەدەی بیستەم و تا هەنوکەش ئاوازی مەرگ دەچڕێت ودەچڕێت!

صادق شێخ عوسمان سازانی

The Tone of Death, A Halabjan's dance with the scent of apple, is orchestrating the bitter and sour taste of melancholia mixed with misery and feelings of betrayal inside the small town of Halabja pre and post the atrocious chemical bombarding, showcasing the predicaments came into existence by a savage regime. When you read the book, you feel like you're reading a bestseller novel. More than a mere biography... it's an unbiased and impartial recording of the history of a city and a tragedy that is ignored by oblivious eyes of the world.

Azhi Yassin Rasul